پەیامی تەبووکی

نووسینی

ابن قیم الجوزیة رحمه الله

وەرگێڕانی

پشتیوان موبارەك كەریم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

نەزگای چاپ و پەخشی ئاوێن

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

پەیامی تەبووکی

بەرەو نەوەیەکی هۆشیارتر

ناوی کتێب: پەیامی تەبووکی.

نووسینی: پێشەوا ئیبن قەییمی جەوزی(رحمه‌الله) .

وەرگێڕانی بۆ کوردی: پشتیوان موبارەك کەریم.

نۆرەو سالّی چاپ: یەکەم، ٢٠٢٣.

پەیامی تەبووکی

نووسینی

پێشەوا ئیبن قەییمی جەوزی(رحمه‌الله)

وەرگێڕانی

پشتیوان موبارەك كەریم

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی ناوەندی چاپ و بڵاوکەرەوە

سوپاس بۆ پەروەردگاری جیهانیان، گەواهی دەدەم هیچ خوایەك نییە جگە لە (اللهﷻ)، تاك و تەنهایە و هیچ هاوبەشێکی نییە. هەروەها گەواهی دەدەم (محمدﷺ) بەندە و نێردراوی ئەو خوایەیە. (درود و سڵاو لەسەر خۆی و هەموو خزم و کەس وکاری و هاوەڵانی بێت).

* پاشان: نامیلکەیەکی بەنرخی بەجێماوی پێشەوای زانا ئیبن قەییمی جەوزیمان لەبەردەستدایە (رحمه الله). ئەم نامیلکەیەی لە ناوچەی (تەبوك) لەساڵی (٧٣٣ك) دا نووسیوە و ئاڕاستەی هەندێك لە هاوڕێیانی کردووە لە وڵاتی (شام). هەر لەبەرئەوەشە پێیدەوترێت (پەیامی تەبوکی)، چونە لە ناوچەی (تەبوك) نووسیویەتی. دانەر (رحمه‌الله) لەم نامیلکەیەدا ئاماژە بە شڵۆقەی ئەو فەرموودەیەی خوا (ﷻ) دەکات دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٢)﴾. (المائدة:٢). پاشان ڕوونی دەکاتەوە ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو بەرژەوەندییەکانی دنیا و دواڕۆژی مرۆڤ لەخۆدەگرێت. لەدوای ئەمەش ڕوونی دەکاتەوە مەزنترین هاریکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی (البرِّ و التَّقوی) هاریکارییە لەسەر بەدیهێنان و ئەنجامدانی کۆچی ڕاستەقینەش بریتیە لە کۆچ بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). پێویستە ئەم کۆچەش بە دڵ و زمان و هەموو ئەندامەکانی جەستە بێت، کە بەهۆیانەوە بەندایەتی بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان ئەنجام دەدرێت و یەکخواناسی (توحید) ی بەندە بۆ خوای خۆی (ﷻ) ڕاست و دروست دەبێت.

لەبەرئـەوەی ئـەم نامیلکەیـە ڕاسـتی و دروسـتی ئـەو یەکخواناسـییە ڕوون دەکاتەوە لە بەندە داواکراوە و ئامـانجی بـەدیهێنان و ئافراندنی مرۆڤیشـە، شـایانی بڵاوکردنـەوە و لێکۆڵینـەوە و گرنگـی پێدانـە. هـەر لەبەرئەوەشـە چـەندان جـار ئـەم نامیلکەیە چاپ کراوە. یەکەمین چاپیشی ئەو چاپە بوو (عبدالظاهر أبو السَّمع (رحمـه الله) کاری پێداچوونەوەی بۆ کردووە و لە چاپخانەی (السلفية) لە شـاری (مەککـە) ی پیرۆز لە سالّی (١٣٤٧ك) چاپ کراوە. پاشان چاپەکانی دیکەی بەدوادا هات، لەوانەش چـاپێك بـە ناونیشـانی (زاد المهـاجر الی ربـه). چـاپێکی (د.محمـد جمیـل غـازی (رحمه‌الله)، کـە کتێبخانـەی مـەدەنی لـە شـاری (جـدە) بـڵاوی کردووەتـەوە. لەگـەڵ چاپێکی (شێخ سلیم الهلالی) لە سالّی (١٤١٩ك). پاشان چاپێکی (دار عالم الفوائد) لە شاری مەککەی پیرۆز، کە (محمد عزیـز شمـس) لێکۆڵینـەوەی تێـدا کـردووە و لـەژێر سەرپەرشتی (شێخ بکر بن عبدالله أبو زیـد–رحمـه‌الله) بـووە. لەوانەیـە ئـەم چـاپەی کۆتـایش باشـترینیان بێـت، لەبەرئـەوە لـە دەرهێنـانی ئـەم چـاپە نوێیـەی لـە بەردەستماندایە پشتمان پێ بەستووە و ناوەندی (تبصیر) ئـارەزووی بڵاوکردنـەوەی کرد وەك بەشداری کردنێك لە خزمەتکردنی ئەم نامیلکە بەنرخەدا. بە یارمەتی خواش (ﷻ) سوود و قازانجی هەموو لایەك دەگرێتەوە.

* بەم شێوەیەی خوارەوەش کار لەسەر ئەم چاپە کراوە:

* یەکەم: پشتبەستن بە چاپی "دار عـالم الفوائـد" لـە دڵنیابوونـەوەی دەقـی نامیلکەکە.

* دووەم: پێداچوونەوەی نامیلکەکە لەڕووی زمانەوانییەوە.

* سێیەم: لێکۆڵینەوەی فەرموودەکان بەکورتی، لەگەڵ باسکردنی ڕای زانای پایەبەرز (ئەلبانی– رحمەالله) لەبارەی فەرموودەکەوە، ئەگەر لە چوارچێوەی فەرموودە ڕاستودروستەکانی (بوخاری و موسلیم) دا نەبوون.

* چوارەم: جێگیرکردنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز لەسەر وێنەی (عثماني). پاشان خستنە شوێنی ڕاست و دروستی خۆیان لە قورئانی پیرۆزدا. (واتە تەواوکردنی ئایەتەکان و نووسینی ناوی سورەت و ژمارەی ئایەت).

* پێنجەم: نووسینی ژیاننامەیەکی کورت و پوختی زانا و کەسایەتییە نەناسراوەکان.

* شەشەم: ڕوون کردنەوەی واتای هەندێك وشە و زاراوەی نامۆ.

* حەوتەم: نووسینی ژیاننامەیەکی کورت و پوختی دانەری نامیلکەکە پێشەوا (ئیبن قەییم– رحمەالله).

هەشتەم: دانانی سەردێڕ لە ناوەڕاستی هەر بەشێکی نامیلکەکە. بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتری واتاکەی لای خوێنەر و ئاسانکاری گەڕان بەدوایدا لە پێڕستی نامیلکەکەدا. هەروەها ئەم سەردێڕانەمان لەنێوان دوو کەوانەدا داناوە.

داواکاریشم لە خوا (ﷻ) لە کەمتەرخەمی و تاوانەکانمان ببوورێت و بەم کارەشمان سوود بە ئێمە و هەموو موسوڵمانان بگەیەنێت. چونکە هەر ئەو بەسەر هەموو کاروبارێکدا بەتوانا و دەستڕۆشتووە. هەر ئەویش جێی گومانی باشی ئێمەیە و باشترین کار پێسپێردراوە.

درود و سڵاویش لەسەر پێغەمبەرمان (محمد) و هەموو خزم و کەسوکار و یاوەرانی بێت.

بەشی زانستی ناوەندی "تبصیر"

پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان.

درود و سڵاو بۆ سەر گیانی پاکی پێغەمبەر و هەموو یار و یاوەران.

بێگومان پێشەوا (ئیبن قەییم) زانایەکی بەناوبانگ و ناسراوی ئایینی ئیسلام و موسوڵمانانە و پێویست بە پەسن و ناساندن ناکات و نووسینەکانی گەواهیدەری ئەو ڕاستییەن.

منیش لێرەدا حەزم کرد ئەم نووسینەی وەرگێڕمە سەر زمانی شیرینی کوردی و بەم کارەم خزمەتێك بە ئایینی ئیسلام و موسوڵمانانی کورد زمان بکەم.

ڕاستییەکەی ئەم نووسینەی (ئیبن قەییم) زیاتر لە ناوێکی هەیە و چەندان جاریش چاپکراوە و لەلایەن چەندان چاپخانەشەوە لە چاپ دراوەتەوە و لە چەندان سەردەمی جیاوازیشداکاری لەسەر کراوە، بەڵام من پێم باشبوو بەم ناوەوە وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی (پەیامی تەبوکی). هیوادارم بەم هەوڵەم خزمەتێکم بە ئایینی ئیسلام و کتێبخانەی کوردی کردبێت. لە هەڵە و کەموکورتییەکانم ببورن و لە نزای خێر بێبەشم مەکەن.

وەرگێڕ

٢٠٢٢/١٢/١٧

****

پێشکەشە:

*** بە ڕێبوارانی ڕێگای خوا (ﷻ).**

*** چاکەخوازان و خۆپارێزان.**

****

ژیاننامەی پێشەوا ئیبن قەییم (رحمەاللە)[١]

محمدی کوڕی ئەبوبەکری کوڕی ئەیوبی کوڕی سەعدی کوڕی حەریزی زورەیعیە. خەڵکی شاری دیمەشقە و لەسەر پەیڕەوی ئایینزای حەنبەلییە. نازناوی شەمسەدینی کوڕی قەییمی جەوزییە. زانایەکی گەورەیە. شەرعزانێکی پەها بوو، بەتەواوی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ڕۆچوونە ناو زانستە شەرعییەکان و هەڵهێنجانی بڕیارەکانی دەقە شەرعییەکان. نووسەرێکی بەناوبانگە. شلۆقەکارێکی شارەزایی ڕێزمانی عەرەبییە. شارەزایەکی قسەزان و زمان پاراوی شەریعەتی ئیسلام و بنەماکانی ئەم ئاییننەیە.

ئیبن ڕەجەب (رحمەاللە)[٢] دەفەرموێت: لە ساڵی (٦٩١ك) لەدایك بووە. لە ئایینزای خۆیدا شارەزای تەواوی پەیداکردووە و سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێناوە، پاشان پەیوەندی کردووە بە شێخی ئیسلام (ئیبن تەیمییە)وە. لەئەنجامی کارامەیی خۆیەوە زانستێکی شەرعی زۆری لێوە فێربووە و هونەری خۆشی تێدا بەکارهێناوە. شارەزاییەکی تەواویشی لە شلۆقەی قورئانی پیرۆزدا هەبووە و لە سەردەمی خۆیدا کەس نەبووە شان بدات لە شانی. هەروەها شارەزایی بنەماکانی ئایین بووە و لە شلۆقە و بنەماکانی ئاییندا گەشتووەتە لوتکەی سەردەمی خۆی. لەگەڵ ئەمانەشدا لە فەرموودە و واتا و ڕێساکانی فەرموودە و وردەکاری هەڵهێنجاندنی بنەما

---

١) لە کتێبی "تسهيل السابلة لمريد معرفة الحنابلة" (٢/١١٠٠-١١٠٣) وەرگیراوە (بەکورتی). هەروەها سەیری "شذرات الذهب" (٦/١٦٨)، "ذيل طبقات الحنابلة" (٢/٤٤٧)، "الدُّرر الكامنة" (٥/١٤٠)، "البدر الطالع" (٢/١٤٣) بکە.

٢): "ذيل طبقات الحنابلة" (٢/٤٤٧) ، لاپەڕەکانی دواتریش.

شەرعییەکانی فەرموودەدا کەم وێنە بووە. لە فیقهـ و بنەماکانی و زمـانی عەرەبیشـدا دەستێکی بالآی هەبووە.

ئیبن قەییم (رحمەالله) خاوەن پەرستش و شەو نوێژێکی زۆر بووە، هەمیشە تا ئەوپەڕی توانای خۆی نوێژەکانی درێژ دەکردەوە. زمان پاراو بووە بـە یـادی خـوا و هۆگری یادی بەردەوامی خوا بووە. خۆشەویستییەکی زۆری بـۆ خـوا (ﷻ) هـەبووە. هەمیشە تەوبە و پەشیمانی لەسەر زاری بووە. داوای لێخۆشبوونی دەکرد و خۆی بـە قەرزار و هـەژاری بـەر دەرگـای خـوا دەزانـی، خـۆی بـە ملکەچـی فەرمانـەکانی خـوا دەزانی. بە نوێژ و پەرستشی زۆر و کەم وێنە بەندایەتی تەواوی خـۆی بـۆ خـوا (ﷻ) دەسەلماند. هەرگیز کەسی وەکوو ئەوم نەدیوە. کەسیشم لەو زاناتر نەدیوە. کەسیش لەو زاناتر بە واتاکانی قورئان و سوننەت و ڕاستییەکانی باوەڕ ناناسم.

هەرچەندە ئیبن قەییمیش وەك هەر مرۆڤێکی دیکە بێ کەموکورتی نییـە و لـە هەڵە پارێزراو نییە، بـەڵام ڕاسـتییەکەی مـن هـیچ کەسـی دیکـەی وەك ئـەم نـەدیوە. چەندان جاریش ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەی سەخت بووەتەوە. چـەندان جـاریش ئـازار دراوە. لە دواهەمین جاریشدا لەگـەڵ شـێخی ئیسـلام (ئـیبن تەیمییـە)دا لـە قەڵایەکدا زینـدانی کـراون. تەنانـەت ئـیبن قـەییمیان لـە شـێخی ئیسـلام دابـڕی و بـە تـەنها لـە زیندانێکی تاکەکەسیدا هێشتیانەوە. هەتاکو شێخی ئیسـلامیش کۆچـی دوایـی نـەکرد ئازادیان نەکرد، بەڵام لە ماوەی زیندانییەکەیدا سەرقاڵ بووە بە خوێندنەوە و تێڕامان و بیرکردنەوە لە قورئان. لەبەرئەوە دەرگای خێر و چاکەیەکی زۆر بە ڕووبدا کرایەوە. بەمـەش لایـەنێکی مـەزنی چـێژی بـاوەڕ و نهێنیگـەلێکی ڕاسـت و دروسـتی گیـانیی

دەستکەوت. دەرئەنجامی ئەمەش شارەزاییەکی باشی پەیدا کرد لە بواری زانستەکانی رێبازی تەصەوف و رۆچوونە ناو لایەنە ئالۆزەکانی کردار و گوفتارییانەوە، نووسینەکانیشی لێوان لێون لەم بابەتە.

چەندان جاریش سەردانی مالّی خوای کردووە و حەجی کردووە و لە شاری مەککەی پیرۆز نیشتەجێ بووە. خەڵکی مەککەی پیرۆزیش باسی زۆری پەرستشەکانی و سەردانەکانی دەکەن لە مالّی خوادا (ﷻ) بە جۆرێك جێگای سەرسەرمانیان بووە.

منیش جەندین جار پێش مردنی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا دانیشتووم، زیاتر لە سالّێك گوێبیستی وانە و وتارەکانی بووم. تەنانەت هۆنراوەی نونیم (القصیدة النونیة) لە خودی خۆیەوە بیستووە، کە هۆنراوەیەکی دوور و درێژە لەسەر سوننەت. چەندان بابەتی دیکەشم لە نووسراو و بیروبۆچوونەکانی لە خودی خۆیەوە بیستووە. کەسانێکی زۆریش هەر لە سەردەمی ژیانی مامۆستاکەیەوە (ئیبن تەیمیە) هەتاکو مردنی زانست و زانیارییان لێ وەرگرتووە و سوودیان لێ بینیووە. چەندان کەسیش لە پیاوچاکان بە گەورەیان زانیوە و بوون بە فێرخوازی و زانستیان لەسەر دەستی وەرگرتووە، وەکوو (ئیبن عبدالهادی) و چەندان کەسی دیکە.

دادوەر (بورهانەدین زورەیعی) لەبارەیەوە دەفەرموێت: کەسێکی دیکە لەژێر ئاسماندا نییە زانست و زانیاری لە (ئیبن قەییم) زیاتر بێت. لە ناوچەی (صدریة) ش وانەی وتووەتەوە. ماوەیەکی زۆریش لە شاری (جەوزیە) پێش نوێژی کردووە. هێندەش بە دەستی خۆی پەرتووك و نامیلکەی نووسیوە لەبەر زۆریان پەسن ناکرێن.

لە کۆتایشدا لەکاتی نوێژی خەوتنانی کۆتایی شەوی پێنج شەممەی بیست و سێی مانگی ڕەجەبی ساڵی (٧٥١ك) کۆچی دوایی کرد (رحمه‌الله). پاشان ڕۆژیی دواتر لە مزگەوت دوای نوێژی نیوەڕۆ نوێژیان لەسەر کرد. دوای نوێژکردن لەسەریشی بردیان بۆ مزگەوتی (جەراح) و لە گۆڕستانی (الباب الصغیر) ناشتیان. ئەوەی شایانی باسە خەڵکێکی زۆر ئامادەی نوێژ لەسەرکردن و ناشتنەکەی بوون. چەندان کەسیش خەونیان پێوە دیوە و ئەنجامێکی باشی بارودۆخی گۆڕیان لێوە گێڕاوەتەوە (خوا لێی ڕازی بێت).

****

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

داوای کۆمەك لە ئەو دەکەین و پشت هەر بە ئەو دەبەستین.

پێشەوای زانا موحەممەدی کوڕی ئەبوبەکری ناسراو بە (ئیبن قەییمی جەوزی– رحمەالله) لەم نامیلکەیەیدا، کە لە ناوچەی (تەبوك)[1] نووسیویەتی و لە هەشتی موحەڕڕەمی سالّی (٧٣٣ك) دوای ناردنی ئەو هۆنراوەیەی سەرەتاکەی ئەم نیوە دێڕەیە:

إذا طَلَعَت شمسُ النَّهارِ فإنها

.....) [2] دەفەرموێت:

---

١): تەبووك: شارێکە لەنێوان (وادی القری) و (شام) دا. قەڵایەکە چەندان کانی و دارخورما و باخ و بێستانی تێدایە. پێغەمبەر (ﷺ) لە سالّی (٩) کۆچیدا ئازادی کرد و دواهەمینی ئەو جەنگانەش بوو خۆی تێیدا بەشدار بووبوو. سەیری "معجم البلدان" بکە، (١٤/٢).

٢): نیوە دێڕی یەکەمی "هۆنراوەی میمی" یە. دانراوی پێشەوا ئیبن قەییمی جەوزییە (رحمەالله) ئەم هۆنراوەیەش ڕاستییەکەی هۆنراوەیەکی دوور و درێژە. تەواوی دێڕە هۆنراوەکەش ئەمەیە:

إذا طَلَعَت شمسُ النَّهارِ فإنَّها

أمارَةٌ تسليمي عَلَيكُم فَسَلِّموا

بەشی یەکەم

سەبارەت بە واتای چاکە و خۆپارێزی

(البرِّ و التَّقوی)

دوای سوپاسی خوا بە هەموو سوپاسێك شایانی خوایە (ﷻ)، درود و سڵاو لەسەر کۆتا پەیامبەری خوا (ﷺ):

خوا (ﷻ) لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (٢)﴾ (المائدة:٢).

ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو بەرژەوەندییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە لە دونیا و دواڕۆژیاندا، جا ئیتر لە پەیوەندی نێوان خۆیاندا بێت یان پەیوەندی نێوان خۆیان و خوا (ﷻ)، چونکە هیچ مرۆڤێك لەم دوو بوارە و لەم دوو ئەرکە بەدەر نییە. ئەرکێك لەنێوان خۆی و خوادا (ﷻ)، ئەرکێکیش لەنێوان خۆی و دەوروبەرەکەیدا.

ئەو کردار و گوفتارانەی لەنێوان مرۆڤ و خەڵکیدایە، جا ئیتر هەر کردار و گوفتارێك بێت لە نموونەی هاتووچۆ و هاوکاری و هاوڕێیەتی و هەر جۆرە پەیوەندییەکی دیکە، پێویستە لەسەری پەیوەندی و هاوڕێیەتی لەگەڵیان هاریکاری و هەماهەنگی بێت لەسەر ڕەزامەندی خوا و گوێڕایەڵی بۆ خوا (ﷻ)، چونکە هەر ئەم ڕەزامەندییەیە هۆکاری بەختەوەری مرۆڤ لە دونیا و ڕزگاربوونیەتی لە دواڕۆژدا. مرۆڤیش هیچ بەختەوەری و ئاسوودەییەکی نییە بەو دوو هۆکارەوە نەبێت، کە بریتین لە ﴿چاکە و خۆپارێزی﴾. ئەم دوو هۆکارەش کۆکراوەی هەموو ئایینە. ئەگەر هەر یەکێك لەم دوو هۆکارەش جیابکەینەوە، بێگومان هۆکارێکی دیکە خۆی دەخزێنێتە نێوانیانەوە، جا ئیتر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بێت یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناچارمان بکات پابەند بین پێیەوە. بەڵام ڕاستیەکەی هۆکارە ناڕاستەوخۆکان زۆرتر و کاریگەرترن، چونکە چاکە (البرّ) بەشێکی دانەبڕاوی خۆپارێزییە (التَّقوى)، بە هەمان

شێوە خۆپارێزیش بەشێکی دانەبڕاوی چاکەیە. لەوکاتانەشدا یەکێکیان تێکەڵ بەوی دیکەیان نابێت و لەکاتی لێکنزیکبوونەوەشیاندا یەك ناگرن، واتای ئەمەش ئەوە نییە ئەگەر بە تەنها و سەربەخۆش بن هیچ کاریگەرییەکیان نابێت لەسەر ئەوی دیکەیان.

هاوشێوە و پێچەوانەی ئەم دەستەواژەیەش گەلێك زۆرە، وەکوو: "باوەڕ و ئیسلام"، "باوەڕ و کاری چاکە"، "هەژار و گەدا"، " خراپە و یاخیبوون"، " خراپە و داوێنپیسی".

ئەمەش ڕێسایەکی مەزنە و هەرکەسێك پابەند بێت پێیەوە چەندان کێشە لەو کێشانەی کەسانێکی زۆر گیرۆدە بوون بە دەستییانەوە چارەسەر دەبێت. با ئێمەش تەنها یەك نموونە باس بکەین نموونەی خەروارێك بێت، ئەویش "چاکە و خۆپارێزی"یە.

ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی چاکەش تەواوی و بێ کەم وکورتی خوازراوە لە شتێکدا و ئەو سوود و پیت و فەڕە نایابەیە پێویستە لەو شتەدا هەبێت. هەروەك چۆن بەشەکانی ئەم واژەیە و گۆڕانکارییە ڕێزمانی و زمانەوانییەکانی لەکاتی قسەکردندا ئاماژەی پێدەدەن[1]. (مەبەست لە زمانی عەرەبیە- وەرگێڕ).

---

١): بۆنموونە: "البُر"، پیتی (ب) بۆرەی هەیە (ضمة) واتە گەنم. ئەمەش لەبەر زۆری سوود و قازانج و پیت و فەڕی گەنمە بە بەراورد بە هەموو دانەوێلەکانی دیکە.

هەروەها وەکوو: رجلٌ بارٌّ: پیاوێکی چاکەکار.

بَرٌّ: وشکانی.

کِرامُ بَرَرة: فریشتە بەڕێزە چاکەکارەکان.

الأبرار: چاکەکار.

کەواتە چاکە (البِرّ) وشەیەکە بۆ هەموو جۆرەکانی لایەنی باش و تەواوی و بێ کەم و کورتیبوونی پێویست لە مرۆڤدا. لە بەرانبەر ئەمەشدا خراپە و تاوان و گوناهـ هەیە (الأثم). تەنانەت لە فەرموودەیەکی نەواسی کوڕی سەمعاندا (ﷺ) هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) پێی فەرمووە: "هاتوویت پرسیار بکەیت سەبارەت بە چاکە و خراپە؟"[1].

لەم فەرموودەیەوە بۆمان دەردەکەوێت وشەی (خراپە) وشەیەکە کۆکراوەی هەموو هەڵە و تاوان و نەنگی و شەڕێکە مرۆڤـ لە بەرانبەریدا ڕووبەڕووی ڕەخنە ببێتەوە.

لەبەرئەوە باوەڕ و هەموو بەشە دیار و نادیارەکانی باوەڕیش دەچنە چوارچێوەی چاکەوە. هیچ گومانیشی تیادا نییە خۆپارێزیش بەشێکە لەم واتایە. زۆرترین چاکەیەکیش گرنگی تایبەتی پێدەدرێت لەکاتی دەربڕیندا چاکەی دڵە. چاکەی دڵیش بریتیە لە بوونی تام و چێژ و شیرینی باوەڕ تیایدا. هەروەها بریتیە لە

---

١): "جئت تسأل عن البر و الإثم". ئەمە فەرموودەیەکە ﴿وابصة بن معبد الأسدي–(ﷺ)﴾ گێڕاویەتییەوە، پێشەوا ئەحمەد (٤/٢٢٧)/ (١٨٠٢٨)، دایرەمی (٣/١٦٤٩)/ (٢٥٧٥) و طەبەرانی (٢٢/١٤٨)، (٤٠٣). چەند کەسێکی دیکەش گێڕاویانەتەوە. پێشەوا ئەلبانیش لە (صحيح الترغيب و الترهيب)دا بە ژمارە (١٧٣٤) بە (حسن لغيره) داناوە، بەڵام فەرموودەکەی نەواسی کوڕی سەمعان (ﷺ) بەم جۆرە گێڕاویەتییەوە و دەفەرموێت: پرسیاری چاکە و خراپەم کرد لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی: "چاکە بریتیە لە ئاکاری جوان، خراپەش بریتیە لە هەر کردار و گوفتارێك لە دڵتدا نیگەرانت بکات و حەز نەکەیت خەڵك پێت بزانێت". "البر حسن الخلق، و الاثم ما حاك في صدرك و كرهت ان يطلع عليه الناس". پێشەوا موسلیم (٢٥٥٣)، هەروەها فەرموودەناسانی دیکەش گێڕاویانەتەوە.

هەر کردار و گوفتارێك دڵنیایی و سەلامەتی و کرانەوە و هێز و ئاسوودەیی بە باوەڕ لە دڵدا زیاد دەکات، چونکە باوەڕ ئاسوودەیی و تام و چێژێکی تایبەتی هەیە لە دڵدا. هەرکەسێکیش ئەم دڵخۆشی و شیرینی و تام و چێژەی هەست پێنەکردبێت بێبەهرە یان باوەڕی تەواو نییە. بۆنموونە ئەو کەسانەی خوا (ﷻ) لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ﴾، (الحجرات:١٤).

ئەم کەسانە (بەپێی ڕاستترین بۆچوون) موسوڵمانن نەك دووڕوو، بەڵام باوەڕدار نین، چونکە باوەڕ نەچووەتە ناو دڵیانەوە، بەڵکوو بە ڕووکەش پەیڕەوی ئایین دەکەن لەبەرچاوی خەڵك، ئەگینا باوەڕداری ڕاستەقینە نین.

خواش (ﷻ) هەموو خەسڵەتەکانی چاکەی لەم ئایەتە پیرۆزەدا کۆکردووەتەوە: ﴿لَيْسَ الْبِرَّ أَنْ تُوَلُّوا وُجُوهَكُمْ قِبَلَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ وَلَكِنَّ الْبِرَّ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ وَالْمَلَائِكَةِ وَالْكِتَابِ وَالنَّبِيِّينَ وَآتَى الْمَالَ عَلَى حُبِّهِ ذَوِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينَ وَابْنَ السَّبِيلِ وَالسَّائِلِينَ وَفِي الرِّقَابِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُوا وَالصَّابِرِينَ فِي الْبَأْسَاءِ وَالضَّرَّاءِ وَحِينَ الْبَأْسِ أُولَئِكَ الَّذِينَ صَدَقُوا وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُتَّقُونَ (١٧٧)﴾. [البقرة:١٧٧].

خوا (ﷻ) هەواڵی پێداوین چاکە بریتیە لە باوەڕبوون بە خوا (ﷻ)، فریشتەکان، پەرتووکە ئاسمانییەکان، پێغەمبەران و ڕۆژی دوایی. ئەمانەش بریتین لە پێنج بنەماکەی باوەڕ و بە بێ ئەم بنەمایانە باوەڕ هیچ پایەیەکی نییە و دانامەزرێت.

لەڕووی کرداریيەوە باوەڕ چەندان ڕێسا و کردار و گوفتاری دیار و ئاشکرای هەیە، وەکوو: نوێژکردن، زەکاتدان، ئەو خەرجییانەی ئەرکن لەسەر مرۆڤی باوەڕدار دابینیان بکات. هەروەها چەندان کاری نەبینراویش هەن پەیوەستن بە دڵەوە و ڕاستی و دروستی باوەڕ دەسەلمێنن لە مرۆڤدا، وەکوو: ئارامگری و جێبەجێکردنی بەڵێن.

ئەم خەسڵەتانە هەموو بەشەکانی ئایین لەخۆ دەگرن: ڕاستییەکانی باوەڕ لە دڵدا و پەیڕەوکردنی ڕێساکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا. هەروەها ئەو کارانەشی پەیوەستن بە سەرجەم ئەندامەکانی جەستە و دڵەوە.

لە هەمان کاتدا هەر پێنج بنەماکەی باوەڕیش لەخۆ دەگرن.[1]

هەروەك طەلقی کوڕی حەبیب[2] دەفەرموێت: ئەگەر ئاژاوە کەوتە ناوتانەوە، بە خۆپارێزی چارەسەری بکەن". وتیان: خۆپارێزی چیە؟ فەرمووی: بریتیە لە

---

١): بریتییەلە باوەڕ بە خوا (ﷻ)، ڕۆژی دوایی، فریشتەکان، کتێبەکانی خوا (ﷻ)، پێغەمبەران (علیهم السلام)، بەڵام بنەمای شەشەم لە بنەماکانی باوەڕ پێغەمبەر (ﷺ) لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ جوبرەئیل باسی کردووە کاتێك جوبرەئیل لەبارەی باوەڕەوە پرسیاری لێکردووە و پێغەمبەریش (ﷺ) فەرموویەتی: دەبێت باوەڕت بە خوا (ﷻ) هەبێت، بە فریشتەکان، بە کتێبەکانی خوا (ﷻ)، بە پێغەمبەرانی خوا (ﷺ)، بە ڕۆژی دوایی، هەروەها دەبێت باوەڕت بە قەزا و قەدەر هەبێت بە چاك و خراپییەوە. "أن تؤمن بالله، و ملائكته، و كتبه، و رسله، و اليوم الآخر، و تؤمن بالقدر خيره و شره". پێشەوا موسلیم (٨).

٢): طَلْق (پیتی لام زەنەدارە). کوڕی حەبیبی عەنەزییە. خەڵکی شاری بەصرە بووە، کەسێکی ڕاستگۆ و خوا پەرست بووە. بە شوێنکەوتووانی نەوەی سێیەمی (تابعین) دادەنرێت، نزیکەی سەد ساڵ ژیاوە. "التقريب" (ل٢٨٣). ژمارە(٣٠٤٠).

کارکردن بـە گوێڕایـەڵی خـوا و لەسـەر ڕووناکییـەك لـە خـواوە، داوای پاداشـتی خـوا بکەیت، سەرپێچی فەرمانەکانی خوا واز لێبێنیـت لەسـەر ڕووناکییـەك لـەِ خـواوە، لـە سزای خواش بترسیت".

ئەم وتەیەش جـوانترین وتەیەکـە سـەبارەت بـە خۆپـارێزی وترابێـت. هـەموو کارێکیش پێویستە بنەما و ئامانجێکی هەبێت. هیچ کارێکیش گوێڕایەڵی فەرمانـەکانی خوا و نزیك بوونەوە نییە لـە خـوا هـەتاکو سەرچـاوەکەی (بـاوەڕ) نـەبێت. پێویسـتە هۆکارەکەی باوەڕێکی پاك و بێگـەرد بێـت. نـەك دابونـەریتی کۆمەڵگـە یـان ئـارەزوی خودی مرۆڤەکە. نابێت خوازیـاری سوپاسـکردن و پیاهەڵـدان بێـت، نابێـت چـاوەڕێی دەستکەوت یان هەر شتێکی دیکە لەبەرانبەر چاکەکەیدا بکات. بەڵکوو دەبێت بنەمای کارەکانی باوەڕێکی پاك و بێگەرد بێت. ئامانجیشی تەنها پاداشت و ڕەزامەنـدی خـوا بێت، چونکە تـەنها خـوا (ﷻ) جێـی بـاوەڕی باوەڕدارانـە و گومـانی باشـی پێدەبـەن پاداشتیان بداتەوە.

لەبەرئەوەشە زۆرجار ئەم دوو بنەمایە لە نموونەی فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) لێکتر نزیك دەکرێنەوە و پێکەوە پەیوەست دەکرێن، وەکوو: " من صام رمضان إیماناً و إحتساباً"، "من قام لیلةَ القدرِ إیماناً و إحتسـاباً". چـەندان نموونـەی دیکـەش هەیە.

ئـەو بەشـەی وتەکەشـی دەفـەرموێت: "لەسـەر ڕووناکییـەك لـە خـواوە" ئاماژەیەکە بە بنەمای یەکەم، ئەو باوەڕەی سەرچاوە و هۆکاری کارکردنە.

ئەو وتەیەشی دەفەرموێت: "داوای پاداشتی خوا بکات" ئاماژەیە بە بنەمای دووەم، کە چاوەڕێی وەرگرتنی پاداشتە و دڵنیایە خوا پاداشتی دەداتەوە. ئەمەش ئامانجێکە لە پێناویدا کارەکان دەکرێن و هەر بۆ ئەم ئامانجەشە دەمانەوێت کاری چاکە بکەین.

بێگومان ئەمە کۆی هەموو بنەماکانی باوەڕ و لقەکانیەتی. بەدڵنیاییەوە چاکەش دەچێتە چوارچێوەی ئەم بنەما و لقانەی باوەڕەوە.

لەکاتی لێکنزیکبوونەوەی یەکێکیان لەوی دیکەیان جیاوازییەکە بەڕوونی دەردەکەوێت، وەکوو ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ [المائدة:٢]. جیاوازی نێوانیان جیاوازییە لەنێوان ئەو هۆکارەی مەبەست لێی ئامانجێکی دیکەیە، نەک خودی هۆکارەکە لەگەڵ ئەو ئامانجەی مەبەست لێی خودی هۆکارەکەیە، نەک ئامانجێکی دیکە. واتە ئایا مەبەستمان لەم هۆکارە دەستکەوتنی خودی هۆکارەکەیە یان ئامانجێکی دیکەمان هەیە؟ بەمجۆرە تێدەگەین لە چاکەدا "البرّ" خودی چاکەمان دەوێت، چونکە بریتیە لەو تەواوی و بێ کەم وکورتی و چاکییەی مرۆڤ هیچ چاکییەکی دیکە نییە بەبێ ئەم هۆکارە. هەروەک پێشتر باسمان کرد.

خۆپارێزی: خۆپارێزیش بریتیە لە ڕێگای گەیشتن بە چاکە (البرّ) و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەشتن بەم ئامانجە. واژەکەشی ئاماژەیە بەم ڕاستییە.[1] چونکە

---

١): چونکە لە زمانی عەرەبیدا وشەی خۆپارێزی بە واتای (تقوى) دێت. وشەی (تقوى)ش لەسەر وەزنی (فَعلى)یە و لە (وَقى، يَقي)ەوە هاتووە و لە بنەڕەتیشەوە (وَقوى) بووە. پیتی (و)ەکەیان هەڵگەڕاندووەتەوە و کردوویانە بە (تاء). بەم جۆرە بووە بە (تقوى). هەروەک چۆن دەڵێن: (تُراث) لە (وراثة)ەوە هاتووە، (تُجاة) لە (وَجة)ەوە هاتووە، (تُخَمَة) لە (وَخم)ەوە هاتووە و نەخۆشییەکە توشی مرۆڤ دەبێت لە ئەنجامی زۆرخۆری و پڕبوونی گەدەیەوە. چەندین نموونەی دیکەش هەیە. (معجم اللغة العربية المعاصرة) (٢٨٦/١).

واژەکەی ئاماژەیە بەو واتایەی لە خۆپاراستنەوە هاتبێت (الوقایة)، لەبەرئەوەی کەسی خۆپارێز (المُتَّقي) لەنێوان خۆی و ئاگری دۆزەخدا وەک قەڵغانێک یان بەربەستێک خۆپارێزی داناوە. ناوەرۆک و بیرۆکەی خۆپاراستنیش ڕێگەنەدانە بە ڕوودانی زیان. چاکەش (البرّ) دەستکەوتنی قازانجە. لەڕووی کرداریشەوە خۆپارێزی (التَّقوی) وەکوو (تا) وایە، مرۆڤ لەکاتی نەخۆشیدا توشی دەبێت و خۆڕاگری دەوێت، چاکەش (البرّ) وەکوو لەش ساغی و تەندروستی وایە.

ئەمەش بوارێکی مەزنە و لە تێگەیشتنی واژەکانی قورئان و ئاماژەکانیدا سوودێکی زۆری لێوەردەگرین. هەروەها لە زانینی سنووری ئەو بنەما ئایینیانەدا سوودی لێوەردەگرین خوا (ﷻ) داییەزاندووە بۆ سەر پەیامبەرەکەی (ﷺ)، چونکە زانستێکی سوودبەخشە. خواش (ﷻ) لە قورئانە پیرۆزەکەیدا ڕەخنەی لەو کەسانە گرتووە و سەرکۆنەی کردوون زانست و زانیاری پێویستیان نییە لەبارەی سنووری ئەو کردار و گوفتار و بنەما ئایینیانەی خوا (ﷻ) داییەزاندووە بۆ سەر پەیامبەرەکەی (ﷺ)، چونکە نەبوونی زانست و زانیاری پێویست لەبارەی سنوورەکانی خواوە (ﷻ) دەبێتە هۆی توشبوون بە دوو خراپەکاری گەورە:

یەکەم: دەچێتە چوارچێوەی چەند بابەتێکی خراپەکارییەوە ڕاستییەکەی پێشتر بەشێک نەبووە لەو بابەتانە. پاشان ئەو بڕیارانە دەیانگرێتەوە مەبەست لێیان ئەو بابەتانەیە. بەم جۆرە یەکسان دەبێتەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا لەم چوارچێوەیەدان و خوا (ﷻ) بە گەورەیی خۆی پێشتر ئەم کەسەی لێ جیاکردبوونەوە.

دووەم: لە چوارچێوەی چەند بابەتێکی چاکەکاری دەردەچێت ڕاستییەکەی پێشتر بەشێك بووە لەو بابەتانە. پاشان ئەو بڕیارانە نایانگرێتەوە مەبەست لێیان ئەو کەسانەیە لەم چوارچێوەیەدان. بەم جۆرە جیادەکرێتەوە لەو کاسانەی لەم چوارچێوەیەدان و خوا (ﷻ) بە گەورەیی خۆی پێشتر ئەم کەسەی لەگەڵدا کۆکردبوونەوە.

کەسانی زیرەك و هوشیاریش لە بنەماکانی ئەم ڕێسایە و نموونەکانی تێدەگەن، دەزانن زۆربەی ناکۆکی و ڕاجیاییەکان لەم سەرچاوەیەوە پەیدا دەبن. باسکردن و لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتەش بە پەرتوکێکی قەبارە گەورەش کۆتایی نایەت.

بۆنموونە: وشەی (الخَمر)، ناوێکی گشتگیرە بۆ هەموو سەرخۆشکەرێك. دروست نییە هەندێك خواردن یان خواردنەوە یان هەر شتێکی دیکەی سەرخۆشکەر لەم چوارچێوەیە دەربهێنین و بڕیاری حەرامبوونی بەسەردا نەدەین.

وشەی (یاری بەخت– مَیسِر): دەرکردنی هەندێك جۆری یاری قومار.

وشەی (مارەبڕین): دانانی هەندێك جۆری هاوسەرگیری لەم چوارچێوەیەدا، کە ڕاستییەکەی هاوسەرگیری شەرعی نەبێت.

وشەی سوو (الرِّبا): دەرکردنی هەندێك جۆری سوو لەم بابەتە یان دانانی هەندێك جۆری کڕین و فرۆشتنی ڕێپێدراو لەم چوارچێوەیەدا.

هەروەها وشەکانی (ستەم و داد) یان (چاکە و خراپە) ... هتد. نموونەگەلێکی زۆرمان هەیە و لە ژماردن نایەن.

مەبەست: مەبەست لە کۆبوونەوەی خەڵک و هاوڕێیەتییان، هاوکارییانە لەسەر چاکە و خۆپارێزی (البرّ و التَّقوی). هەموو کەسێك بە زانست و بە کرداریش یارمەتی هاوڕێکەی دەدات بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجە، چونکە مرۆڤ بە تەنها هەموو زانستێکی پێویستی نییە لە هەموو بوارێکدا و بە تەنهاش ناتوانێت هەموو کردار و گوفتارە چاکەکان ئەنجام بدات و خۆی لە هەموو خراپەکارییەك لابدات. لەبەرئەوە دانایی پەروەردگار (ﷻ) وا دەخوازێت مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا هەڵسوکەوت بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن. پاشان فەرموویەتی: " ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى﴾ [المائدة: ٢].

خراپەکاری و دوژمنکاریش (الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ) لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەدایە دەبێت ڕێگریان بکەین، هەروەك چۆن چاکە و خۆپارێزی (الْبِرِّ وَالتَّقْوَى) لە چوارچێوەی ئەو بابەتانەدایە دەبێت فەرمانیان پێبکەین.

جیاوازی نێوان خراپە و دوژمنکاریش لە سەرووی جیاوازی نێوان ئەو کردار و گوفتارانەوەیە حەرامکراون لەسەر بنەمای خودی خۆیان یان بڕی کردار و گوفتارەکە، چونکە خراپەکاری (الأثم): قەدەغەکراوە و حەرامە لەسەر بنەمای خودی ئەو کردار و گوفتارەی خراپەکارییە، بەڵام دوژمنکاری (العُدوان) کردار و گوفتارێکە حەرامکراوە لەسەر بنەمای زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوونی کردار و گوفتارێك خوا (ﷻ) ڕێگەی پێداوە. بۆنموونە، داوێنپیسی، مەی خواردنەوە، دزی، ... هتد. ئەمانە لە خودی

خۆیاندا خراپەکارین، بەڵام هێنانی ژنی پێنجەم یان ماف خوراو (تاوانلێکراو) زیاد لە مافەکەی خۆی وەربگرێت، ... هتد. ئەمانە دوژمنکارین (العُدوان)، چونکە ژنهێنان و وەرگرتنەوەی ماف... هتد. ڕاستییەکەی کارگەلێکی ڕێگەپێدراون، بەڵام زیادەڕەویکردن تیایاندا ڕێگەپێدراو نییە.

کەواتە دوژمنکاری دەستدرێژیکردنە سەر ئەو سنوورانەی خوایە (ﷻ) لەبارەیانەوە دەفەرموێت:﴿ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (٢٢٩)﴾ ﴿البقرة:٢٢٩﴾. لە ئایەتێکی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا﴾ (البقرە:١٨٧). واتە لە ئایەتێکدا ڕێگری کردووە دەستدرێژی بکرێتە سەر سنوورەکانی خوا (ﷻ) ، لە ئایەتێکی دیکەشدا ڕێگریکردووە تەنانەت لێشی نزیک ببینەوە. ئەمەش لەبەرئەوەیە سنوورەکانی خوا (ﷻ) خاڵی کۆتایی جیاکەرەوەی نێوان حەڵاڵ و حەرامە. کۆتایی بواریک جارێك دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو بوارەوە و دەبێتە بەشێك لەو بوارە، جا ئیتر بواری هەر کردار و گوفتارێك بێت. جارێکیش ناچێتە ناو ئەو بوارەوە. لەم کاتەدا بڕیاری بەرانبەرەکەیت بەسەردا دەدرێت. واتە لە جاری یەکەمدا ڕێگری کراوە لە دەستدرێژی کردنە سەر چوارچێوەی ئەم بوارە و سنووربەزاندن، بەڵام لە جاری دووەمدا ڕێگری کراوە تەنانەت لە نزیک بوونەوەشی.

****

بەشی دووەم

سەبارەت بە واتای خۆپارێزی

(التَّقْوى)

خۆپارێزی ڕێکخستنی چوارچێوەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ دەوروبەریدا. دەبێت ئەم پەیوەندییەش هاوکاری بێت لەسەر چاکە و خۆپارێزی. جا ئیتر بە کردار بێت یان بە زانست.

بنەمای پەیوەندی مرۆڤیش لەگەڵ خوادا (ﷻ) بریتیە لە: گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی و سەرپێچینەکردنی و دوورکەوتنەوە لە سنوورە قەدەغەکراوەکانی. هەر ئەمەشە ناوەرۆکی ئەو فەرمانەی خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاتَّقُوا اللَّهَ﴾. (المائدة:٢).

ئەم ئایەتە پێرۆزەش ڕێنماییمان دەکات بۆ باسکردنی ئەرکەکانی مرۆڤ لەنێوان مرۆڤ و خەڵکی دیکە و مرۆڤ و خوادا (ﷻ).

ئەم ئەرکەی یەکەمیش جێبەجێ ناکرێت هەتاکو مرۆڤ بەتەواوی خۆی لە هۆکارە لاوەکییەکان دانەبڕێت. واتە نابێت خۆی وابەستەی هیچ هۆکارێکی بێ بەها بکات، بەڵکوو دەبێت هەموو کردار و گوفتار و فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپەیەکی تەنها و تەنها لەبەر خوا بێت، دەبێت بەتەواوی لەسەر بنەمای ئامۆژگاری و چاکەخوازی و ڕەچاوکردنی فەرمانەکانی خوا بێت. نابێت تێکەڵ بە هیچ بەرژەوەندییەکی دیکەی بکات.

ئەرکی دووەمیش جێبەجێ ناکرێت هەتاکو مرۆڤ خەڵك و دەوروبەری لە خوا جیانەکاتەوە. هەر کارێکی چاکەشی کرد دەبێت بە پاك و بێگەردی و خۆشەویستی و بەندایەتییەوە، تەنها و تەنها بۆ خوای بکات. واتە دەبێت لە پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خوادا (ﷻ) هەموو هۆکارەکانی دیکە وەلا بنێت و تەنها خوا لەبەرچاو بگرێت.

لەبەرئەوە پێویستە مرۆڤ زۆر ئاگای لەو وردەکاریانە بێت، چونکە هەر کەم وکورتی و ناتەواوییەك ڕوو لە مرۆڤ دەکات، لە جێبەجێ کردنی ئەم دوو ئەرکەدا کار دەکاتە سەری. دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانێت ئەم کەم و کورتییانە بەهۆی ڕەچاوکردنی ئەم بنەمایانەوەیە. جا ئیتر بە زانست بێت یان بە کردار. ئەمەش واتای ئەو فەرموودەیەی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە[1] (قدس الله روحه) دەفەرموێت: "لەگەڵ خوادا بە بەبێ خەڵك. لەگەڵ خەڵکیشدا بە بەبێ دەروون (نفس). هەرکەسێکیش بەم جۆرە نەبێت، هەمیشە کارەکانی شپرز و بێ سەروبەرە و هەرگیز سەرکەوتوو نابێت".[2]

****

١): عەبدولقادری کوڕی موسای کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی جەنگی دۆست حەسەنییە. ناسراوە بە ئەبو موحەممەد محێدینی جەیلانی یان گەیلانی یان گەیلی. دامەزرێنەری ڕێبازی قادرییە. لە گەورە زاهیدان و سۆفییەکانە. ساڵی (٥٦١ك) کۆچی دوایی کردووە. سەیری (الأعلام) ی زەرگەلی بکە، ل (٤٧/٤).

٢): "الفتح الرباني و الفيض الرحماني" دانراوی عەبدولقادری گەیلانی.

بەشی سێیەم

سەبارەت بە کۆچ بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ)

کاتێك ڕێبوار لە کاروان جیابووەوە و لە ولاتی نامۆیی نیشتەجێ بوو. هیچ دەسەلاتێکی نەما بەسەر کەرەستە و شمەکەکانی خۆیدا لە زێدی خۆی.ئەم قۆناغە نوێیەی ژیانی تێڕوانینێکی نوێی بۆ دروست دەکات، چونکە لەم کاتانەدا بیرۆکەی بەڕێوەبردنی گرنگترین ئەو پێداویستی و بابەتانە بە بیر و هۆشیدا دێت ڕێگای گەیشتنی بە خوای بۆ ئاسان دەکات و دەتوانێت لە گەشتەکەیدا سەرکەوتووی بکات. پاشان بتوانێت ئەو تەمەنەی ماویەتی لەم مەنزلگایەدا بەسەری بەرێت. ئەم قۆناغەش هەموو کەسێکی ژیر و پێگەیشتوو ڕێنمایی دەکات بۆ پەیڕەوکردنی گرنگترین ئەو کردار و گوفتارانەی ئامانجی گەشتن بە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بۆ دیاریدەکات، چونکە ئەم ئامانجە ئەرکێکی پێویست و دیاریکراوە لەسەر شانی هەر تاکێکی موسوڵمان و لە هەموو کاتێکدا پێویستە لەسەری پابەند بێت بەم ئەرکەوە. جێبەجێکردنی ئەرکەکەش لەلایەن کەسێکی دیکەوە نابێتەهۆی سڕینەوەی ئەرکەکە لەسەر شانی ئەم موسوڵمانە یان موسوڵمانێکی دیکە. واتە دەبێت هەرکەسێك بەشێوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆی ئەم ئەرکە جێبەجێ بکات. کەسیش بەدەر نییە لەم ئەرکە و پێویستە هەمووان جێبەجێی بکەن، چونکە ئەم ئەرکە داواکاری خوایە (ﷻ)، لە هەمان کاتدا ویستی خواشە لە بەدیهێنانی بەندەکانی. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت دوو جۆر کۆچ هەیە:

کۆچێك بە جەستە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی دیکە. ئەمەش ڕێسا و بنەما شەرعییەکانی دیار و ئاشکران و زۆر کەس دەیانزانێت. لێرەشدا مەبەستمان قسەکردن نییە لەسەر ئەم کۆچە.

کۆچی دووەم: کۆچێکە بە دڵ بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). ئێمەش لێرەدا مەبەستمان ئەم جۆرە کۆچەیە. هەر ئەم کۆچەش کۆچی ڕاستەقینە و ڕەسەنە. کۆچی جەستەش شوێنکەوتەی ئەم کۆچەیە و بە پاشکۆی ئەم کۆچە دادەنرێت و کۆچێکە (لە)[1] و (بۆ)[2] ی تیادایە، چونکە بە دڵ کۆچ دەکات لە خۆشەویستی جگە لە خوا بۆ خۆشەویستی خوا (ﷻ). کۆچکردنە لە بەندایەتی جگە لە خوا بۆ بەندایەتی خوا (ﷻ). لە ترسان و تکاکردن و پشتبەستن بە جگە لە خوا، بۆ ترسان و تکاکردن و پشتبەستن بە خوا (ﷻ). لە پارانەوە و ملکەچی و سەرکزی بۆ جگە لە خوا، بۆ پارانەوە و ملکەچی و سەرکزی بۆ خوا (ﷻ).

هەر ئەمەشە واتای هەڵهاتن و ڕاکردن بۆ لای خوا هەروەک چۆن خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَفِرُّوا إِلَى اللَّهِ﴾، (الذاريات: ٥٠). کەواتە ئەو یەک خواناسییەی[3] لە بەندە داواکراوە خێرا بە دەمەوە چوون و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی و سەرپێچینەکردنیەتی.

لە ناوەڕۆکی (لە) و (بۆ)شدا نهێنییەکی مەزن لە نهێنییەکانی یەک خواناسی لەخۆ دەگرێت، چونکە ڕاکردن و هەڵهاتن بۆ لای خوا (ﷻ) جیاکردنەوە و تاقانەیی تیادایە لە داواکردن و پەرستشدا. لە هەمان کاتدا هەموو پێویستییەکانی بەندایەتی تیادایە لە خۆشەویستی و ترسان و پەشیمانی لە تاوان و پشت پێبەستن و هەموو

---

١): مِن.

٢): إلى.

٣): التوحيد.

ئاستەکانی بەندایەتی و پەرستش. ئەو یەک خواناسییەی خواوەندیش (توحید الالهیة) لەخۆ دەگرێت بانگەوازی هەموو پێغەمبەران (علیهم السلام) لەسەری کۆک بوون.

ڕاکردنیش لە خواوە بۆ لای خوا (ﷻ) یەک خواناسی (ربوبیة) و سەلماندنی قەدەر لەخۆ دەگرێت. هەرچی خراپە و قەدەغەکراوێکیش لەم گەردوونەدا هەیە و مرۆڤ لێی ڕادەکات تەنها ویستی خوا پێویستی کردووە، چونکە هەر شتێک خوا ویستبێتی دێتە ڕێگەی مرۆڤ و بە ویستی خوا دروست بووە. ئەگەر نەشیویستایە دروستنەدەبوو، خۆی ڕێگری لە دروستبوونی کردووە، چونکە نەیویستووە. کەواتە ئەگەر بەندە هەڵهات بۆ لای خوا (ﷻ)، ئەوە لە شتێکەوە هەڵهاتووە بۆ لای شتێکی دیکە. بێگومان ئەو شتەش بە ویست و بڕیاری خوا دروست بووە، چونکە ڕاستییەکەی هەڵهاتنە لە خواوە بۆ لای خوا (ﷻ).

هەرکەسێکیش بەشێوەیەکی ڕاست و دروست وێنای ناوەڕۆکی ئەم بابەتە بکات، بێگومان لە واتای ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) تێگەیشتووە دەفەرموێت: ﴿پەنات پێ دەگرم لە خۆت﴾[1]. هەروەها لە واتای ئەو فەرموودەیەش تێگەشتووە دەفەرموێت: ﴿هیچ پەناگە و ڕێگایەکی ڕزگار بوون نییە لە تۆ ، تەنها پەنای خۆت نەبێت﴾.[2]

---

١): "و أعوذ بك منك". پێشەوا موسلیم (٤٨٦)، لە فەرموودەیەکی دایکی باوەڕدارانەوە (عائیشە- خوای لێ ڕازی بێت).

٢): "لا ملجأ و لا منجا منك الا اليك".پێشەوا بوخاری (٢٤٧)، پێشەوا موسلیم (٢٧١٠) لە فەرموودەیەکی بەڕائی کوری عاذیبەوە (ﷺ).

هەرچییەک لەگەردووندا بوونی هەبێت و لێی هەڵبێین یان پەنای پێ بگرین یان پەنای بۆ بەرین، بێگومان خوا (ﷻ) دروستی کردووە و داهێنەریەتی. هەموو هەڵهاتن و پەنا پێگرتنێك هەڵهاتنە لەو ڕوودا و دروستکراوانەی قەدەری خوا پێویستی کردووە و ویستی لەسەر بووە و هەر خۆشی ئافراندوونی. هەڵهاتنیشە بۆ ژێر سایەی چاکە و بەزەیی و سۆز و میهرەبانی خوا. لەڕاستیشدا هەڵهاتنە لە خواوە بۆ لای خوا، پەناگرتنە لە خوا بە خوا (ﷻ).

وێناکردنی ئەم دوو بابەتەش پێویستی دەکات لەسەر مرۆڤ (بەندە) بەتەواوی دڵی وابەستەی خوا بکات و جگە لە خوا ترس و تکا و خۆشەویستی بۆ هیچی دیکە نەبێت، چونکە ئەگەر زانی ئەو ڕوداو یان دروستکراوەی لێی ڕادەکات و پەنای پێ دەگرێت بە ویست و توانای خوا هاتووەتە ڕێی و دروستکراوی خوایە، ئیتر هیچ ترسێك لە دڵیدا نامێنێت، جگە لە ترسی دروستکار و بەدیهێنەرەکەی نەبێت (ﷻ).

ئەم بیروباوەڕەش تاکێتی و نەتهایی خوا لەخۆ دەگرێت لە ترسان و خۆشەویستی و تکالێکردنیدا، چونکە ئەو شتەی لێیڕادەکەین بە ویست و توانای خوا نەبوایە، ئەو کاتە پێویست بوو لێی بترسین. بۆنموونە، ئەگەر ئێمە لە مرۆڤێك یان دڕندەیەك یان دروستکراوێکی دیکە هەڵبێین لە خۆمان بەهێزتر بێت، لەکاتی هەڵهاتنماندا لە ترسی ئەم دروستکراوە و ڕاکردنمان بۆ لای یەکێکی دیکە، دەبێت هوشیار بین ئەوەی پەنای بۆ دەبەین لاوازتر نەبێت و خۆشی پێویستی بە پەنادان بێت. بەپێچەوانەوە، ئەگەر دڵنیا بووین و زانیمان ئەوەی پەنای بۆ دەبەین و ڕادەکەین بۆ لای ویست و قەدەری خۆی وا بووە و ویستوویەتی هەڵبێین بۆ لای و

پەنای بۆ بەرین، ئەو کاتە لە دڵماندا هیچ لاکردنەوە و چاوەڕوانییەک نییە بۆ جگە لەو هێزە بەتوانایە. بەتایبەتی ئەگەر لەسەر بنەمای کەمکردنەوە و فەرامۆشکردنی ئەم بەهێزە خوڵقێنەرە بێت.

لەم نهێنییە سەرسوڕهێنەرە ورد بەرەوە و ڕابمێنە پێغەمبەر (ﷺ) لەم دوو فەرموودەیەدا دەفەرموێت: پەنات پێ دەگرم لە خۆت﴾، ﴿هیچ پەناگە و ڕێگایەکی ڕزگاربوون نییە لە تۆ، تەنها پەناگرتن بە خۆت نەبێت﴾.

زانایانیش لەبارەی ئەم دوو فەرموودەیەوە چەندان قسەیان کردووە، بەڵام کەمترینیان باسی ئەم خاڵەیان کردووە ناوەرۆک و مەبەستی فەرموودەکەیە. سەرکەوتنیش لە خواوەیە (ﷻ).

سەرنج بدە، چۆن بە ڕاکردن لە خواوە بۆ لای خوا هەموو ئاسایش و ئارامییەک گەڕایەوە! ئەمەش واتای کۆچکردنە بۆ لای خوا (ﷻ). لەبەرئەمەش پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: "کۆچکردوو ئەو کەسەیە واز لەو کردار و گوفتارانە دێنێت خوا قەدەغەی کردوون"[1].

بێگومان لەبەر گرنگی بابەتەکەشە خوا (ﷻ) لە چەندان شوێنی قورئانی پیرۆزدا باوەڕ و کۆچی پێکەوە ناوهێناوە و لێکترێ نزیک کردوونەتەوە، چونکە پەیوەستن بە یەکەوە و وێستن و دەستکەوتنی هەریەکێکیان پێویستی بەوی دیکەیە.

---

١): "المهاجر من هجر ما نهى الله عنه". پێشەوا بوخاری (١٠، ٦٤٨٤) لە فەرموودەیەکی عەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە (ﷺ).

مەبەست: کۆچکردن بۆ لای خوا (ﷻ) وازهێنان لەو کردار و گوفتارانە لەخۆ دەگرێت خوا پێی ناخۆشە و قەدەغەی کردوون. لە هەمان کاتدا دەبێت ئەو کردار و گوفتارانەش ئەنجام بدەین خوا پێی خۆشە و فەرمانی پێکردوون.

ناوەرۆکی بابەتەکەش لە بنەڕەتەوە (خۆشەویستی) و (ڕق و کینەیە)، چونکە کۆچکەر کۆچ دەکات لە شتێکەوە بۆ شتێکی دیکە، واز لە شتێك دێنێت بۆ شتێکی دیکە. لەبەرئەوە پێویستە ئەو شتەی کۆچی بۆ دەکات خۆشەویستتر بێت لەلای لەو شتەی کۆچی لێ کردووە و بەجێی هێشتووە. یەکێك لەم دوو شتە، کامیان خۆشەویستترە لەلای، کاردەکاتە سەر ئەوی دیکە و کۆچ دەکات بۆ لای. ئەگەر یەکەمیان دەروونی مرۆڤ و حەز و ئارەزووەکانی بێت، بانگی دەکەن بۆ سەرپێچی خوا و پێچەوانەی کارکردن بەو جۆرەی خوا خۆشی دەوێت و پێی ڕازییە. لەم کاتەدا گیرۆدەی دەروونی خۆی و حەز و ئارەزووەکانی و شەیتان دەبێت. بەردەوام بانگی دەکەن بۆ کارگەلێك ڕەزامەندی خوای لەسەر نییە. ئەگەر باوەڕیش[1] بەسەریدا زاڵ بوو، بانگی دەکات بۆ ئەنجامدانی ئەو کردار و ڕەفتارانەی خوا پێی ڕازییە و فەرمانی پێکردووە. لەبەرئەوە پێویستە لەسەری لە هەموو کاتێکدا کۆچ بکات بۆ لای خوا (ﷻ)، هەتاکو مردنیش واز لە کۆچ نەهێنێت و دەستی لێ هەڵنەگرێت.

---

١): الإيمان.

بەشی چوارەم

هـۆکاری بەهێزی و لاوازی کـۆچ

بەپێی بەهێزی و لاوازی پاڵنەری خۆشەویستی، ئەم کۆچەش هەندێکجار بەهێز و هەندێکجاریش لاواز دەبێت. هەرکاتێك پاڵنەری خۆشەویستی لە دڵی بەندەدا بەهێزتر بێت. ئەم کۆچەش بەهێزتر و تەواوتر و بێ کەموکورتیتر دەبێت. ئەگەر پاڵنەرەکەش لاواز بوو، کۆچەکەش لاواز دەبێت، هەتاکوو دەگاتە ئاستێك هەست بە بوونی ناکەین. تەنانەت زانست و زانیاری پێویستیشمان نییە لەسەری. لەپووی کرداریشەوە هیچ ویستێکمان لەسەری نییە و ناجوڵێین و کارناکەین بەرەو کۆچکردن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ).

چەندان کردار و گوفتاری موسوڵمانیش هەیە بەڕاستی جێی سەرسوڕمانە، بۆنموونە، بازنەی قسەکانی فراوان دەکاتەوە، چەندان لق و بەشی لاوەکی لە پرسی کۆچ لە وڵاتی بێباوەڕییەوە بۆ وڵاتی ئیسلام دروست دەکات، ئایا کۆچ بە ئازادکردنی وڵاتی بێباوەڕی کۆتایی دێت؟ ئەم کۆچەش پێچەوانەی کردار و گوفتاریەتی و لەوانەیە هەرگیز لە تەمەنیدا پەیڕەوی نەکات.

ئەم کۆچەش پێویستە بەدرێژایی ژیان و لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا ئەنجامی بدەین، تەنها بە زانست و حەز و خۆزگە هەبوونی دەستناکەوێت. بەڵکوو دەبێت بە کردار پەیڕەوی بکەین و تەنها بۆ خوای بەدیهێنەریشمان ئەنجامی بدەین. دەبێت سەرقاڵیش بین تەنها بەڕەزامەندیی ئەو خوایەوە تاکە ڕزگارکەر و فریادڕەسمانە، بەڵام بەداخەوە، ئەمە بارودۆخی ئەو کەسانەیە بینایییان لێڵ و تاریك بووە. پەردەیەکی ڕەش بەرچاوی گرتوون. زانیارییان لە ئاستی زانست و کردارەکاندا لاواز

بووە. خواش یارمەتیدەرە، سەرکەوتنیش هەر لە خواوەیە، هیچ خوایەکیش نییە جگە لە ئەو، هیچ پەروەردگارێکی بە حەق پەرستراویش نییە جگە لە ئەو.

****

بەشی پێنجەم

کۆچ بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ)

کۆچ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کارێکە تەنها شوێنەوارەکەی دەمێنێتەوە، ڕێبازێکە هیچ ڕێچکەیەکی لێنامێنێتەوە تەنها شوێنپێکانی نەبێت. ڕاستەڕێیەکە تەپوتۆز داپۆشیوە و تەنها شوێنەوارەکەی هێشتووەتەوە. وشکەسالّی بەسەردا هاتووە و کانیاو و سەرچاوەی ئاوەکانی وشک کردووە. لەبەرئەوە ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە نامۆن لەنێوان خەڵکیدا. لەنێوان هەموو زیندووان و سەرپێچیکاراندا دەگمەنن. لە نزیکترین جێگاوە دوورن. هەرچەندە دراوسێکانی زۆر بن هەر تەنها و گۆشەگیرە. حەزی لەو کردار و گوفتارانە نییە زۆرینەی خەڵک پێوەی سەرقاڵن، لە هەمان کاتدا حەزی لەو کردار و گوفتارانەیە زۆرینەی خەڵک حەزی لێناکەن و سەرقاڵ نین پێوەی، کەچی ئەم سەرقاڵە پێوەی. نیشتەجێیە کاتێک خەڵک کۆچ دەکەن و دەڕۆن، کاتێکیش خەڵک نیشتەجێ دەبن کۆچ دەکات و دەڕوات. لەڕێگای بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیدا بە تەنهایە و کەس هاوەڵی نییە. ئۆقرە ناگرێت هەتاکو بە ئامانجی خۆی دەگات. بەکورتی کەسێکە تەنها بە جەستە لەناو خەڵکیدایە، ئەگینا بە گیان (ڕوح) لێیان جیاوازە، ئامانج و مەبەستی جیاوازی هەیە. خەڵک لە داواکردنی ڕێنمایدا (هیدایەت) نووستوون و شەویش بەسەر نووستووواندا درێژنابێتەوە، بەڵکوو کاتەکەی دیاریکراوە و هەتاهەتایی نییە. خەڵک دانیشتوون و لە کۆچ بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کۆڵیانداوە، بەڵام ڕێبواری ئەم ڕێگایە چوست و چالاکانە بەردەوامە لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکەی. خەڵک سەرکۆنەی دەکەن بەهۆی جیاوازی ڕاکانیەوە لەگەڵیاندا. لەسەر نەزانی و ئارەزووەکانی خۆیان سەرزەنشتی دەکەن. گومان بارانی دەکەن، هەمیشە چاویان لەسەریەتی، بە گومانی زۆری پەرستش و سوپاسگوزارییەکانی بەردەوام چاودێری دەکەن، ﴿فَتَرَبَّصُوا إِنَّا مَعَكُمْ مُتَرَبِّصُونَ

(٥٢)﴾. ﴿التوبە:٥٢﴾. ﴿ قَالَ رَبِّ احْكُمْ بِالْحَقِّ وَرَبُّنَا الرَّحْمَنُ الْمُسْتَعَانُ عَلَى مَا تَصِفُونَ (١١٢)﴾. (الانبياء:١١٢).

نحن و إياكم نموت و لا

أفلح عند الحساب من ندما[١]

مەبەست: ئەم کۆچە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) کارێکی زۆر قورسە. پێگاکەشی سەبارەت بەو کەسانەی حەزیان لێی نییە زۆر دوور و سەختە و پڕ لە هەوراز و نشێوە.

بعيد على كسلان أو ذي ملالة

و أما على المشتاق فهو قريب[٢]

بەخشندەیی خواش پووناکییەکە دەدرەوشێتەوە، بەڵام تۆ تاریکی ئەو پووناکییەیت، مانگی چواردەیە و پۆژهەڵات و پۆژئاوای زەوی پووناك دەکاتەوە، بەڵام

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە مەرگی هەمووان دەکات و هەر کەسێکیش لەم ژیانەدا کاری چاکەی نەکردبێت و لە پۆژی دوایدا پەشیمان بێت لە کار و کردەوەکانی، بێگومان لە لێپرسینەوەی پۆژی دوایدا سەرفراز و سەرکەوتوو نابێت.

٢): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بەو گەشتە دەکات مرۆڤ لەم ڕێگایەدا دەیگرێتەبەر و بە ڕێگایەکی دوورودرێژ و سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێوی دادەنێت لەسەر ئەو کەسانەی لاواز و تەمەڵن و ئارەزووی بڕینی ئەم ڕێگایەیان نییە، بەڵام لای کەسانێك ئارەزووی ئەم گەشتە دەکەن و تامەزرۆی ڕێگا و ڕێبازەکەن زۆر نزیك و ئاسانە و بە زووترین کات دەگەنە دوا مەنزڵ و شوێنی مەبەست. (دێڕە شیعرێکی جەمیل بن موعەمەرە، سەیری "ديوان المعانى" بکە، لا (١٢٩/٢).

تۆ هەور و پەڵەی تاریکیت و بەری ئەو مانگەت گرتووە. کانیاوێکی پوون و سازگارە، بەڵام تۆ لێڵی و قوڕ و لیتەی ئاوەکەیت. ڕستەیەکە هەواڵێکی مەزنی تیادایە، بەڵام تۆ هیچ ئاگات لێی نییە.

ئێستاش گوێ لە کاروباری ئەم کۆچە و ئامادەکانی بگرە. پاشان لە خۆت بپرسەوە (تەنها لەنێوان خۆت و خوادا (ﷻ))، ئایا تۆ لەو کەسانەیت ئەم ڕێگایەت گرتووەتەبەر و کۆچی بۆ دەکەیت یان لێی هەڵدێیت؟

سنووری ئەم کۆچەش: گەشی هزرە لە هەموو پرسێك لە پرسەکانی باوەڕ، هەموو بەڵا و ناخۆشییەك لە ناخۆشییەکانی دڵ، هەموو ڕووداوێك لە ڕووداوەکانی بڕیاری خوایی. هەتاکو دەگاتە ناوەڕۆکی ڕاستییەکان و سەرچاوەی ڕووناکییەك لە زمانێکی ڕاستگۆوە وەرگیرا بێت و هەموو لایەك گەواهی ڕاستگۆیی بۆ دەدەن، زمانێك بە ئارەزووی خۆی نادوێت. ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى (٤)﴾. (النجم:٤). هەر بابەتێك خۆری پەیامەکەی لێی دابوو وەری بگرە، ئەگەر نا فڕێیبدە دەریای تاریکییەوە. هەر کەسێك گەواهیدا بۆ ئەم پەیامبەرە پاك و ڕاستگۆیە و کاری بە فەرموودە و پەیامەکەی کرد، هاوەڵی بکە. ئەگەر نا، بە کەسانی جێ گومان و تۆمەت هەژماری بکە. ئەمە سنووری ئەم کۆچەیە.

کەسێك بڕواتە شارێك و تیایدا نیشتەجێ ببێت، بەئاسانی سروشت و دابونەریتی ئەو شارە وەرناگرێت، بەڵکوو لەسەر سروشت و دابونەریتی خۆی دەمێنێتەوە. کەسێك بە هاوڵاتی ئەو شارە دادەنرێت تیایدا لەدایك بووبێت و پەروەردە بووبێت. بۆنموونە، کەسێك دەڵێت: ئێمە لەسەر ڕێگای باوباپیرانمان

دەڕۆین، دەست بـە ڕێبـازی ئەوانـەوە دەگـرین، شـوێنکەوتەی کـەلتور و شـوێنەواری ئەوانین، باوباپیرانمان پێشەوامانن و لە تێگەیشتنی ئەوانەوە ڕێنمایی وەردەگرین. ئەم کۆچە چـیە تـۆ باسـی دەکـەیت؟! لێپرسـراوێتی ئـەم قسـە و بیرکردنەوانـە هـەمووی دەکەوێتە ئەستۆیان، چونکە لە زانین و ناسینەوەی ڕێگای ڕزگاربوون و سـەرفرازیاندا پشتی پێ دەبەستن. بیانووشیان ئەوەیـە بیروبۆچـوونی باوباپیرانیـان باشـترە بۆیـان وەک لە بیروبۆچوونی خۆیان. بیرکردنەوە و تێگەیشـتنی ئـەوان ڕاسـتتر و گونجـاوترە وەک لە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی خۆیان.

ئەگەر بەدوای سەرچاوەی ئەم بیانووەشدا بڕۆیت و بچیتە بنج و بنەوانییەوە، دەبینیت لە زەمینـەی بێکـاری و مایەپووچـییەوە سەرچـاوەی گرتـووە. لـەدایکبووی نێوان تۆوی تەمەڵی و منالّدانی بێزارییە.

مەبەسـت: ئـەم کۆچـە ئـەرکی سەرشـانی هـەموو موسـوڵمانێکە. نـاوەرۆکی خوازراوی ئەو گەواهیدانەیە دەڵێین (ﷺ) نێردراوی خوایە[1]. هەروەک چۆن ناوەرۆکی کۆچی یەکەم دەیخواست و گەواهیدان بوو بەو ڕاستی و بنەمایەی ﴿هیچ خوایەکی بـە حەق پەرستراو نییە جگە لە ألله﴾[2].

سەبارەت بەم دوو کۆچەش لێپرسینەوە لە هەموو مرۆڤێك دەکرێـت، چ لـەناو گۆڕدا و چ لە ڕۆژی دوایدا. هەروەها لە دونیاشدا داوای ئـەم دوو کۆچـەی لێـدەکرێت، چونکە ڕاستییەکەی لە هەر سێ شوێنەکەدا لێی داوا دەکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت. سێ شوێنەکەش بریتیە لە: دنیـا، ناو گۆڕ، ڕۆژی دوایی.

---

١): محمد رسول ألله.

٢): لا اله الا ألله.

قەتادە دەفەرموێت: دوو بابەت هەیە هەموو کەسێك لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت لەبارەیەوە، جا چ مرۆڤی ئەم سەردەمە بێت یان مرۆڤی چاخەکانی پێشوو، ئەو دوو بابەتەش بریتین لە: چیتان دەپەرست؟ چۆن وەڵامی پێغەمبەرانتان دایەوە؟[1]

ڕاستییەکەی ئەم دوو بابەتەش ناوەرۆکی شایەتومانن: خواش (ﷻ) فەرموویەتی: ﴿فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ حَتَّى يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا فِي أَنْفُسِهِمْ حَرَجًا مِمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (٦٥)﴾. (النساء: ٦٥). لێرەدا خوا (ﷻ) بە تاکە سوێندپێخوراوێك سوێندی خواردووە، ئەویش خۆیەتی. لەم ئایەتەشدا ئاماژە بەو بنەمایە دەدات باوەڕدار باوەڕەکەی جێگیر نابێت و لێی وەرناگیرێت و ناچێتە چوارچێوەی کۆمەڵەی بڕوادارانەوە هەتاکو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) داوەری نەکات لە هەموو ئەو بابەتانەی ناکۆکن تیایدا. لە هەموو ئەو بەشانەی ئایین مشتومڕی تیادا دەکەن و ناگەنە ئەنجام.

لێرەدا وشەی (هەموو) دەستەواژەیەکی گشتگیرە و هەموو بابەتێکی گرتووەتەوە. واتە ئەگەر قایل نەبین بە داوەری پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە هەموو بابەتێکی ئایینیدا و بڕیارەکەی پەسەند نەکەین، ئەم قایل نەبوونەمان دەبێتە هۆی نەهێشتنی باوەڕمان.

ناوەرۆکی ئایەتە پیرۆزەکەش تەنها لە قایل بوونێکی ڕووکەشدا کورت نەبووەتەوە، بەڵکوو پێویستە بە سنگ فراوانییەوە بڕیارەکەی وەربگرین، بە جۆرێك لە دەروونماندا هیچ ناچاربوون و پێناخۆش بوونێك نەبێت لەو بڕیارە. کەواتە دەبێت

---

١): شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە (رحمەالله) باسی ئەم بابەتە دەکات لە (مجموع الفتاوی) دا، (١٥/١٠٥)، لە وتەیەکی ئەبی عالیەوە.

بڕیار و داوەرییەکەی بەوپەڕی دڵفراوانییەوە وەربگرین و پێی قایل بین. نەک بە ئاڵۆزی و کەموکورتییەوە وەربگرین و بە کردار و گوفتاری نابەجێ بیشێوێنین، چونکە ئەمانە ڕەتکەرەوەی باوەڕن و نایهێڵن، بەڵکوو پێویستە بەتەواوی و بێ کەموکورتییەوە کاری پێبکەین و بە سنگ فراوانییەوە وەربگرین.

هەرکاتێکیش مرۆڤ ویستی پێگەی خۆی لەم کۆچەدا بزانێت، با سەیری بارودۆخی خۆی بکات. با سەیری دڵی خۆی بکات لەکاتی زانینی بڕیارەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) لەو بابەتانەدا پێچەوانەی مەبەست و ئارەزووی ئەون یان لەو بابەتانەدا لاسایی پێشینەکانی خۆی و باوباپیرانی دەکاتەوە، جا چ بابەتەکە گەورە بێت یان بچوک. ﴿ بَلِ الْإِنْسَانُ عَلَى نَفْسِهِ بَصِيرَةٌ (١٤) وَلَوْ أَلْقَى مَعَاذِيرَهُ (١٥)﴾، (القيامة/١٤-١٥). پاك و بێگەردی بۆ خوا (ﷻ)!

دڵی چەند کەس شکاوە لە چەندان دەق و ناوەرۆکەکانیان ئەگەر ئاشت نەکرێنەوە! لە هەمان کاتدا دڵی چەندان کەسیش گەرموگوڕە بەرانبەر چەندان دەق!

چەندان کەس هەیە دڵی پڕ غەم و ئازارە لە سەرچاوەکەیان!

ستبدو لهم تلك السرائر بالذي

يسوء و يخزي يوم تبلى السرائر[1]

---

١): لێرەدا هۆنەر ئامازە بە ڕۆژی دوایی دەدات. ڕۆژێکە هەموو نهێنییەکان ئاشکرا دەبن و چاك و خراپی هەموو کردار و ڕەفتارێك یەکلا دەبێتەوە. هەر کەسێك هەر کارێکی کردبێت و بە هەر مەبەستێکەوە کردبێتی، لای هەر کەس شاراوە بێت بۆی ئاشکرا دەبێت. هەر نهێنییەکیشی هەبووبێت و لە شوێنکەوتووانی شاردبێتەوە، بۆیان ئاشکرا دەبێت. هەندێك جار ئەو نهێنییانە دەبنە هۆی شەرمەزار بوونی مرۆڤ لەو ڕۆژەدا.

پاشان خوا (ﷻ) دریّغی نەکردووە لەمەدا و تەنانەت ئەم پاشکۆیەشی بۆ ئایەتەکە زیاد کردووە و دەفەرموێت: ﴿وَيُسَلِّمُوا تَسْلِيمًا (٦٥)﴾. [النساء: ٦٥]. چونکە بەدڵنیاییەوە باسی کارەکە دەکات و جەختی لەسەر کردووەتەوە و چاوگی کارەکەشی لە شوێنێکدا داناوە وەک ئەوە وایە دوو جار باسی کردبێت. ملکەچ بوونە بە فەرمانەکە، پەیڕەوکردن و جێبەجێکردنی بڕیارەکەیە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و ڕەزامەندی تەواوەوە، بەتەواوی خۆمانی ڕادەست دەکەین، نەک بە زۆر و لە ناچاریدا بێت یان لە بێدەسەلاتیدا دان بە خۆماندا بگرین، هەر وەک چۆن کەسێکی زۆر لێکراو لە بێدەسەلاتیدا ناچارە خۆی ڕادەستی دەسەلاتدارەکە بکات، بەڵکوو خۆبەدەستەوەدانی بەندەیەک بێت گەورەکەی خۆشبوێت و ملکەچی فەرمانەکانی بێت، ئەو گەورەیەی خۆشەویستترین کەسە لەلای. بزانێت بەختەوەری و سەرفرازی لە خۆبەدەستەوە دانیایەتی بەم گەورەیەی. بزانێت ئەو گەورەیەی لە خۆی لەپێشترە بۆی، لە خۆی چاکترە بۆی، لە خۆی بە بەزەیترە بۆی. لە خۆی دڵسۆزترە بۆی و ئامۆژگاری بەسوودتری دەکات، لە خۆی زاناترە بە بەرژەوەندییەکانی، لە خۆی بە تواناترە لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی.

هەر کاتێک مرۆڤ ئەم ڕاستییانەی زانی دەستکەوتەکانی بەهۆی پەیڕەوکردنی ڕێبازی پێغەمبەری خواوەیە (ﷺ)، بەتەواوی خۆی ڕادەست دەکات و درود و سڵاوی بۆ دەنێرێت. هەموو گەردێکی دڵی شوێنکەوتەی ڕێبازەکەی دەبێت و پەیڕەوی فەرمانەکانی دەکات. دەگاتە ئەو ڕاستییەی بەختەوەر نابێت ئەگەر بەتەواوی پەیڕەوی فەرمانەکانی نەکات و شوێنکەوتەی ڕێبازەکەی نەبێت.

ئەمەش بابەتێکە واتاکەی تەنها بە وتن دەستناکەوێت، بەڵکوو کارێکە و دڵ بۆی دەکرێتەوە و لە ناخیدا جێگیر دەبێت، تەنها وتن بەس نییە بۆ دەستکەوتنی ناوەرۆکی واتاکەی. بە بانگەواز و خۆزگەش هەڵپەی دەستکەوتنی سوودی نییە.

فكل يَدَّعون وصال ليلى

و لكن لا تُقِرُّ لهم بذاكا[1]

جیاوازیش هەیە لەنێوان زانستی خۆشەویستی و بارودۆخی خۆشەویستیدا، چونکە زۆرجار لای مرۆڤ زانست و زانیاری لەبارەی شتێك و بوونی ئەو شتە تێکەڵ دەبێت، بۆنموونە، جیاوازی هەیە لەنێوان نەخۆشێك بزانێت تەندروستی و لەش ساغی چیە، لەکاتێکدا گیرۆدەی دەستی نەخۆشی و ئازارە لەگەڵ لەشساغێکدا ئەگەر بەباشی پەستی لەش ساغی و تەندروستی نەکات و نرخی نەزانێت.

هەروەها جیاوازی هەیە لەنێوان پەسنی ترس و هەبوونی زانیاری تەواو لەبارەی ترسەوە لەگەڵ کەسێکدا خۆی لە بارودۆخێکی پڕ مەترسیدا ژیا بێت و مەرگی بە چاوی خۆی دیبێت.

بەوردی سەیری بکە و لێی ڕابمێنە، خوا (ﷻ) بە چەندان شێوازی دڵنیاکردنەوە جەختی لەسەر ناوەرۆکی ئەو واتایە کردووەتەوە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا و باسی کردووە:

یەکەم: هەندێك کەس گومان دەکەن و لەڕووی ڕێزمانییەوە (زانستی نەحو)[2] بە هەڵەدا چوون، چونکە لەڕووی ڕێزمانییەوە لەبەر نهێنییەك لە سوێندخواردنا بەم جۆرە داڕێژراوە و بریتییە لە باسکردن و لەخۆگرتنی ناوەرۆکی سوێند لەسەر

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە هەڵوێستی خەڵك دەکات و ڕای وایە نابێت هەر بە خۆزگە و قسەکردن باسی گەشتن بە ئامانجێك بکەن، بەڵکوو دەبێت بە کردار و ڕەفتاری شیاو بەو ئامانجە هەوڵی بۆ بدەن و تا گەشتن بە ئامانجەکەش کۆڵ نەدەن. هەر وەك چۆن هەمووان بە قسە و بە خەیاڵ داوای ئافرەتی جوان و گەشتن بە کچە جوانەکانی وەك ئەکتەری چیرۆکە خەیاڵی و فۆلکلۆرییەکان دەکەن، بەڵام بەم قسە و خەیاڵ و داواکارییەیان ناگەنە مەبەست و پێیان نابەخشرێت.

٢): بە (لا) ی ناهیة (نەرێ) دەستی پێکردووە، نەك (لا) ی زائدة (زیادە)، چونکە هەندێك کەس وا گومان دەکەن.

خوراوەکە بە شێوازی نەرێ، لێرەشدا ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەیە ﴿لا یؤمنون﴾، (النساء:٦٥). ئەمەش شێوازێکی باوە لە زمانی عەرەبی و گفتوگۆی عەرەبدا، ئەگەر سوێندیان خوارد لەسەر پەتکردنەوەی شتێك، پستەی سوێندخواردنەکەیان بە ئامرازی نەرێ دەست پێ دەکەن. وەکوو ئەم ئایەتە پیرۆزە. هەروەها وەکوو ئەو فەرموودەیەی پێشەوا ئەبوبەکری صدیق (ﷺ) دەفەرموێت: "لا هـا الله، لا یعمد الی أسد من أُسدالله یقاتل عن الله و رسوله، فیُعطیك سَلبه"[١].

هۆنەریش دەڵێت[٢]:

فلا و أبـیكِ ابنةَ العامري

ي لا یَدَّعِي القومُ أنِّي أفِرّ[٣]

هۆنەرێکی دیکەش دەڵێت[٤]:

فلا و الله لا یُلفی لما بي

و لا لِلما بِهِم أبداً دواءُ[٥]

---

١): بوخاری (٣١٤٢)، موسلیم (١٧٥)، لە فەرموودەیەکی ئەبی قەتادەوە (ﷺ).

٢): دێرە هۆنراوەیەکی (ئەمرولقەیس)ە لە دیوانەکەیدا. ل ١٥٤.

٣): لێرەدا هۆنەر بەو شێوازە کلاسیکییە سوێند دەخوات لەناو عەرەبدا باو بووە و بۆ سوربوونە لەسەر ڕای خۆیان لەکاتی گفتوگۆدا. سوێندخواردنێکی پاك و بێگەردی عاشقانەیە و بۆ دڵنیایدانە بە کەسی بەرامبەر.

٤): دێرە شیعرێکە لە هۆنراوەیەکی درێژی موسلیمی کوڕی مەعبەدی والیبی. سەیری (خزانة الأدب) بکە (٣٠٨/٢).

٥): بۆ دڵنیایدان بە کەسی بەرامبەر سەبارەت بە هەڵوێستی قسەکەر ئەم جۆرە سوێندە لە زۆر بواردا بەکارهاتووە وەك بواری وێژە و شیعر.

بەکورتی و پوختی ئەم شێوازی سوێندخواردنە لای عەرەبەکان و زمانی عەرەبی زۆر لەو نموونانە زیاترە باسکرا.

پاشان لەو ڕستانەی سوێندخواردن ڕابمێنە لە قورئانی پیرۆزدا هاتوون و بە ئامرازی (نەرێ) دەستیان پێکردووە. دەبینیت چۆن سوێند لەسەرخوراوەکەی ڕەتکردووەتەوە و ناوەرۆکی نەرێی لەخۆ گرتووە. بێگومان ئەم ئایەتە پیرۆزەش لە چوارچێوەی ئەم بابەتە بەدەر نییە تیایدا خوا (ﷻ) دەفەرموێت:﴿فَلَا أُقْسِمُ بِمَوَاقِعِ النُّجُومِ (٧٥) وَإِنَّهُ لَقَسَمٌ لَوْ تَعْلَمُونَ عَظِيمٌ (٧٦) إِنَّهُ لَقُرْآنٌ كَرِيمٌ (٧٧)﴾. (الواقعة: ٧٥-٧٧)، چونکە مەبەست لەم سوێندخواردنە ڕەتکردنەوەی قسە و قسەلۆکی بێباوەڕانە سەبارەت بە قورئان و دەیانوت: هۆنراوەیە، فاڵچێتی و جادووبازییە، ئەفسانەی نەتەوەکانی پێشووە.

لێرەدا دەبینین چۆن سوێندەکە بە ئامرازی نەرێ دەستی پێکردووە. پاشان پێچەوانەی قسە و قسەلۆکی بێباوەڕانمان بۆ دەسەلمێنێت، چونکە ئایەتە پیرۆزەکە ناوەرۆکی واتاکەی لەخۆ گرتووە. بە شێوازی فەرمانپێدانیش نەهاتووە وەک چۆن بێباوەڕان لەناو خەڵکیدا بانگەشەیان بۆ دەکرد، بەڵکوو ئەمە قورئانی پیرۆزە.

هەر لەبەر ئەمەشە بەڕاشکاوی و بە دوو شێواز لە چەندان ئایەتی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بەم بنەمایە داوە: شێوازی ڕەتکردنەوە و سەلماندن. وەکوو ئەم ئایەتە پیرۆزە: ﴿فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ (١٥) الْجَوَارِ الْكُنَّسِ (١٦) وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ (١٧) وَالصُّبْحِ إِذَا تَنَفَّسَ (١٨) إِنَّهُ لَقَوْلُ رَسُولٍ كَرِيمٍ (١٩)﴾. [التكوير:١٥-١٩].

هەروەها دەفەرموێت: ﴿لَا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيَامَةِ (١) وَلَا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوَّامَةِ (٢) أَيَحْسَبُ الْإِنْسَانُ أَلَّنْ نَجْمَعَ عِظَامَهُ (٣) بَلَى قَادِرِينَ عَلَى أَنْ نُسَوِّيَ بَنَانَهُ (٤)﴾، [القيامة: ١-٤].

مەبەست: دەستپێکردنی ئەم شێوازی سوێندخواردنە بە ئامرازی نەرێ بەهێزکردنی سوێند لەسەرخوراوەکە و جەخت لەسەر کردنەوە و بەتوندی ڕەتکردنەوەی دەخوازێت.

دووەم: جەخت لەسەر کردنەوەی بە هەمان شێوازی سوێندخواردن.

سێیەم: جەخت لەسەر کردنەوەی بە سوێند پێخوراوەکە. ئەمەش سوێند خواردنیەتی بە خودی خۆی، نەک بە شتێکی دیکە لە دروستکراوەکانی، چونکە هەندێك جار خوا (ﷻ) سوێند بە خۆی دەخوات، هەندێك جاریش سوێند بە دروستکراوەکانی دەخوات. بەڵام لە شێوازی سوێندخواردنەدا بنەمایەکی دیکەی پەیڕەو کردووە و لە زمانی عەرەبیشدا گرنگی پێ دەدرێت.

چوارەم: بە شێوازێك جەختی لەسەر کردووەتەوە هیچ نیگەرانی و ناچارییەکی تیادا نەهێشتووەتەوە و پێویستە بەتەواوی خۆمان ڕادەستی ئەم فەرمان و بڕیارە بکەین.

پێنجەم: جەخت کردنەوە لەسەر کارەکە (فِعل) بە چاوگ (مَصْدَر).

ئەم جەختکردنەوە و گرنگیپێدانەش تەنها لەبەر پێویستی زۆرە بەم بابەتە مەزنە. لەبەر گرنگی بابەتەکەشە، بەم جۆرە گرنگی پێ دەدات و لە دەروونی مرۆڤدا جێگیری دەکات، چونکە بابەتێکە لەوپەڕی ڕێزگرتن و بایەخپێداندایە:

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿النَّبِيُّ أَوْلَى بِالْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنْفُسِهِمْ﴾، [الأحزاب:٦]. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕاستییەی ئەگەر پێغەمبەر (ﷺ) لەپێشتر و خۆشەویستتر نەبوو لای مرۆڤ، تەنانەت لە خودی خۆیشی، ئەو مرۆڤە لە کۆمەڵەی باوەڕداران هەژمار ناکرێت. ئەم لەپێشتر دانانەش چەندان ڕاستی و بنەما لەخۆ دەگرێت، لەوانەش:

دەبێت مرۆڤ پێغەمبەری (ﷺ) لە خودی خۆی خۆشتر بووێت، چونکە لە بنەڕەتدا کاری لەپێشینە خۆشەویستییە، مرۆڤیش خۆی لە لا خۆشەویستترە وەک لە کەسانی دیکە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە پێغەمبەر (ﷺ) لەپێشتر و خۆشەویستتر بێت لە لای مرۆڤ لە هەموو کەسی دیکە، تەنانەت لە خودی خۆشی. لەبەرئەوەی بەم خۆشەویستییەوە ناوی باوەڕ و باوەڕداری دەست دەکەوێت.

ئەم لەپێشتر دانان و خۆشەویستییەش وا دەخوازێت بەتەواوی بە پێشەوای خۆمانی دابنێین و گوێڕایەڵی بین و بە بڕیارەکانی ڕازی بین و خۆمانی ڕادەست بکەین. چی دیکەش پێویستە بۆ سەلماندنی ئەو خۆشەویستییە بە کردار و گوفتار پەیڕەوی بکەین، بۆنموونە، داوەری و بڕیارەکانی پەسەند بکەین و پێی قایل بین، پەیڕەوی فەرمانەکانی بکەین و جێبەجێی بکەین. گەورەیی و خۆشەویستی ئەو لەپێش هەموو کەسێکی دیکەوە دابنێین، تەنانەت خودی خۆشمان.

لەوانەش: لە بنەڕەتدا مرۆڤ نابێت خۆی بڕیار بۆ خۆی بدات و بەپێی ویستی خۆی بێت، بەڵکوو دەبێت پەیڕەوی بڕیارەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و بڕیاردانی مرۆڤ بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بێت و بەپێی ویستی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، چونکە بڕیاری پێغەمبەر (ﷺ) بۆ مرۆڤ زۆر باشترە لە بڕیاری گەورەیەك بەسەر بەندەکەیدا یان بڕیارێ باوك بەسەر منالەکانیدا. کەواتە نابێت هەرگیز مرۆڤ بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوت بکات، بەڵکوو دەبێت پێغەمبەر (ﷺ) شێوازی ئەم هەڵسوکەوتەی بۆ دیاری بکات، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) لەپێشترە بۆ مرۆڤ، تەنانەت لە خودی خۆشی.

چەندە جێی سەرسوڕمانە! چۆن ئەم خۆشەویستییە بۆ کەسێك دروست دەبێت پەیامەکەی پێغەمبەری (ﷺ) فەرامۆش کردبێت و لە پێگەی داوەری و بڕیاردانداً لایبردبێت و بە داوەری و بڕیاری کەسانی دیکە ڕازی بێت و بە تەواوی باوەڕییەوە پەسەندی بکات. لە داوەری و بڕیاری کەسانی دیکە دڵنیاترە وەك لە داوەری و بڕیاری پێغەمبەر (ﷺ) . بانگەشەی ئەوەش دەکات ڕێنمایی و ڕێگای ڕاست لە پەیامەکەی پێغەمبەردا (ﷺ) نادۆزێتەوە، بەڵکوو لە بەڵگە و ئاماژەکانی ئاوەز و ژیری مرۆڤدا دەیدۆزێتەوە. ئەو پەیامەش پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی بۆ دڵنیابوون لە بابەتەکان و وەڵامی پرسیارەکانی مرۆڤ هیچ سوودێکی نییە.

ئەمانە و چەندان وتە و قسەی دیکە لە ناوەڕۆکیاندا ڕەتکردنەوە و دژایەتی پێغەمبەر و (ﷺ) پەیامەکەی لەخۆ دەگرێت. بەم جۆرە زانستێکی بەسوود

دەگۆڕنـەوە بـە بـیر و ڕایـەکی پـوچ و بێبـەها. ڕاسـتییەکەی ئەمەیـە گـومڕایی و سەرلێشێوانی دیار و ئاشکرا.

هیچ ڕێگایەکیش نییە بۆ سەلماندنی ئەم خۆشەویستی و لەپێشتر دانانە، جگە لە فەرامۆشکردن و گرنگی نەدانی تایبەتی بە کەسانی دیکـە، بـەڵکوو دەبێـت گرنگـی تایبـەتی تـەنها بـە پێغەمبـەر (ﷺ) بـدرێت و بکرێـت بـە سەرپەرشـتیاری هـەموو کاروبارەکان و بەپێی فەرموودەکانی ئەو پرسـی کاروبارەکـان لێکبدرێتـەوە و بڕیـاری یەکلاکەرەوە بدرێت. پێویستە هەرکەسێکی دیکە هەرچییەکی وتووە پەراوێز بخرێت و تەنها فەرموودەکانی ئەو پێش بخرێـت. دەبێـت بەرهەڵسـتی هـەموو پـەیام و ڕێبـازی کەسانی دیکە بکرێت و کار بکرێت بـۆ سەرخسـتنی پەیامەکـەی ئـەو. ئەگـەر گـەواهی بدەیت بۆ پێغەمبەر (ﷺ) بە ڕاسـتی و دروسـتی پەیامەکـەی و پێغەمبەرایەتییەکـەی، باوەڕەکەت پەسەند دەکرێت، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو، واتە ئەگەر باوەڕمان وا بێت پەیام و ڕێبازەکەی نـاڕەوا و بـێ بنەمایـە، ئـەوا باوەڕەکـەمان ڕەتدەکرێتـەوە و وەرناگیرێت. ئەگەر کەسێکیش گەواهیدانی بە ڕەوا و ناڕەوا، بە دروستی و نادروستی پەیامەکەی یەکلا نەکاتەوە و ڕوونی نەکاتـەوە، باوەڕەکـەی دەچـێتە ئاسـتی قسـە و قسەڵۆکی جوولەکە و گاورەکانەوە. پاشان باوەڕەکەی دەوەسـتێنرێت هـەتاکو خـۆی یەکلا دەکاتەوە کامیـان هەڵدەبـژێرێت و لەپێشـتری دادەنێـت. ئەگـەر ڕێگـای ئـایینی پیرۆزی ئیسلامی هەڵبژارد و گەواهیدا هیچ خوایەك نییە جگە لە (اللّٰه)، موحەممەدیش (ﷺ) بەندە و نێردراوی ئەوە، پێغەمبەری لە لا خۆشەویستتر و لەپێشتر بوو لە هەموو کەسێکی دیکـە، بیروبـاوەڕی دامـەزراو بـوو، لەسـەر ئـەم بنەمایـە، ئـەوا باوەڕەکـەی وەردەگیرێت و پەسەند دەکرێت. (إن شاءالله).

هەرکەسێکیش ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر، گەشتەکەی بۆ ئاسان دەکرێت و لەسەری بەردەوام دەبێت. کاروباری گەشتەکە و زانست و زانیاری سەبارەت بە کۆچکردنەکەی بۆ ئاسان دەکرێت و لەسەر گەشتەکەی بەردەوام دەبێت. لە هەموو لایەکیشەوە ئاڕاستە و ڕێگای ڕاست و دروستی نیشان دەدرێت و لە وێستگە جیاوازەکانی گەشتەکەیدا پێشوازی لێدەکرێت.

جێی سەرسوڕمانیشە کەسێك هەموو هەوڵ و کۆشش و بیروڕا و بیرکردنەوەی سەرقاڵە بە وتە و بیروڕای کەسانی دیکەوە و گرنگییان پێدەدات و پەسەندیان دەکات. جۆش و خرۆشێکی تایبەتی هەیە بۆیان و لەسەریان تووڕە دەبێت، بە داوەرییان ڕازی دەبێت و بە بڕیارەکانیان قایل دەبێت. لە هەمان کاتدا بەرهەڵستی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) دەکات و ڕەتیان دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەگەر لەسەر هەمان پرس بێت. بە جۆرێك ئەگەر هەر فەرموودەیەکی پێغەمبەر (ﷺ) لە بەرژەوەندی بوو، پێی ڕازی دەبێت، ئەگەر پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانیشی بوو، چەندان فێڵ و پێچ و پەنا دەدۆزێتەوە و خۆی لە داوەری پێغەمبەر (ﷺ) دەدزێتەوە و بە بڕیارەکانی ڕازی نابێت. بە کردار و گوفتاریش زیادەڕەوی دەکات لە ڕەتدانەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بە ناڕەوایان دادەنێت. هەروەك چۆن خوا (ﷻ) فەرموویەتی: ﴿وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥)﴾، [النساء: ١٣٥].

بێگومان ئەم ئایەتە پیرۆزەش چەندان نهێنی مەزنی لەخۆ گرتووە، ئێمەش لەبەر پێویستی زۆری تێگەیشتن لە ناوەرۆکەکەی هەندێکیان باس دەکەین:

خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥)﴾، [النساء:١٣٥].

خوا (ﷻ) فەرمانی بە دادپەروەری کردووە، ئەویش پەیرەوکردنی یەکسانییە لەنێوان خەڵکیدا لەکاتی گەواهیداندا، جا ئیتر خزم بێت یان بێگانە. ئەم فەرمانەش دەبێت جێبەجێ بکرێت لە بەرانبەر هەموو کەسێکدا، تەنانەت دۆست بێت یان دوژمن بێت دەبێت دادپەروەر بین لەگەڵیدا. ڕاستترین و گونجاوترین بوارێکیش مرۆڤ تیایدا دادپەروەر بێت و گرنگی پێبدات: وتە و بیروڕای زانایان و پێشەوایان و ئایینزاکانە، چونکە پەیوەستە بە فەرمان و سنوورەکانی خواوە (ﷻ). لەبەرئەوە کردار و گوفتار لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا بەپێی ئارەزووی خۆمان یان بە دەمارگیرییەوە دژی فەرمانەکانی خوایە (ﷻ). پێچەوانەی ئەو ڕێباز و پەیامانەیە بە پێغەمبەرانیدا ناردوویەتی (علیهم السلام). کردار و گوفتاری دادپەروەرانەش لەم بوارەدا ئەرکی جێنشینانی پێغەمبەرە لەناو موسوڵمانانداا، ئەرکی ڕازگران و متمانەپێکراوانی خۆیەتی لەناو شوێنکەوتووانداا. بێگومان هەموو کەسێکیش شایستەی ناوی ڕازگر و ئەمانەتپارێزی نییە، جگە لەو کەسانەی بە دادپەروەری و یەکسانییەکی تەواوەوە کردار و گوفتارەکانیان لەم بوارەدا پەیرەو دەکەن. بەپێی وتەکانی خوا و قورئانەکەی و فەرموودەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئامۆژگاری خەڵک دەکەن و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەن.

ڕاستییەکەی ئەم کەسانە میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەر و پێغەمبەرانن (علیهم السلام)، نەک ئەو کەسانەی هاوڕێکانی یان بیروڕا و بانگەوازی کەسێکی دیاریکراو یان ئایینزاکەی خۆی دەکات بە پێوەر و سەنگی مەحەکی ڕاستییەکان. دژایەتی هەر کەسێك دەکات بیروڕای پێچەوانەی هەبێت لەگەڵیدا یان پشتگیری هەر کەسێك بکات هاوڕای بێت. ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی هاوڕایەتی یان هاوڕای نییە. ئایا ئەم هەڵوێستانە دەکەونە کوێی پەیڕەوکردنی ئەو دادپەروەرییەوە خوا (ﷻ) لەسەر هەموو کەسێك وەك ئەرکێك پێویستی کردووە؟

بێگومان ئەم دادپەروەرییەش لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا مەزنترین ئەرکی سەرشانی مرۆڤ و گەورەترین پێداویستی موسوڵمانانە.

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿شُهَدَاءَ لِلَّهِ﴾، (النساء: ١٣٥). بێگومان مرۆڤی گەواهیدەریش هەواڵدەرە. ئەگەر بە ڕاستی هەواڵەکەی گەیاند، ئەوە گەواهیدەرێکی دادپەروەرە و گەواهییەکەی پەسەند دەکرێت. ئەگەر بە ناڕەواش هەواڵەکەی گەیاند و ڕاستی ڕووداوەکەی باس نەکرد و شاردییەوە یان بە پێچەوانەوە باسی کرد، ئەوە دەبێتە گەواهیدانێکی ساختە. خواش (ﷻ) فەرمانی پێکردووین گەواهیدەری تاك و تەنیایی ئەو بین. لەگەڵ ئەوەشدا دادپەروەر بین. ناوەڕۆکی ئەم فەرمانەش ئەو بنەمایەی لەخۆ گرتووە دەبێت لە هەمان کاتدا ئەو گەواهیدانە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بێت. هەروەها دەبێت تەنها و تەنها بۆ خوا بێت، نەك کەسی دیکە.

بە هەمان شێوە خوا (ﷻ) لە ئایەتێکی پیرۆزی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ﴾، (المائدة:٨).

لێرەدا دەبینین ناوەرۆکی ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە چوار فەرمانی لەخۆ گرتووە:

یەکەم: پەیڕەوکردنی دادپەروەری.

دووەم: دەبێت پەیڕەوکردنی ئەو دادپەروەرییە تەنها بۆ خوا بێت.

سێیەم: گەواهیدانی دادپەروەرانە.

چوارەم: دەبێت ئەو گەواهیدانە دادپەروەرانەش تەنها بۆ خوا بێت.

ئایەتە پیرۆزەکەی سورەتی (النساء) تایبەت کراوە بە پەیڕەوکردنی کردار و گوفتاری دادپەروەرانە و گەواهیدان تەنها بۆ خوا (ﷻ). لە هەمان کاتدا ئایەتە پیرۆزەکەی سورەتی (المائدة) تایبەت کراوە بە پەیڕەوکردنی کردار و گوفتارەکان تەنها بۆ بۆ خوا و گەواهیدان بە دادپەروەرانە. هۆکاری ئەمەش بوونی نهێنییەکی سەرسوڕهێنەرە لە نهێنییەکانی قورئان، کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە.

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ﴾، [النساء:١٣٥].

لەسەر بنەمای ئەم ئایەتە پیرۆزە دەبینین خوا (ﷻ) فەرمانی پێکردووین دادپەروەر بین. بە دادپەروەریشەوە گەواهی بدەین بەسەر هەموو کەسێکدا، هەرچەندە خۆشەویستترین کەسیش بێت لامان. تەنانەت ئەگەر گەواهیدانەکە لەسەر

خودی خۆشی بێت. هەرچەندە لەسەر باوك و دایکیشی بێت، کە پەچەڵەکی کەسی گەواهیدەرن. با خزم و کەسە نزیکەکانیشی بن، کە تایبەتمەندی زیاتریان هەیە و لە کەسانی دیکە نزیکترن لێیەوە، چونکە ئەو خۆشەویستییەی مرۆڤ هەیەتی بۆ خودی خۆی و دایك و باوکی و خزم و کەسوکارە نزیکەکانی، دەبنە ڕێگر لە بەردەمیدا بۆ گەواهیدانی ڕاست و دروست و دادپەروەرانە لەسەریان. بەتایبەتی ئەگەر خاوەن مافەکە کەسێك بێت پێشتر ڕقی لێی بووبێت و دژایەتی کردبێت. لەم کاتەدا مرۆڤ بەشێوەیەکی دادپەروەرانە گەواهی نادات بۆیان مەگەر کەسێك خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) خۆشەویستترین ئاشنای بن.

ئەم هەڵوێستانەش باوەڕی مرۆڤی پێ تاقیدەکرێتەوە، چونکە پێگەی باوەڕ لە دڵیدا دەزانرێت و ئاستی مرۆڤەکە لە چوارچێوەی باوەڕدا دەردەکەوێت. پێچەوانەی ئەمەش دادپەروەری مرۆڤە بەرانبەر دوژمنەکانی و ئەو کەسانەی کردار و گوفتاری ناڕەوایان بەرانبەر کردووە، لەبەرئەوە پێویست ناکات ڕق و کینەی بەرانبەریان وایلێبکات ستەمیان لێبکات و مافیان زەوت بکات یان بە گەواهیدانی ساختە مافیان بفەوتێنێت. بە هەمان شێوە نابێت خۆشەویستی بۆ خۆی و دایك و باوك و خزم و کەسوکاری وایلێبکات لە بەرژەوەندی ئەوان گەواهی بدات و دادپەروەر نەبێت بەرانبەریان. سەرئەنجام مافی کەسانی دیکە زەوت بکات، چونکە نابێت ئەم ڕق و کینەیە گەواهی ساختە و ناڕەوای پێبدات، هەروەها نابێت بەهۆی ئەم خۆشەویستییەوە کەمتەرخەم بێت بەرانبەر وتنی ڕاستییەکان. هەروەك چۆن هەندێك لە پێشینانی چاکەکار فەرموویانە: "دادپەروەر کەسێکە ئەگەر تۆڕە بێت، تۆڕەبوونەکەی کردار و گوفتاری ناڕەوای پێناکات، ئەگەر هێور و لەسەرخۆش بوو یان

لە کەسێك ڕازی بوو، ئەم هێوری و ڕەزامەندییەی لە سنووری کردار و گوفتاری ڕەوا بەدەریناکات و زیادەڕەوی ناکات لە ماف پێدانیان، ئەگەر ناڕەواش بوون، چاوپۆشییان لێناکات".

کەواتە ناوەڕۆکی دوو ئایەتە پیرۆزەکە ئەم دوو ڕێسا و بنەمایە لەخۆ دەگرێت: دادپەروەری و گەواهیدانی دادپەروەرانە بەرانبەر دۆست و دوژمن.

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا﴾، [النساء:١٣٥]. واتە: ئەگەر گەواهی لەسەر دراوەکە دەوڵەمەند بوو، چاوەڕێی هەر دەستکەوت و قازانجێکتان لە دەوڵەمەندییەکەیەوە دەکرد، لەسەر بنەمای ئەم بیرکردنەوەیە گەواهی مەدەن، جا ئیتر لە بەرژەوەندی دەوڵەمەندەکە بێت یان لە دژی. بە هەمان شێوە ئەگەر گەواهی لەسەر دراوەکە کەسێکی هەژار و نەدار بوو، چاوەڕێی هیچ دەستکەوت و قازانجێکتان لێ نەدەکرد، نابێت ئەم ڕاستییە ببێتە هۆی گەواهینەدان یان گەوهیدانێك لە دژی بێت. بۆ کەسانی دەسەڵاتدار و خاوەن پلە و پایە یان بێدەسەڵات و کەسانی ئاسایی ناو کۆمەڵگاش بە هەمان شێوەیە. واتە نابێت لە ترسی دەسەڵاتدار بە جۆرێك گەواهی بدەین یان لەبەرئەوەی لە بێدەسەڵات ناترسین بە جۆرێکی دیکە گەواهی بدەین، چونکە بۆ ئێمە خوا (ﷻ) لەپێشترە وەك لە هەژار و دەوڵەمەند یان دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، خوا (ﷻ) پەروەردگار و سەرپەرشتیاری هەژار و دەوڵەمەندیشە، هەژار و دەوڵەمەندیش بەندەی خوان هەروەك چۆن ئێمە بەندەی خواین. لەبەرئەوە دەوڵەمەندتان خۆش نەوێت لەبەر

دەوڵەمەندییەکەی، ڕقیشتان لە هەژار نەبێت و بێ ئومێد بن لێی لەبەر هەژارییەکەی، چونکە خوا (ﷻ) لەپێشترە بۆتان وەك لە هەژار و دەوڵەمەند.

هەندێك جاریش لەم بارەیەوە قسەیەکی دیکە دەکرێت لەم قسەیەی ئێمە باشتر و جوانترە، قسەکەش بریتییە لە: لەوانەیە بترسن لە دادپەروەری و گەواهیدانی دادپەروەرانە بەسەر هەژار و دەوڵەمەنددا. سەبارەت بە دەوڵەمەند لە ترسی سەروەت و سامانەکەی، سەبارەت بە هەژاریش لە ترسی نەبوونی سەروەت و سامان و نەبوونی دەسەڵات و پارە و سامان.

هەندێکجار ئەم نەبوونییەی هەژار لە دەروونی هەندێك کەسدا دەبێتە ڕێگر تا گەواهییەکی دادپەروەرانەی بۆ بدەین و مافی بۆ بگەڕێتەوە. بەم کەسانە وتراوە: خوا (ﷻ) لەپێشترە بۆ ئێوە وەك لە دەوڵەمەند و هەژار. ئەم ڕاستییە بزانن، سۆز و بەزەیتان هەبێت. هەرگیز واز لە وتنی ڕاستییەکان و گەواهیدانی دادپەروەرانە مەهێنن، جا ئیتر بەرانبەر هەژار بێت یان دەوڵەمەند.

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَىٰ أَنْ تَعْدِلُوا﴾، [النساء: ١٣٥]. خوا (ﷻ) لەم بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەدا ڕێگریمان لێدەکات شوێن ئارەزوو بکەوین و ببێتە هۆی وازهێنان لە دادپەروەری و یەکسانی، بەتایبەتی لەکاتی گەواهیداندا.

ئـەو بەشـەی ئایەتـە پیرۆزەکـەش خـوا (ﷻ) دەفـەرموێت: ﴿أَنْ تَعْـدِلُوا﴾ مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە.[1]

پاشـان خـوا (ﷻ) دەفـەرموێت: ﴿وَإِنْ تَلْـوُوا أَوْ تُعْرِضُـوا فَـإِنَّ اللَّـهَ كَـانَ بِمَـا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥)﴾، ﴿النساء:١٣٥﴾.

لێرەدا خوا (ﷻ) دوو هۆکاری باس کردووە وا لە مرۆڤـ دەکـەن ڕاستییەکان بشـارنەوە. لـە دوو هۆکارەکـەش ئاگـاداری کردینەتـەوە و بـەڵێن و هەڕەشـەی سزادانیشمانی ئاماژە پێداوە. دوو هۆکارەکەش بریتین لە:

یەکەم: گـۆڕین (ڕاستییەکان بشێوێنین و بیانشـارینەوە یـان گۆڕانکـاری تێـدا بکەین).

دووەم: پشتێکردن (پشت بکەینە وتنی ڕاستییەکان یان دژایەتی ڕاستییەکان بکەین).

چـونکە ئەگـەر بەڵگـەی ڕاسـتییەکان سـەلمێنرا و ئاشـکرا بـوو. کەسـی گەواهیـدەریش ڕێگایـەکی نەدۆزییـەوە بـۆ خـۆلێلادان و نـەوتنی، پشـتی تێـدەکات و

---

١): چونکە جێگەکەی (منصوب)ە، بە جۆرێك (مفعول لأجلـه)یـە. دیـاریکردنی ئـەم بابەتـەش لای نەحوزانانی شاری بەصرە بە جۆرێکە باش نییە پەشـیمان ببینـەوە لـە گەواهیـدان یـان ئاگادارمـان دەکەنەوە لە پەشیمان بوونەوەی گەواهیدان، چـونکە شـوێنکەوتنی حـەز و ئـارەزوو دەبێتـە هـۆی خراپ تێگەیشتن لە دادپـەروەری یان نادادپـەروەری و هەڵهاتن لە ڕاستییەکان. بـەڵام بـە بۆچـوونی نـەحوزانانی شـاری کوفـە دیـاریکردنی ئـەم بابەتـە و ئامـاژەی نـاوەرۆکی بابەتەکـە وەك ئەوەیـە بفەرموێت: (أن لا تعدِلُوا). چونکە بە هـەمان شـێوە ڕەتکردنـەوەی نادادپـەروەرییـە. لـە ڕاستیشـدا تێگەیشتن و بیروڕای نەحوزانانی بەصرە جوانتر و ئاشکراترە.

دەیشارێتەوە و نایلێت یان کتومت وەکوو خۆی ڕاستییەکان نالێت. هەرکە ڕاستییەکانیشی شاردەوە و نەیوت، دەبێتە شەیتانێکی لاڵ و بێدەنگ، هەرچەندە گۆڕانکاریشی تێدا بکات یان لێی لابدات و بە شێوازێکی دیکە بیلێت.

گۆڕانکاریش وەکوو لادانەوە و هەڵگەڕانەوەیە، بە لاڕێدابردنی ڕاستییەکان و شێواندنیانە. **ئەم گۆڕانکارییەش دوو جۆرە:** گۆڕانکاری لە **شێوازی** وتنی ڕاستییەکاندا، گۆڕانکاری لە **واتای** ڕاستییەکاندا.

جا **گۆڕانکاری** لە **شێوازی** وتنی ڕاستییەکاندا: شێوازێکە کەسی گەواهیدەر ناوەڕۆکی وشە و دەستەواژەکان بە جۆرێك دەردەبڕێت ماف و ڕاستییەکان لەخۆ ناگرێت. جا ئیتر بە زیادکردنی چەند وشە و دەستەواژەیەك بێت یان بە کەمکرنەوەیان، گۆڕینیان بە چەند وشە و دەستەواژەیەکی دیکە یان گۆڕانکاری لە چۆنیەتی وتن و دەربڕینیان بە جۆرێك کەسی گوێگر بە هەڵەدا دەبات بە چەند وشە و دەستەواژەیەکی ڕووکەش، بەلام لە ناوەڕۆکیاندا مەبەستی دیکەیان هەیە. هەروەك چۆن جوولەکەکان لەکاتی سڵاوکردن لە پێغەمبەری خوادا (ﷺ) زمانیان دەگۆڕی. ئەمە یەکێکە لە دوو جۆرەکەی گۆڕانکاری.

جۆری دووەمی گۆڕانکاریش: گۆڕانکارییە لە **واتادا**. ناوەڕۆکی ئەم گۆڕانکارییەش بەلاڕێدابردن و شێواندنی واتای بنەڕەتی ڕاستییەکانە. بە جۆرێك وشە و دەستەواژەکان دەگێڕێتەوە و باسیان دەکات، بەڵام پێچەوانەی مەبەستی قسەکەر دەدات بە دەستەوە. وەکوو وتنی چەند وشە و دەستەواژەیەك خۆی ڕاستییەکەی نایەوێت بەو جۆرە بیلێت و واتای دیکە دەدەن بە دەستەوە یان هەندێك مەبەستی

دیاریکراوی لێ لادەبات پێویستە بوترێن و ناوەرۆکی بابەتەکەن و خۆی لێ دەدزێتەوە. بەم جۆرە دەبینین گۆڕانکاری لە واتاکانی وشە و دەستەواژەکان بەلاڕێدابردن و شێواندن دروست دەکات لە ماف و لە ڕاستییەکانیشدا لەکاتی گەواهیداندا، هەر لەبەر ئەمەشە خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا (١٣٥)﴾، (النساء:١٣٥).

کاتێکیش کەسێك داوای لێدەکرێت گەواهی بدات لەسەر ڕووداوێك، نابێت ڕاستییەکان بشارێتەوە یان گۆڕانکاری تێدا بکات، بەڵکوو دەبێت ڕووداوەکان کتومت وەك خۆی باس بکات. ناشبێت خۆی لە گەواهیدان بشارێتەوە و نکوڵی لێ بکات، چونکە گەواهینەدان و خۆشاردنەوەش هاوشێوەی شاردنەوەی ماف و ڕاستییەکانە. گۆڕانکاری و شێواندنی ڕووداوەکانیش هاوشێوەی گۆڕینیەتی بە ڕووداو و بابەتی دیکە تاکو ڕاستییەکان ئاڵۆگۆڕ بکات بە ڕووداوی دیکە و پەردەپۆشی بکات.

تەماشاکە چەندان گەنجینەی زانست و زانیای لەژێر ئەم ئایەتە پیرۆزەدا هەیە.

مەبەست: ئەو ئەرکەی باوەڕ (الایمان)ی پێدەستدەکەوێت، تەنانەت باوەڕی پێ تەواو دەبێت. وەرگرتنی دەقەکان و قبوڵکردنیانە، دەرخستن و ئاشکراکردنیانە، بانگهێشتکردنی خەڵکە بۆ پەیڕەوکردنیان. نابێت جارێك دژایەتیان بکرێت و ڕەت بکرێنەوە، جارێکیش گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و بشێوێنرێن. هەر لەبەر ئەمەشە خوا (ﷻ) دەفەرموێت:﴿وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ﴾، (الأحزاب:٣٦).

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بەو بنەمایە دەدات ئەگەر سەلمێنرا خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لە هەر بابەتێکدا بڕیارێکیانداوە، جا ئیتر لەسەر شێوازی داواکاری بێت یان هەواڵدان، هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە مافی هەڵبژاردن بدات بە خۆی، جگە لەو بڕیارە و بڵێت بە بۆچوونی من بڕیاردان لەسەر ئەو بابەتە دەبێت وا بێت. واتە هەر لە بنەڕەتەوە هیچ باوەڕدارێکی نێر یان مێ ناتوانێت ئەم کارە بکات، چونکە ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژەی بەو ڕاستییە داوە مافی هەڵبژاردن بە خۆدان یان هەر بڕیارێکی دیکە ڕەتکەرەوەی باوەڕە.

پێشەوا شافعیش (رحمه‌الله) دەفەرموێت: هاوەڵان و شوێنکەوتووان و زانایانی دوای ئەوانیش کۆکن لەسەر ئەو بنەمایەی هەرکەسێك ڕاستی و دروستی بڕیارێکی خوا (ﷻ) یان پێغەمبەری (ﷺ) بۆ دەرکەوت، ئیتر بۆی نییە بانگەشە بۆ قسەی کەسی دیکە بکات و بڵێت فلان وایوت یان فیسار بۆچوونی وایە.[1]

هیچ پێشەوایەکی ئایینی ئیسلامیش گومانی نییە لە ڕاستی و دروستی ئەم وتەیەی پێشەوا شافعی (رحمه‌الله)، چونکە فەرموودەیەك لە زاری کەسێکەوە دەرچووبێت بە ئارەزووی خۆی قسە ناکات، بەڵکوو سروش (وَحِي)ی بۆ دێت، بەڵگەیەکە وەك بیانگەیەك (حُجَّة) ڕۆڵی هەیە و ئەرکی سەرشانی هەموو باوەڕدارێکی موسوڵمانە شوێنکەوتەی بێت و پەیڕەوی بکات. مەبەست لە وتەی کەسانی دیکەش شیاویی پەیڕەوکردنیانە، ئەگەر ڕاست و دروست بن، نەك ناچاری شوێنکەوتنیان بین و ئەرکی سەرشانمان بێت پەیڕەوی بکەین. بێگومان ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر گونجاو

---

١): سەیری "الرسالة"ی پێشەوا شافعی بکە، ل ٤٢٥.

بێت لەگەڵ ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا (ﷺ)، دەبێت هاوتایان بێت. جا چ جای دژبەیەکی وتەی کەسانی دیکە لەگەڵ دەقەکاندا یان پێشخستنی وتەی کەسانی دیکە بەسەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردا (ﷺ). پەنا بە خوا (ﷻ) لەو شەرمەزارییەی قسەی کەسانی دیکە پێشبخەین بەسەر قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (ﷺ).

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ وَعَلَيْكُمْ مَا حُمِّلْتُمْ وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤)﴾، [النور:٥٤].

کەواتە خوا (ﷻ) باسی هیدایەت و ڕێنمایی وەرگرتنی بۆ کردووین و وەک بنەمایەک بۆیداناوین. ڕێنمایی وەرگرتنیش تەنها لە گوێڕایەڵی و پەیڕەوکردنی فەرموودە ڕاستەکانی پێغەمبەردایە (ﷺ)، نەک کەسانی دیکە. لێرەدا دەبینین ڕێنمایی وەرگرتن پەیوەستە بە مەرجێکەوە و بوون و نەبوونی دەوەستێتە سەر ئەو مەرجە، بە نەبوونی مەرجەکەش ڕێنمایی وەرگرتنیش نامێنێت. ئەم بابەتەش لە چوارچێوەی ئاماژەی تێگەیشتن و بڕیاری مرۆڤدا نییە، هەروەک زۆرینەی خەڵک ئەم هەڵەیە دەکەن و وا دەزانن پێویستی دیاریکردنی ئاماژەی دەقەکەیە تاکو تێگەیشتن لێی ببێتە بیانگەیەک (حُجَّة) لەسەر مرۆڤی باوەڕدار، چونکە ئەم بابەتە لە نموونەی ئەو بڕیارانەن لەسەر مەرجێك وەستاون و بوون و نەبوونیان پەیوەستە بەو مەرجە دیاریکراوەوە. واتە بێ بوونی مەرجەکە خۆشی بوونی نییە، لەبەرئەوەی هەر بابەتێك بوەستێتە سەر هەبوونی مەرجێك و بوون و نەبوونی پەیوەست بێت بە مەرجەکەوە، بە نەبوونی

مەرجەکە خۆشی نامێنێت. بەپێچەوانەوە نابێتە مەرج بۆ بابەتەکە. ئەگەر ئەم بنەمایە جێگیر بکەین و بەسەر بابەتەکەدا جێبەجێی بکەین، ئەوا ئایەتە پیرۆزەکە دەقێکە لەسەر نەمانی هیدایەت و ڕێنمایی وەرگرتن لەکاتی گوێڕایەڵینەکردنی پێغەمبەری خوادا (ﷺ).

ئەم بنەمایەش هێندە گرنگە خوا (ﷻ) هەر بەم ئایەتە پیرۆزە کۆتایی پێنەهێناوە، بەڵکوو بە ئایەتێکی پیرۆزی دیکە جەختی لەسەر کردووەتەوە و دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾، [النور:٥٤]. لەم جەختکردنەوەیەشدا نهێنییەکی جوان و سوودێکی مەزنی تێدایە. لەکاتی خۆیدا باسی دەکەین. إن شاءالله.

هەروەها خوا (ﷻ) لە ئایەتێکی پیرۆزی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَوَلَّوْا فَإِنَّمَا عَلَيْهِ مَا حُمِّلَ﴾، [النور:٥٤]. لێرەدا دەبینین ناوەرۆکی کاری ڕستەکە بۆ گوێگرانە.[١] واتە پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەرکی گەیاندنی پەیامەکە و ئاگادارکردنەوەی ئێوەی لە ئەستۆدایە، ئێوەش ئەرکتان گوێڕایەڵی و شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنی فەرمانەکانیەتی. هەروەك چۆن پێشەوا بوخاری (رحمه‌الله) لە صەحیحەکەیدا و لە (زوهەر)ییەوە بۆمان دەگێڕێتەوە فەرموویەتی: "خوا (ﷻ) ئەرك و فەرمانەکانمان بۆ باس دەکات، پێغەمبەری خواش (ﷺ) ئاگادارمان دەکاتەوە و پێمان ڕادەگەیەنێت. ئەرکی سەرشانی ئێمەش گوێڕایەڵی و جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و فەرمانانەیە".[٢]

---

١): لە بنەڕەتدا (تتولوا) بووە. یەکێك لە (تاء)ەکان سڕاوەتەوە بۆ سوککردنی گوێگرتنی وشەکە.

٢): صحیح البخاری: (١٥٤/٩).

کەواتە ئەگەر ئێمە باوەڕهێنان و گوێڕایەڵی واز لێ بێنین و فەرامۆشی بکەین، باجی کەمتەرخەمی لە ئەستۆی ئێمەیە، نەک پێغەمبەری خوا (ﷺ)، چونکە ئەرکی باوەڕ و گوێڕایەڵیی ئێمە لە ئەستۆی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نییە و ئەگەر باوەڕ و گوێڕایەڵیی ئێمە لە ئاستی پێویستدا نەبێت، لە کەمتەرخەمی پێغەمبەری خواوە نییە (ﷺ)، بەڵکوو ئەرکی ئەو ئاگادارکردنەوە و گەیاندنی پەیامەکەیە بە ئێمە. ئەگەر گوێڕایەڵی بکەین دەبێتە هۆی هیدایەت و بەختەوەری و سەرفرازی هەردوو دونیا، ئەگەر گوێڕایەڵیشی نەکەین، ئەو ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ کردووە، ﴿وَمَا عَلَى الرَّسُولِ إِلَّا الْبَلَاغُ الْمُبِينُ (٥٤)﴾، ﴿النور:٥٤﴾. ئەرکی سەرشانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئاگادارکردنەوە و ڕوونکردنەوەی ئایینەکە و گەیاندنی پەیامەکەیە بە ئێمە. ئیتر هیدایەت و ڕێنمایی وەرگرتن و سەرکەوتن لە پەیڕەوکردنی پەیامەکەدا بە ڕێکوپێکی ئەرکی سەرشانی ئەو نییە و لێی بەرپرس نییە.

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٥٩)﴾، [النساء:٥٩].

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوا (ﷻ) فەرمانی کردووە بە گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). ئایەتە پیرۆزەکەشی بە بانگکردنمان دەستپێکردووە بە ناوی باوەڕەوە (الإيمان) تاکو هەست بکەین پێداویستییەکانی ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێین و گفتوگۆمان لەگەڵدا دەکرێت بەهۆیەوە، لە ناوەڕۆکدا داوای ئەم کارەمان لێدەکرێت فەرمانێکە و ئەرکە لەسەر شانمان. هەروەک چۆن دەڵێن: ئەی ئەو کەسەی

خوا (ﷻ) نیعمەتێکی پێبەخشیویت و بە گەورەیی خۆی دەولەمەندی کردوویت یان دەسەلاتداری کردوویت، ببەخشە و چاکە بکە لەگەڵ خەڵکدا هەروەك چۆن خوا (ﷻ) بەخشندە بوو بەرانبەر بە تۆ و چاکەی لەگەڵ کردیت. ئەی زانا زانستێك فێری خەڵك بکە سوودی لێ وەربگرن، ئەی دادوەر بەڕاستی و دادپەروەرییەوە دادوەری بکە لەناو خەڵکدا. ئەمانە و چەندان نموونەی دیکە هەن ناوەرۆکی ئەو ناوەی پێی بانگ دەکرێین لێمان داواکراوە و بە ئەرکی سەرشانمان دادەنرێن. ئەگەر جێبەجێشی نەکەین بە کەمتەرخەم دادەنرێین. لەبەرئەوە زۆربەی ئەو فەرمان و گفتوگۆیانەی لە قورئاندا ناوەرۆك و شێوازی یاساییان هەیە و وەك یاسای شەرع دەبێت پەیڕەو بکرێن بە ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ دەستیان پێکردووە، وەکوو:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾، [البقرة: ١٨٣].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ﴾، [الجمعة: ٩].

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَوْفُوا بِالْعُقُودِ أُحِلَّتْ لَكُمْ﴾ ،[المائدة: ١]

ئەمانە و چەندان نموونەی دیکەش هەن.

ناوەرۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزانەش ئاماژەن بەو بنەمایەی ئەگەر ئێمە بەڕاستی باوەڕدار بین، باوەڕ ئەم ئەرکانەمان لێ دەخوازێت، چونکە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە لە پێداویستییەکانی باوەڕن و باوەڕی مرۆڤی موسوڵمان بەجێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەوە تەواو دەبێت.

پاشان دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾، [النساء:٥٩]. لێرەدا دەبینین لەڕووی کردارییەوە خوا (ﷻ) جیاوازی کردووە لەنێوان گوێڕایەڵیی خۆی و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیدا و لێکی جیاکردوونەتەوە و دەسەڵاتی کاری یەکەمی زاڵ نەکردووە بەسەریدا. هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾، [النساء:٥٩]. لێرەدا دەبینین گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) و گوێڕایەڵی فەرمانڕەوایانی لێکتر نزیک کردووەتەوە و یەک هۆکاری کاریگەری بەسەر هەردوو کارەکەدا باڵادەست کردووە.

لەوانەیە ئەم بابەتە بە جۆرێکی دیکە بە بیری مرۆڤدا بێت و وا بزانێت لە ناوەڕۆکدا پێچەوانەی ئەم بنەمایە دەخوازێت، چونکە هەر کەسێک گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا بوو (ﷺ)، گوێڕایەڵی خوایش بووە. بەڵام ڕاستییەکەی بنەمای گوێڕایەڵی لە ئایەتە پیرۆزەکەدا زۆر گونجاوە و لە ناوەڕۆکیدا نهێنییەکی زۆر جوانی لۆژیکی تیادایە. ئەویش ئاماژەکردنیەتی بە جێبەجێکردنی هەر کارێک پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێکردبێت و پێویستە گوێڕایەڵی بکەین و فەرموودەکانی بە هەند وەربگرین. هەرچەندە لە قورئانی پیرۆزیشدا بە دیارکراوی فەرمانی پێنەکرا بێت و بەڕاشکاوی باس نەکرا بێت. واتە پێویستە گوێڕایەڵی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بین لە هەموو کاروبارێکدا، جا ئیتر ئەو کاروبارانە بە تەنها خۆی باسی کردبوو یان لە قورئانی پیرۆزیشدا باسکرابوو. چونکە هەندێک کەسی ساویلکە و کاڵفام وا دەزانن پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی بە هیچ کردار و گوفتارێک نەکردووە لە قورئاندا باس نەکرا بێت. بە پێچەوانەوە ئەگەر باسی کردار و گوفتارێکی کردبێت و لە قورئاندا باس نەکرا بێت و تەنها لە فەرموودەدا باسی کرابوو، پێویست ناکات پەیڕەوی بکەین و

گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بین. هەر وەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: "جاری وا هەیە کەسێکی تێر لەسەر کەرەوێتەکەی دانیشتووە و فەرمانێك لە فەرمانەکانی منی بۆ دێت، بەڵام دەڵێت لەنێوان من و پێغەمبەری خوادا (ﷺ) قورئانی پیرۆز هەیە، هەر کردار و گوفتارێك لە قورئانی پیرۆزدا هاتبوو، ئینجا من جێبەجێی دەکەم، نەك قسەی کەسی دیکە. ئیتر باوەڕی بەوە نییە من قورئانی پیرۆزم بۆ نێردراوە و نموونەی فەرموودەشم لەگەڵی داناوە".[1]

سەبارەت بە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایانیش، پێویست ناکات گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بین ئەگەر لەژێر سایەی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) نەبن. واتە هیچ گوێڕایەڵییەك نییە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و تەنها بۆ ئەوان، بەڵکوو دەبێت فەرمانەکانیان لەگەڵ فەرمانەکانی پێغەمبەری خوادا (ﷺ) یەکبگرێتەوە و گونجاو بێت لەگەڵ قورئانی پیرۆز و فەرموودە ڕاستەکاندا (الأحاديث الصحيحة). بە پێچەوانەوە نابێت گوێڕایەڵیان بین. هەر وەك لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) پێمان گەیشتووە و فەرموویەتی: "لەسەر موسوڵمانان پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەسەڵاتدارانیان بن و جێبەجێی بکەن لە هەر بابەتێکدا فەرمانڕەوا بە باش و خراپی دەزانێت و بۆیان دیاریدەکات و فەرمانیان پێدەکات، بە مەرجێك ئەو فەرمانانە سەرپێچی فەرمانەکانی خوا (ﷻ) نەبن. بەڵام ئەگەر ئەم دەسەڵاتدارانە فەرمانیان

---

١): "يوشك رجل شبعان متكى على أريكته يأتيه الامر من أمرى، فيقول: بيننا و بينكم كتاب الله، ما وجدنا فيه من شيء اتبعناه، الا و انى أوتيت الكتاب و مثله معه". ئەبو داود (٤٦٠٤)،ترمذي (٢٦٦٤)، ئیبن ماجە (١٢)، ئەوانی دیکەش. گێڕانەوەی میقدامی کوڕی مەعدی کەرب (ﷺ). پێشەوا ئەلبانیش فەرموودەکەی بە ڕاست داناوە.

کـرد بـە سەرپێچـیکردنی فەرمانـەکانی خـوا (ﷻ)، نـە گوێڕایـەڵیان بـن و نـە فەرمانەکانیشیان جێبەجێ بکەن.[١]

تەماشـا کـەن چـۆن ئـەم ئایەتـە پـیرۆزە دووپاتکردنـەوەی ئـەم واتایـە دەخوازێت:﴿ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ﴾، [النساء:٥٩]. نەیفەرمووە: ﴿و الی الرَّسُولِ﴾. چـونکە ڕاستییەکەی گەڕانـەوە بـۆ قورئـان گەڕانەوەیـە بـۆ خـوا و پێغەمبـەر (ﷺ). گەڕانـەوەش بـۆ سـوننەت و فـەرموودە ڕاسـتەکانی پێغەمبـەری خـوا (ﷺ)، هـەر گەڕانەوەیـە بـۆ خـوا و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ). هـەر شـتێکیش خـوا (ﷻ) فـەرمانی پێدەرکرد و بڕیاری پێدا، بێگومان هەر ئەوەشە پێغەمبەرەکـەی (ﷺ) بڕیـاری لەسـەر داوە و کاری پێکردووە. لە هەمان کاتدا هەر شتێکیش پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی پێدەرکردبێت و بڕیاری پێدابێت، بێگومان هەر ئەوەشە خوا (ﷻ) بڕیاری لەسەر داوە و پەسەندە لای، ئەگینا پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـەپێی ئـارەزوی خـۆی بڕیـار نـادات، بەڵکوو لە سروشەوە (الوَحِي) بۆیدێت. ﴿إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى (٤)﴾، [النجم:٤].

کەواتە لە هەر بابەتێکدا کێشە و ناکۆکیمان هـەبوو، ئەگـەر گەڕاندمانـەوە بـۆ لای خـوا (ﷻ)، واتـە ئەگـەر گەڕاینـەوە بـۆ سـەر قورئـانی پـیرۆز، کەواتـە گەڕاندوومانەتـەوە بـۆ لای خـوا و پێغەمبەرەکـەی (ﷺ). بـە هـەمان شـێوە ئەگـەر گەڕاندمانەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا (ﷺ)، کەواتە هەر گەڕاندوومانەتەوە بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). بێگومان ئەمەش نهێنییەکە لە نهێنییەکانی قورئانی پیرۆز.

---

١): "على المرء السمع و الطاعة فيما أحب و كره ما لم يؤمر بمعصية الله، فإن أمر بمعصية الله، فلا سمع و لا طاعة". بوخاری (٧١٤٤)، موسلیم (١٨٣٩)، لە ئیبن عومەرەوە (ڕضی الله عنه).

گێرانەوەکانیش لە پێشەوا ئەحمەدەوە دەربارەی فەرمانڕەوا (وَلِي الأمر) جیاوازن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو ڕای جیاوازی لێوە دەگێڕنەوە سەبارەت بەم بابەتە:

یەکەم: بریتین لە (زانایان).

دووەم: بریتین لە دەسەڵاتداران (سیاسەتمەداران و حوکمڕانان).[1] هەردوو وتەکەش لە هاوەڵانەوە (ﷺ) سەلمێنراوە و لەبارەی شلۆقەکردنی ئایەتە پیرۆزەکەوە ئەوان فەرموویانە.[2]

ڕای پەسەندیش ئەوەیە: ئایەتە پیرۆزەکە هەردوو کۆمەڵەکە دەگرێتەوە، چونکە زانایان و دەسەڵاتداران ئەو کەسانەن سەرپەرشتی کاروباری کۆمەڵگە دەکەن و خوا (ﷻ) پەیامبەرانی خۆی بۆ ناردوون.

---

١): شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە (رحمه‌الله) لەم بارەیەوە دەفەرموێت: "بریتین لە بڕیاردەران و شارەزایان و بەڕێوەبەرانی کاروباری کۆمەڵگە، جا ئەمانەش دوو کۆمەڵە دەگرنەوە، زانایان و دەسەڵاتداران، هەر وەک چۆن هەندێک لە پێشینان فەرموویانە: دوو کۆمەڵە هەن لەناو کۆمەڵگەدا ئەگەر چاک بوون خەڵکیش چاک دەبن: دەسەڵاتداران و زانایان. سەبارەت بەم ئایەتە پیرۆزەش: ﴿أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾، ﴿النساء: ٥٩﴾، چەندین وتەیان فەرموە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وتەکاندا (زانایان و دەسەڵاتداران) کۆدەکەنەوە. لەبەرئەوە پێشەوا ئەحمەد و ئەوانی دیکەش کۆبوونەوەی ئەم دوو کۆمەڵەیان لەم ئایەتە پیرۆزەدا دەقنووس کردووە و ڕایان وایە ئایەتە پیرۆزەکە ئەم دوو کۆمەڵەیە دەگرێتەوە. لەبەرئەوە پێویستە گوێڕایەڵیان بین لەو بابەتانەدا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی خودای تیادایە. "مجموع الفتاوى"، (١٨/١٥٨).

٢): سەیری "تەفسیری طه بەری" بکە، ل (٧/١٧٦) و لاپەڕەکانی دواتر، چ: هجر.

کاری زانایان لەبەرکردن و باسکردن و ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لە وردەکارییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام. هەروەها کاریان بەرگریکردن و وەڵامدانەوەی بێباوەڕان و گومڕایانە. بێگومان خواش (ﷻ) ئەم ئەرکەی پێسپاردوون، هەر وەك چۆن دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ يَكْفُرْ بِهَا هَؤُلَاءِ فَقَدْ وَكَّلْنَا بِهَا قَوْمًا لَيْسُوا بِهَا بِكَافِرِينَ (٨٩)﴾، [الانعام:٨٩].

لێرەدا گرنگی ئەو ئەرکەمان بۆ دەردەکەوێت خوا (ﷻ) بە زانایانی سپاردووە و پشتگیریشی بۆ دەستەبەر کردوون، لەبەرئەوە دەبێت گوێڕایەڵیان بین و مشتومڕی بێ بنەمایان لەگەڵدا نەکەین. هەروەها دەبێت هەموو خەڵك شوێنکەوتەیان بن و پەیڕەوی بۆچوونە زانستییەکانیان بکەن و لە تێگەیشتنی ئەوانەوە سەیری زانستە شەرعییەکان بکەن.

کاری دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانیش جێبەجێکردن و چاودێری و هەوڵدانە بۆ چەسپاندن و بەرقەرارکردنی شەریعەتی ئیسلام لەسەر زەویدا. هەروەها کاریان پابەندکردنی خەڵکە بە شەریعەتی ئیسلام و ڕێگریکردنە لەو کەسانەی لە ئایین دەردەچن و پاشاگەردانی دروست دەکەن و هانی خەڵك دەدەن بۆ لە ئایین دەرچوون و دروستکردنی پشێوی.

ڕاستییەکەی ئەم دوو کۆمەڵەیەش (زانایان و فەرمانڕەوایان) هەر هاوڵاتین و لە ئەندامانی کۆمەڵگەن، بەڵام دەبێت هەموو هاوڵاتیانی دیکە شوێنکەوتەی بڕیارەکانی ئەمان بن و لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی ئەماندا بن. دەبێت جێبەجێکاری بڕیارەکانی ئەمان بن.

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾، [النساء:٥٩].

ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر ئەو بنەمایەی هەموو ئەو پرسە بابەتیانەی لە چوارچێوەی ئایینداید و خەڵک ناکۆکن لەسەری، پێویستە بگەڕێنرێنەوە بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، نەک کەسانی دیکە. واتە لەو پرسە ئایینیانەی خەڵک ناکۆکن لەسەری دەبێت تەنها و تەنها بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بگەڕێنەوە و نابێت بە داوەری و بڕیاری کەسانی دیکە ئەم ناکۆکیانە یەکلا بکرێنەوە. هەر کەسێکیش گەڕایەوە بۆ لای کەسانی دیکە، جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بێگومان دژایەتی فەرمانی خوای کردووە. هەر کەسێکیش لە کاتی ناکۆکییەکاندا داوای داوەری و بڕیاری کەسانی دیکە بکات، جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، بێگومان بانگەشەی بە بنەمایەکی سەردەمی نەزانی (الجاهلية) کردووە، چونکە ئەو کەسانە باوەڕدار نین هەتاکو ئەو بابەتانەی ناکۆکن لەسەری نەیگەڕێنەنەوە بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). هەر لەبەر ئەمەشە خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ﴾، [النساء:٥٩].

ئێمەش پێشتر باسی ئەم ڕاستییەمان کردبوو مەرجێکە و بە نەبوونی مەرجدارەکە خۆشی نامێنێت. کەواتە ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەو ڕاستییەی هەر کەسێك بە داوەری و بڕیاری کەسانی دیکە ڕازی بێت، جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەو بابەتانەی ناکۆکن لەسەری، لە دەرەوەی چوارچێوەی باوەڕ بە خوا و ڕۆژی دوایی دادەنرێت. منیش ئەم ئایەتە تێکشکێنەر و پارێزەرە دەکەم بە

بەڵگە بەرانبەر بە ئاوەزی تۆ، کە باسی دەرئەنجامی ئەم بابەتەمان بۆ دەکات و ساڕێژی بریتی ئەو کەسانەش دەکات بەهۆی پەیڕەوکردنیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە و کێشە دەبنەوە. ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿لِيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَنْ بَيِّنَةٍ وَيَحْيَا مَنْ حَيَّ عَنْ بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللَّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ (٤٢) ﴾، [الأنفال:٤٢]. بێگومان ئەم ئایەتە پیرۆزە تێکشکێنەری ئەو کەسانەیە سەرپێچی دەکەن و لەناویان دەبات. لە هەمان کاتدا پاڕێزەری ئەو کەسانەشە پەیڕەوی دەکەن و ناوەڕۆکی فەرمانەکانی جێبەجێ دەکەن.

بێگومان هەموو زانایان و پێشەوایانی پێشین و پاشینیش (السَّلَف و الخَلَف) کۆکن لەسەر ئەو ڕاستییەی گەڕانەوە بۆ لای خوا (ﷻ) گەڕانەوەیە بۆ سەر قورئانەکەی. گەڕانەوەش بۆ لای پێغەمبەرەکەی (ﷺ) گەڕانەوەیە بۆ لای خۆی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا و گەڕانەوەیە بۆ سەر سوننەتەکانی لە دوایی کۆچی دوایی خۆی.[1]

پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا (٥٩)﴾، [النساء:٥٩]. واتە ئەمەیە ئەو گوێڕایەڵییەی فەرمانم پێ کردوون تاکو گوێڕایەڵی خۆم و گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەم و فەرمانڕەوایان بن. ئەمەیە من فەرمانم پێکردوون ئەو بابەتانەی ناکۆکن لەسەری بیگەڕێننەوە بۆ لای من و پێغەمبەرەکەم (ﷺ)، چونکە ئەمە باشترە بۆتان لە دونیا و دواڕۆژتاندا، ئەمەیە هۆکاری بەختەوەری و سەرفرازیتان

---

١): شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە دەفەرموێت: زانایان دەفەرموون: گەڕانەوە بۆ لای خودا (ﷻ) گەڕانەوەیە بۆ سەر قورئانەکەی، گەڕانەوەش بۆ لای پێغەمبەرەکەی (ﷺ) لەدوای مردنی، گەڕانەوەیە بۆ سەر سوننەتەکانی". (مجموع الفتاوى)، (٦/٣٥).

لە هەردوو دنیادا. ئەمەیە باشترین ڕێگای ئێوە، باشترین ئەنجام و باشترین دواڕۆژیشتان دەبێت.

ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئاماژەیە بەو ڕاستییەی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و داوەری خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هۆکاری بەختەوەری ئێستا و دواڕۆژە. هۆکاری بەختەوەری و سەرفرازی دونیا و قیامەتیشە.

هەرکەسێکیش لە جیهان و ئەو شەڕ و پاشاگەردانییە ڕابمێنێت تیایدا بڵاوە، دەزانێت هۆکاری هەموو شەڕ و پاشاگەردانییەك سەرپێچی پێغەمبەر و دەرچوونە لە فەرمانەکانی و گوێڕایەڵینەکردنیەتی. هەر چاکە و ئاسوودەییەکیش لە جیهاندا هەبێت، بە هۆی گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەوەیە (ﷺ). هەروەها سزا و ناخۆشییەکانی دواڕۆژیش دەرئەنجامی گوێڕایەڵینەکردن و سەرپێچیکردنی پێغەمبەرە (ﷺ). کەواتە هەموو شەڕ و ناخۆشییەکانی دونیا و دواڕۆژیش دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی گوێڕایەڵینەکردنی پێغەمبەر و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی، چونکە ئەگەر خەڵك گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن بەو جۆرەی پێویستە گوێڕایەڵیی بکرێت، هەرگیز لەسەر ڕووی زەویدا هیچ شەڕ و ناخۆشییەك ڕووی نەدەدا و ڕووشنادات.

هەروەك چۆن زانراوە سەرجەم شەڕ و ناخۆشییەکانی جیهان بەگشتی و ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی لەسەر زەویدا هەن، هۆکاری گوێڕایەڵینەکردن و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەرە (ﷺ). بە هەمان شێوە هۆکاری ئەو ناخۆشی و ئازار و خەمەشن توشی دەروونی خودی مرۆڤ دەبن. بەپێچەوانەوە، ئەگەر گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین، دەبێتە ئەو قەڵایەی

لە هەردوو دنیادا. ئەمەیە باشترین ڕێگای ئێوە، باشترین ئەنجام و باشترین دواڕۆژیشتان دەبێت.

ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئاماژەیە بەو ڕاستییەی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و داوەری خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) هۆکاری بەختەوەری ئێستا و دواڕۆژە. هۆکاری بەختەوەری و سەرفرازی دونیا و قیامەتیشە.

هەرکەسێکیش لە جیهان و ئەو شەڕ و پاشاگەردانییە ڕابمێنێت تیایدا بڵاوە، دەزانێت هۆکاری هەموو شەڕ و پاشاگەردانییەك سەرپێچی پێغەمبەر و دەرچوونە لە فەرمانەکانی و گوێڕایەڵینەکردنیەتی. هەر چاکە و ئاسوودەییەکیش لە جیهاندا هەبێت، بە هۆی گوێڕایەڵیی پێغەمبەرەوەیە (ﷺ). هەروەها سزا و ناخۆشییەکانی دواڕۆژیش دەرئەنجامی گوێڕایەڵینەکردن و سەرپێچیکردنی پێغەمبەرە (ﷺ). کەواتە هەموو شەڕ و ناخۆشییەکانی دونیا و دواڕۆژیش دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامی گوێڕایەڵینەکردنی پێغەمبەر و سەرپێچی کردنی فەرمانەکانی، چونکە ئەگەر خەڵك گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (ﷺ) بکەن بەو جۆرەی پێویستە گوێڕایەڵیی بکرێت، هەرگیز لەسەر ڕووی زەویدا هیچ شەڕ و ناخۆشییەك ڕووی نەدەدا و ڕووشنادات.

هەروەك چۆن زانراوە سەرجەم شەڕ و ناخۆشییەکانی جیهان بەگشتی و ئەو کارەسات و نەهامەتییانەی لەسەر زەویدا هەن، هۆکاری گوێڕایەڵینەکردن و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی پێغەمبەرە (ﷺ). بە هەمان شێوە هۆکاری ئەو ناخۆشی و ئازار و خەمەشن توشی دەروونی خودی مرۆڤ دەبن. بەپێچەوانەوە، ئەگەر گوێڕایەڵیی پێغەمبەر (ﷺ) بکەین و فەرمانەکانی جێبەجێ بکەین، دەبێتە ئەو قەڵایەی

هەر کەسێکی تێبچێت پارێزراو دەبێت. دەبێتە ئەو ئەشکەوتەی هەرکەسێك پەنای بۆ بەرێت رزگاری دەبێت.

بەم جۆرە دەزانین هەموو کارەسات و نەهامەتییەکانی دونیا و دواڕۆژیش نەزانی و ناشارەزاییە بە ڕێباز و پەیامەکەی پێغەمبەر و دەرچوونە لە فەرمانەکانی. بێگومان ئەمەش بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگر و یەکلاکەرەوەیە، کە مرۆڤ ڕزگاری نابێت و بەختەوەر نابێت هەتاکو هەوڵی تەواو نەدات لە ناسینی پەیامەکەی پێغەمبەر (ﷺ). هەتاکو زانست و زانیاری تەواو پەیدا نەکات لەسەر ڕێبازەکەی، هەتاکو بەتەواوی گوێڕایەڵی نەبێت و فەرمانەکانی جێبەجێ نەکات.

ئەم بەختەوەرییەش بەم دوو هۆکارەی خوارەوە بێ کەموکورتی و تەواو دەبێت:

یەکەم: بانگەوازی خەڵك بۆ سەر ئەم ڕێبازە.

دووەم: ئارامگرتن و هەوڵدان بۆ سەرخستنی ئەو بانگەوازە.

کەواتە کاملبوونی مرۆڤایەتی بەم چوار قۆناغە دەبێت:

یەکەم: بوونی زانست و زانیاری پێویست لەبارەی ڕێباز و پەیامەکەی پێغەمبەری خواوە (ﷺ).

دووەم: کارکردن بەپێی ئەم زانست و زانیارییە.

سێیەم: بڵاوکردنەوەی ئەم زانست و زانیارییە لەناو خەڵکدا و بانگهێشتکردنی خەڵك بۆ پەیڕەوکردنی.

چوارەم: ئارامگرتن و هەوڵدانی تەواو لە جێبەجێکردنیدا.

هەرکەسێکیش ویست و خواستی تەواوی هەبێت بۆ زانینی ئەو ڕێبازەی هاوەڵان (ﷺ) لەسەری بوون و بیەوێت بەڕاستی شوێنکەوتەی ڕێبازەکەیان بێت، بێگومان ئەمە ڕێگاکەیەتی.

فإن شِئتَ وَصلَ القوم فاسلُك طريقَهم

و قد وضحَت للسَّالكينَ عِيانا[1]

خواش (ﷻ) بە پێغەمبەرەکەی دەفەرموێت: ﴿قُلْ إِنْ ضَلَلْتُ فَإِنَّمَا أَضِلُّ عَلَى نَفْسِي وَإِنِ اهْتَدَيْتُ فَبِمَا يُوحِي إِلَيَّ رَبِّي إِنَّهُ سَمِيعٌ قَرِيبٌ (٥٠)﴾، [سبأ:٥٠].

ئەمە دەقێکی ڕاشکاوە ڕێنمایی پێغەمبەر (ﷺ) بە سروش (الوحي) بەدەستهاتووە. چەندە جێگەی سەرسوڕمانە! چۆن ڕێنمایی لە کەسانی دیکە وەربگرین؟! جگە لە ئەو. لەکاتێکدا کەسانی دیکە بیروڕا و ئاوەزی جیاواز و بۆچوونی دژبەیەکیان هەیە، بەڵام ﴿مَنْ يَهْدِ اللَّهُ فَهُوَ الْمُهْتَدِ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلَنْ تَجِدَ لَهُ وَلِيًّا مُرْشِدًا (١٧)﴾، [الكهف:١٧].

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە شێوازی گەشتن بە ئاستی گەل و نەتەوەیەك دەکات و دەڵێت ئەگەر ویستت بگەیت بە ئاستی نەتەوەیەك ڕێگای ئەوان بگرەبەر. بێگومان ڕێگاکەش بۆ ڕێبواران ڕوون و ئاشکرایە. ڕێگا و ڕێبازیان دیار و لەبەرچاوە و هەرکەس ویستی زانیاری پێویستی لەبەردەستدایە.

چ گومڕاییەك لەو گومڕاییە گەورەترە کەسێك بڵێت ڕێنمایی (هیدایەت) بەهۆی سروشەوە (الوَحي) وەرناگیرێت. ئینجا دەڕواتە سەر ئاوەز و ژیری فلان و ڕای فیسار و دەڵێت فلان کەس وای وت و فیسار کەس بۆچوونی وایە؟!

بێگومان بەخششی خوا (ﷻ) بەسەر کەسێکەوە لەم بەڵا مەزن و کارەساتە گەورەیە پاراستبێتی گەلێك مەزنە. سوپاسیش بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیانە. (وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ).

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿المص (١) كِتَابٌ أُنْزِلَ إِلَيْكَ فَلَا يَكُنْ فِي صَدْرِكَ حَرَجٌ مِنْهُ لِتُنْذِرَ بِهِ وَذِكْرَى لِلْمُؤْمِنِينَ (٢) اتَّبِعُوا مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ وَلَا تَتَّبِعُوا مِنْ دُونِهِ أَوْلِيَاءَ قَلِيلًا مَا تَذَكَّرُونَ (٣)﴾، [الأعراف:١-٣]. کەواتە خوا (ﷻ) فەرمانی کردووە بە شوێنکەوتنی ئەو قورئانەی بۆ پێغەمبەری (ﷺ) دابەزاندووە و شوێنکەوتنی کەسانی دیکەی پەتکردووەتەوە، جگە لە شوێنکەوتنی خۆی و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). چونکە بەتەواوی ڕوونیکردووەتەوە پەیڕەوکردن و شوێنکەوتن دەبێت شوێنکەوتنی قورئان بێت یان شوێنکەوتنی کەسانی دیکە و بە پێشەوا دانانیان جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، لەبەرئەوەی هیچ ناوەندگیرییەکی لەنێوانیاندا دانەناوە و لە ڕاستیشدا هۆکارێك نییە پێویست بێت بۆ پێکەوە گەیاندنیان. کەواتە هەرکەسێك شوێن سروش (الوَحي) نەکەوێت، بێگومان شوێن پەیامێکی ناڕەوا کەوتووە و کەسانی دیکەی بە پێشەوای خۆی داناوە و شوێنیان کەوتووە، جگە لە خوا (ﷻ). سوپاس بۆ خوا ئەم بنەمایەش ڕوون و ئاشکرایە و هیچ ئاڵۆزی و شاراوەییەکی تیادا نییە.

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَيَوْمَ يَعَضُّ الظَّالِمُ عَلَى يَدَيْهِ يَقُولُ يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا (٢٧) يَا وَيْلَتَى لَيْتَنِي لَمْ أَتَّخِذْ فُلَانًا خَلِيلًا (٢٨) لَقَدْ أَضَلَّنِي عَنِ الذِّكْرِ بَعْدَ إِذْ جَاءَنِي وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِلْإِنْسَانِ خَذُولًا (٢٩) ﴾، [الفرقان:٢٧-٢٩].کەواتە هەرکەسێك هاوڕێیەك بگرێت، جگە لە پێغەمبەری خوا (ﷺ)، قسە و بیروڕای ئەو کەسە پەیڕەو دەکات، نەك ئەو پەیامەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) هێناویەتی و هەر ئەو قسە و بیروڕایانەش لە ڕۆژی دوایدا دەبن بە مالّ لەسەری و پەشیمانیی لەدوایە. بێگومان ئەو کەسانە لە ڕۆژی دوایدا ئەم خۆزگە و پەشیمانییە دەردەبڕن و بەڕاشکاوی دەیڵێن، بەڵام بێسوودە. لەبەرئەوەشە خوا (ﷻ) ئەم هاوڕێیەی دیارینەکردووە و بەتەواوی ناو یان نازناوی باس نەکردووە یان ناوی نەبردووە، چونکە پەیڕەوی قسە و فەرمانی هەر کەسێك بکەیت یان شوێن هەر کەسێك بکەویت، جگە لە خوا (ﷻ)، دەبێتە هاوڕێ و فلّان و فیسار.

بێگومان ئەمە ڕەوشی ئەو دوو هاوڕێیەیە لە دونیادا هاوڕێی یەکتر بوون و گوێڕایەڵیی پێغەمبەری خوایان (ﷺ) نەکردووە و سەرپێچی فەرمانەکانیان کردووە. دەرئەنجامی ئەم هاوڕێیەتییەش نەفرەت و دوژمنایەتییە، هەر وەك چۆن خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿الْأَخِلَّاءُ يَوْمَئِذٍ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ إِلَّا الْمُتَّقِينَ (٦٧)﴾، [الزخرف:٦٧].

خوا (ﷻ) لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزدا باسی بارودۆخی ئەو کەسانە دەکات شوێن کەسانی دیکە کەوتوون، جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، هەروەها باسی بارودۆخی ئەو کەسانەش دەکات خەڵك شوێنیان کەوتوون و دەمڕاستی خەڵك بوون. بۆنموونە، خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿يَوْمَ تُقَلَّبُ وُجُوهُهُمْ فِي النَّارِ يَقُولُونَ يَا لَيْتَنَا

أَطَعْنَا اللَّهَ وَأَطَعْنَا الرَّسُولَا (٦٦) وَقَالُوا رَبَّنَا إِنَّا أَطَعْنَا سَادَتَنَا وَكُبَرَاءَنَا فَأَضَلُّونَا السَّبِيلَا (٦٧) رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا (٦٨)﴾، [الاحزاب: ٦٦-٦٨].

کەواتە لە ڕۆژی دوایدا و لەناو ئاگری دۆزەخدا ئەو کەسانە خۆزگە دەخوازن گوێڕایەڵیی خوا و پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) بکردایە، بەڵام ئەم خۆزگەیان لە کاتێکدایە سوودی لێ وەرناگرن. داوای لێبوردنیش لە خوا (ﷻ) دەکەن لەسەر ئەو هەڵەیان گوێڕایەڵی پێشەوا و گەورەکانیان بوون. دانیش بەو ڕاستییەدا دەنێن لەم هەڵەیاندا و هیچ پاساوێکیان نییە. نکوڵی لەو ملکەچییەشیان ناکەن گوێڕایەڵی گەورە و ڕابەرانی خۆیانیان کردووە و سەرپێچی پێغەمبەریان (ﷺ) کردووە. هەر ئەم گوێڕایەڵی و پشتگیرییەیە دەبێتە هۆی ئەم داواکارییانەیان لە خوا و دەڵێن: ﴿رَبَّنَا آتِهِمْ ضِعْفَيْنِ مِنَ الْعَذَابِ وَالْعَنْهُمْ لَعْنًا كَبِيرًا (٦٨)﴾، [الاحزاب: ٦٨]. بێگومان لەم ئایەتە پیرۆزەشدا پەند و ئامۆژگاری تەواو هەیە بۆ کەسانی ژیر و خاوەن ئاوەز. سەرکەوتنیش تەنها لە خواوەیە (ﷻ).

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ أُولَئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُمْ مِنَ الْكِتَابِ حَتَّى إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا وَشَهِدُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ (٣٧) قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ رَبَّنَا هَؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَكِنْ لَا تَعْلَمُونَ (٣٨) وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِنْ فَضْلٍ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْسِبُونَ (٣٩)﴾، [الأعراف:٣٧-٣٩].

لەبەرئەوە با کەسانی ژیرمەند و خاوەن ئاوەز لەم ئایەتە پیرۆزانە ڕابمێنێت و سەیری ئەو پەند و ئامۆژگارییانە بکات ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزانە لەخۆیان دەگرن.

خوا (ﷻ) لەم ئایەتە پیرۆزەشدا دەفەرموێت: ﴿افْتَرَى عَلَى اللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِآيَاتِهِ﴾، [الأعراف:٣٧]. کەواتە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی دوو کۆمەڵە لە گومڕایان دەکات:

یەکەم: دروستکەری کاری ناڕەوا و هەڵبەستنی درۆ و بوختان و بانگکردنی خەڵک بۆ کاری ناڕەوا.

دووەم: بەدرۆدانانی ڕاستییەکان.

کۆمەڵەی یەکەم: بێباوەڕییەکەیان لە درۆ هەڵبەستن و دروستکردنی کردار و گوفتاری ناڕەوادایە، بەڵام کۆمەڵەی دووەم بێباوەڕییکەیان لە نکوڵی کردن و داننەنانە بە ڕاستییەکاندا.

ئەم دوو کۆمەڵەیە هەموو جۆرە کردار و گوفتارێکی ناڕەوا دەخەنە بەرچاوی خەڵک. سەرباری ئەمەش بانگەشەی تەواو دەکەن بۆ کردار و ڕەفتارە ناڕەواکانیان و ڕێگری لە خەڵکیش دەکەن پەیڕەوی ڕاستییەکان بکەن و گوێڕایەڵی کردار و گوفتاری پەسەند بکەن بەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و شوێنکەوتەی خوا و پێغەمبەرەکەی بن. بەم هەڵوێستەشیان شایستەی چەند هێندە بوونی سزاکەیان دەبن. لەبەر چەند هێندەبوونی بێباوەڕی و خراپەیان بەرانبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام. هەر لەبەر ئەمەشە

خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ زِدْنَاهُمْ عَذَابًا فَوْقَ الْعَذَابِ بِمَا كَانُوا يُفْسِدُونَ (٨٨) ﴾، [النحل: ٨٨]. لەبەرئەوەی کاتێك خۆیان بێباوەڕبوون و کردار و ڕەفتاری بێباوەڕانەیان ئەنجام دەدا و ڕێگرییان لە خەڵکیش دەکرد ڕێگای ڕاست بگرێتەبەر و شوێن خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکەون، خواش (ﷻ) دووجار سزایان دەدات: سزایەك لەسەر بێباوەڕییەکەیان، سزایەکیش لەسەر ڕێگرییان لە خەڵك تاکو ڕێگای ڕاست بگرنەبەر و شوێنکەوتەی خوا و پێغەمبەرەکەی بن، چونکە کاتێك خوا (ﷻ) بە تەنها باسی بێباوەڕی (کُفر) دەکات، چەندان سزا هەژمار ناکات و بە تەنها یەك سزا سزای بێباوەڕان دەدات، نەك چەند سزایەك، وەك ئەو ئایەتە پیرۆزەی دەفەرموێت: ﴿وَ لِلْكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٠٤)﴾، [البقرة: ١٠٤]. هەروەها ئەو ئایەتە پیرۆزەش دەفەرموێت: ﴿أُولَئِكَ يَنَالُهُمْ نَصِيبُهُمْ مِنَ الْكِتَابِ﴾، [الأعراف:٣٧]. واتە: ئەو بەشەی بۆیان دیاریکراوە لە دونیادا لە نموونەی ژیان و تەمەن و ڕۆزی و بەخششەکانی دیکە، هەمووی لە دونیادا وەردەگرن.

﴿حَتَّى إِذَا جَاءَتْهُمْ رُسُلُنَا يَتَوَفَّوْنَهُمْ قَالُوا أَيْنَ مَا كُنْتُمْ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ﴾، [الأعراف:٣٧]. لەکوێن ئەو کەسانەی پشتگیریتان دەکردن و بە بڕیاردەری ژیانی خۆتان و کەسی یەکەمی ژیانی خۆتانتان دەزانین؟ لەکوێن ئەو کەسانەی لەسەریان بەشەڕ دەهاتن و خوا و پێغەمبەرەکەیتان (ﷺ) فەرامۆش دەکرد بۆیان؟ لەکوێن ئەو کەسانەی بە بێ بیرکردنەوە لە دەسەڵات و گەورەیی خوا (ﷻ) داوای هەموو شتێکتان لێدەکردن و تکاتان لێدەکردن؟ لەکوێن ئەو کەسانەی لێیان دەترسان و لێیان

دەپارانەوە؟ ﴿قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا﴾، [الأعراف:٣٧]. ڕۆشتن و لێکتر جیابوونەوە، ئەو بانگەوازەش پووچەڵ بووەوە.

﴿وَشَهِدُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا كَافِرِينَ (٣٧) قَالَ ادْخُلُوا فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِنْ قَبْلِكُمْ مِنَ الْجِنِّ وَالْإِنْسِ فِي النَّارِ﴾، [الأعراف:٣٧]. ئێوەش وەک ئەو کەسانە بن.

﴿كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُوا فِيهَا جَمِيعًا قَالَتْ أُخْرَاهُمْ لِأُولَاهُمْ﴾، [الأعراف:٣٨]. هەموو نەتەوەیەکی نوێ بەهۆی پێشینەکانیانەوە بە هەڵەدا چوون و گومڕا بوون.

﴿رَبَّنَا هَؤُلَاءِ أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَابًا ضِعْفًا مِنَ النَّارِ﴾، [الأعراف:٣٨]. سزایان لەسەر چەند هێندە بکە، لەبەرئەوەی ئێمەیان بە لاڕێدا برد و گومڕایان کردین، ڕێگەیان لێگرتین گوێڕایەڵیی پێغەمبەرانی تۆ بکەین و شوێنیان بکەوین.

﴿قَالَ﴾ خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿لِكُلٍّ ضِعْفٌ﴾.هەرکەسێك لەوانەی شوێن کەسانی دیکە کەوتوون یان خەڵك شوێنیان کەوتوون، هەرکەسە و بەپێی گومڕایی و بێباوەڕییەکەی، سزاکەیان چەند هێندە دەکرێتەوە.

﴿وَلَكِنْ لَا تَعْلَمُونَ (٣٨)﴾، [الأعراف:٣٨]. هەر گەل و نەتەوەیەکیش نازانێت گەل و نەتەوەکەی گومڕای هاوشێوەی خۆی سزاکەیان چەند هێندە بووەتەوە.

﴿وَقَالَتْ أُولَاهُمْ لِأُخْرَاهُمْ فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِنْ فَضْلٍ﴾، [الأعراف:٣٩]. ئێوە لەدوای ئێمەوە هاتوون و هەر لەناو خۆشتاندا پێغەمبەرانتان بۆ نێردراوە. هەموو

ڕاستییەکانیشیان بۆ ڕوون کردونەتەوە. لە گومڕایی و سەرلێشێواوی ئێمەش ئاگاداریان کردوونەتەوە. بەپێی توانای خۆشیان ڕێگرییان لێکردوون و نەیانهێشتووە شوێن پێی ئێمە هەڵبگرن و لاسایی ئێمە بکەنەوە یان دابونەریتی ئێمە پەیڕەو بکەن. بەڵام ئێوە گوێڕایەڵیتان نەکردن و شوێن ڕێچکە و ڕێبازی ئێمە کەوتن و لاسایی ئێمەتان کردەوە و دابونەریتی ئێمەتان پەیڕەو کرد. ئەو ڕاستییانەتان فەرامۆش کرد پێغەمبەران (علیهم السلام) بۆیان هێنابوون، وازتان لە ڕێبازی ڕاستەقینەی پێغەمبەران (علیهم السلام) هێنا، ئیتر چ منەت و چاکەیەکتان بەسەر ئێمەوە هەیە؟ ئێوەش وەک ئێمە گومڕا بوون و لە ڕێگای ڕاست لاتاندا، ئێوەش وەک ئێمە ڕاستییەکانتان فەرامۆش کرد و وازتان لە ڕێبازی ڕاستەقینەی پێغەمبەران (علیهم السلام) هێنا. لەبەرئەوە ئێوەش بەهۆی ئێمەوە گومڕا بوون و لە ڕێگای ڕاست لاتاندا، هەر وەک چۆن ئێمەش بەهۆی نەتەوە و کەسانی دیکەوە گومڕا بووین و لە ڕێگای ڕاست لاماندا. کەواتە ئێوە چ منەت و چاکەیەکتان بەسەر ئێمەوە هەیە؟! ﴿فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنْتُمْ تَكْسِبُونَ (٣٩)﴾، [الأعراف: ٣٩].

بێگومان ئەگەر ئامۆژگاری بگات بە دڵێکی زیندوو، خوا (ﷻ) بەهۆی ئەم ئایەتە پیرۆزانەوە دڵی ڕێبوارانی ڕێی خوا بەهێز دەکات و توانا و ئارامگرییان پێ دەبەخشێت تا دەگەنە دوا وێستگەی مەبەست، بەڵام کەسانی دەست بەتاڵ و شکستخواردوو هیچ هەواڵێکیان لەم ڕاستییانە نییە.

*****

بەشی شەشەم

حوکمی شوێنکەوتنی گومڕایان و سەرلێشێواوان

ئەم بەشە چۆنیەتی بڕیاردانە لەسەر ئەو کەسانەی شوێن کەسانی دیکە کەوتوون یان کەسانی دیکە شوێنیان کەوتوون و هاوبەشن لە گومڕایدا. بەڵام ئەو شوێنکەوتانە سەرپێچی شوێنکەوتووەکانیان دەکەن و لە ڕێگەکەیان پەشیمان بوونەتەوە. ئەو کەسانەن دەڵێن شوێنکەوتەی خودی کەسەکەن، نەک شوێنکەوتەی ڕێگە و ڕێبازەکەیان. ئەم جۆرە کەسانە خوا (ﷻ) لە قورئاندا باسی کردوون و دەفەرموێت: ﴿إِذْ تَبَرَّأَ الَّذِينَ اتُّبِعُوا مِنَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا وَرَأَوُا الْعَذَابَ وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ (١٦٦) وَقَالَ الَّذِينَ اتَّبَعُوا لَوْ أَنَّ لَنَا كَرَّةً فَنَتَبَرَّأَ مِنْهُمْ كَمَا تَبَرَّءُوا مِنَّا كَذَلِكَ يُرِيهِمُ اللَّهُ أَعْمَالَهُمْ حَسَرَاتٍ عَلَيْهِمْ وَمَا هُمْ بِخَارِجِينَ مِنَ النَّارِ (١٦٧)﴾، [البقرة:١٦٦-١٦٧].

ئەو کەسانەی پێشەوان و کەسانی دیکە شوێنکەوتەیانە، خۆیان لەسەر ڕێگای ڕاستن. شوێنکەوتەکانیشیان بانگەشەی هەمان بیروڕا دەکەن و دەڵێن ئێمە لەسەر ڕێگا و ڕێبازی ئەوانین، بەڵام ڕاستییەکەی ناکۆکن لەگەڵیاندا و سەرپێچیان دەکەن و ڕێگایەکی دیکەیان گرتووەتەبەر. بانگەشەی ئەوەش دەکەن خۆشیان دەوێن. ئەم خۆشەویستییەشیان بۆ ئەم پێشەوایانە سوودیان پێدەگەیەنێت لە دونیادا، هەرچەندە سەرپێچیشیان دەکەن. بەڵام لە ڕۆژی دوایدا بێبەرین لەم پێشەوایانە، چونکە کردوویانن بە پێشەوای خۆیان بە بێ پەیڕەوکردنی ڕێبازەکەیان، کە گوێڕایەڵیی فەرمانەکانی خوا و وازهێنانە لە قەدەغەکراوەکانی. لەگەڵ ئەوەشدا وا گومان دەبەن ئەم شوێنکەوتنە سوودیان پێدەگەیەنێت.

ئەمە بارودۆخی هەموو ئەو کەسانەیە جگە لە خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن بە پێشەوای خۆیان و بۆ بەرژەوەندی دونیا شوێنیان دەکەون. هەندێك جار پشتگیرییان دەکەن و هەندێکجاریش دوژمنایەتیان دەکەن، هەندێك جار لێیان ڕازی دەبن و هەندێك جاریش لێیان تووڕە دەبن. ئەم جۆرە کەسانە هەموو کارە باشەکانیان پووچەڵ دەبێتەوە و هیچی لێ وەرناگیرێت. ڕۆژی دوایش دەبینیت ئاخی بۆ هەڵدەکێشێت و

نیگەرانە، چونکە هەرچەندە کار و کردەوە باشەکانی زۆرن، زۆریش ماندوو بووە بە ئەنجامدانیانەوە، هەوڵ و کۆششێکی زۆری کردووە تاکو تەواویان بکات، بەڵام کاتێك لە ڕۆژی دوایدا دەیانبینێتەوە هەموویان پووچەڵ بوونەتەوە و وەرنەگیراون. هۆکاری ئەم شکست و نەهامەتییەش ئەوەیە پشتگیری و دڵایەتی، خۆشەویستی و ڕق و کینە، سەرخستن و خۆنەویستی تەنها بۆ خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) نەبووە. لەبەرئەوە خوا (ﷻ) هەموو ئەم کارە باشانەی پووچەڵ دەکاتەوە و لێی وەرناگرێت. هۆکارەکانیشی لێ دەبڕێت. هۆکارەکانیش بریتین لە پشتگیری و هاوەڵێتی لەگەڵ کەسانێکدا لە دونیادا هەیبووە، بەڵام بۆ خوا (ﷻ) نەبووە، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندییەکی دونیایی یان هەر مەرامێکی دیکە بووە. لەبەرئەوە خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَتَقَطَّعَتْ بِهِمُ الْأَسْبَابُ (١٦٦)﴾، [البقرة:١٦٦]. لە ڕۆژی دوایدا هەموو هۆکار و پەیوەندی و خۆشەویستی و دڵسۆزی و پشتگیرییەکی لێ دەبڕێت بۆ هەر کەسێکی دیکە بووبێت، جگە لە خوا (ﷻ). هیچ هۆکارێکیشی بۆ نامێنێتەوە جگە لە پەیوەندی نێوان بەندە و خواکەی (ﷻ). بەم پەیوەندییەش بەخت یاوەری دەبێت ئەگەر لە دونیادا کۆچی کردبێت بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، هەموو پەرستشێکی تەنها و تەنها بۆ خوا (ﷻ) کردبێت. جگە لە پەرستشەکان دەبێت هەموو پێداویستییەکانی دیکەی بەندایەتییەکی پاك و بێگەردی بۆ خوای تاك و تەنها تیادا بێت، وەکوو، دەبێت هەموو خۆشەویستی یان ڕق و کینەیەکی لە دونیادا تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا بووبێت، هەرچییەکی بەخشیبێت یان نەبەخشیبێت، پشتگیری هەرکەسی کردبێت یان دڵایەتی هەرکەسی کردبێت، لە هەر کەس و دەستەیەك نزیك بووبێتەوە یان دوورکەوتبێتەوە، دەبێت تەنها بۆ ڕەزامەندی خوا بێت. هەروها دەبێت تەنها شوێن پێغەمبەرەکەی کەوتبێت (ﷺ). وازی لە قسەی خەڵك هێنابێت بۆ فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ). وازی هێنابێت لە هەموو ئەو کردار و گوفتارانەی سەرپێچی کردار و گوفتاری ئەم پێغەمبەرەن (ﷺ)، بەرهەڵستیکردنی و باوەڕ پێنەبوونی. دەبێت بەتەواوی خۆمان یەکلایی بکەینەوە و

تەنها شوێن ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) بکەوین. شوێنکەوتنێکی پاك و بێگەرد و هیچ جۆرە شوێنکەوتن و پەیڕەوکردنێکی کەسانی دیکەی تێکەڵ نەبووبێت. تەنانەت نابێت کەس بکەین بە هاوبەشی لە فەرموودەکانیدا. بە هیچ جۆرێکیش نابێت قسەی کەسانی دیکە پێش بخەین بەسەر فەرموودەکانیدا.

ئەمە ئەو هۆکارەیە پەیوەندی بە خاوەنەکەیەوە نابڕێت. ئەمە ئەو پەیوەندییەیە لەنێوان بەندە و خوادا هەیە. بێگومان ئەم پەیوەندییەش رێژەی بەندایەتییەکی پاك و بێگەرد دیاری دەکات و بەردەوام لە زیادبوون و کەمبوونداید، لە کۆتایشدا هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە.

نَقِّل فُؤادَك حيثُ شئتَ من الهَوى

ما الحُبُّ الا للحبيب الأوَّلِ

كم مَنزلٍ في الأرض يَألَفُه الفَتى

و حَنينُه أبَداً لأوَّلِ مَنزِلِ[1]

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە بنەمایەك دەدات دەکرێت مرۆڤ بەپێی ئارەزووی دڵی خۆی و چۆنی ویست دڵی بگوازێتەوە سەر بابەتێکی دیکە یان کەسێکی دیکەی خۆش بوێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە هیچ خۆشەویستییەك نییە یان ئەو خۆشەویستییە جێگیر و بەردەوام نابێت تەنها بۆ خۆشەویستی یەکەم نەبێت. چونکە بە ڕای هۆنەر بنەمایەکی جێگیر هەیە و دەپرسێت چەند کۆشك و خانوو لەسەر ڕووی زەویدا لەلایەن لاوانەوە بنیات نراوە، بەڵام هەمیشە تاسەی مانّی یەکەمیەتی و بیری لای یەکەم مەنزڵیەتی؟ -ئەمە دوو دێڕە شیعری ئەبی تەمامی طائیە، ئیبن جەنیش باسی دێڕی یەکەمی کردووە لە کتێبی "الخصائص"دا و داویەتە پاڵ ئەو، لا (١٧١/٢).

ڕێژە و بەهێزی ئەم پەیوەندییەش سوود بە بەندەکان دەگەیەنێت. هیچ پەیوەندییەکی دیکە لە سێ جێگاکەدا سوودی پێناگەیەنێت، مەبەستم لە سێ جێگاکەش دونیا و ژیانی ناو گۆڕ و ژیانی نەبڕاوەی ڕۆژی دواییە. هیچ سەقامگیری و ژیانێك، هیچ خۆشگوزەرانی و ڕزگاربوونێك نییە بە زۆری و بەهێزی ئەم پەیوەندییەوە نەبێت. ئەم زۆری و بەهێزییەش هۆکاری پەیوەندی نێوان بەندە و خوایە (ﷻ).

هۆنەریش جوانی فەرمووە کاتێك دەڵێت:

إذا تَقَطَّعَ حَبلُ الوَصل بينَهُم

فاللمُحبِّينَ حَبلٌ غيرُ مُنقطع

و إن تَصَدَّع شَملُ الوَصل بينَهُم

فللمُحبِّينَ شَملٌ غيرُ مُنصَدِع[1]

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە بەهێزی و لاوازی پەیوەندی نێوان خەڵك دەکات ڕای وایە پەیوەندی نێوان خۆشەویستان بەهێزە ، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان بەندە و خوا (ﷻ). ئەگەر پەتی پەیوەندی نێوان خەڵك بپچڕێت، پەتی پەیوەندی لەنێوان خۆشەویستاندا هێندە بەهێزە ناپچڕێت. تەنانەت بە ڕای هۆنەر ئەگەر لەڕووی کارووباریشەوە پەتی پەیوەندی نێوان خەڵك بپسێت، پەتی پەیوەندی نێوان خۆشەویستان هێندە بەهێزە ناپچڕێت. واتە بەڕای نووسەر و هۆنەریش دەبێت پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا یان ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە هێندە بەهێز بێت بە هیچ هۆکارێکی دونیایی ئەم پەیوەندییە نەپچڕێت یان ئەم پەیوەندییە خۆی لەخۆیدا هێندە بەهێزە بە کاریگەری هۆکارە دونیاییەکان نابچڕێت.

مەبەست: خوا (ﷻ) لە ڕۆژی دوایدا هەموو ئەو هۆکار و پەیوەندییانەی نێوان بەندەکاندا هەبووە لە دونیادا دەبڕێت، تەنها ئەو پەیوەندییە دەمێنێتەوە لەنێوان بەندە و خوادا هەبووە. ئەم پەیوەندییەش هۆکاری بەندایەتییەکی پاک و بێگەردە و بە شوێنکەوتنی پێغەمبەران (علیهم السلام) جێبەجێ دەبێت، ئەگینا هیچ بوونێکی نییە، چونکە ئەم بەندایەتییە لەسەر زاری ئەوانەوە هاتووە، لە ڕێگای ئەوانیشەوە نەبووایە نەماندەزانی. بە شوێنکەوتنی ئەوانیش نەبێت، ڕێگایەکی دیکە نییە بۆ گەشتن بەم ئامانجە. خواش (ﷻ) لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿وَقَدِمْنَا إِلَى مَا عَمِلُوا مِنْ عَمَلٍ فَجَعَلْنَاهُ هَبَاءً مَنْثُورًا (٢٣)﴾، [الفرقان:٢٣].

ئەو کار و کردەوانەی مرۆڤ لە دونیادا ئەنجامیداوە و لەسەر ڕێگە و ڕێبازی پێغەمبەران (علیهم السلام) نەبووە و بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا نەکراوە، خوا (ﷻ) وەک تۆز و با پەرش و بڵاوی دەکاتەوە. هەرگیز خاوەن کار و کردەوەکە سوودی لێ وەرناگرێت. بێگومان ئەمەش گەورەترین داخ و پەرێشانی بەندەیە لە ڕۆژی دوایدا، چونکە دەبینێت هەموو هەوڵ و کۆششەکانی و کردەوە چاکەکانی بەفیڕۆ چوون و سوودی لێ وەرناگرێت. ئەمەش پێویستترین دەرئەنجامێکە مرۆڤ لە کردەوەکانییەوە چاوەڕێی دەستکەوتنی دەکات، چونکە کەسانی کۆششکاری سوودبەخش بە بینینی سەرکەوتنی کارەکەیان دڵخۆش دەبن.

*****

بەشی حەوتەم

حوکمی شوێنکەوتنی بەختەوەران

حوکمی شوێنکەوتنی گومڕایان و سەرلێشێواوانمان باس کرد، ئێستاش باسی شوێنکەوتنی بەختەوەران و سەرفرازان دەکەین، ئەمانیش دوو جۆرن:

شوێنکەوتنیان حوکمی سەربەخۆیان هەیە، ئەو کەسانەن خوا (ﷻ) لە بارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿وَالسَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ مِنَ الْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ﴾ ، [التوبة: ١٠٠].

ئەم کەسانەش ئەو بەختەوەر و سەرفرازانەن ڕەزامەندی خوایان بۆ مسۆگەر بووە و بریتین لە یار و یاوەرانی پێغەمبەر (ﷺ). لەگەڵ ئەمانیشدا ئەو کەسانەش دەگرێتەوە بە چاکە و چاکەخوازییەوە شوێن ڕێچکە و ڕێبازی ئەوان دەکەون (ﷺ). ئەم بنەمایەش ئاماژەیە بەو ڕاستییەی هەتا ڕۆژی دوایی هەر کەسێك بە چاکە پەیڕەوی بیروباوەڕ و کردار و گوفتاری ئەوان بکات، ئەم بنەمایە دەیگرێتەوە. واتە تایبەت نەکراوە تەنها بەو سەردەمەی هاوەڵانی تێدا بینراوە (ﷺ)، بەڵکوو ئەو زاراوەیەی تایبەت کراوە بە کۆمەڵێك پیاوچاکان و لە سەردەمێکی دیاریکراودا و بە شوێنکەوتووان (التابعين) ناودەبرێن، زاراوەیەکە تەنها لەڕووی دابونەریتەوە دیاریکراوە و بەکاردەهێنرێت، ئەم دیاریکردنەش تایبەتمەندییەکە و بۆ جیاکردنەوەیانە لەو کەسانەی دیکە لەدوای ئەمانەوە دێن و دەکەونە سەردەمێکی دیکەوە، بۆنموونە، دەوترێت شوێنکەوتووان. ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی ڕەها تەنها بۆ ئەو سەردەمە بەکاردەهێنرێت، ئەگینا هەرکەسێك بە چاکە و چاکەخوازییەوە ڕێگە و ڕێبازی ئەوان بگرێتەبەر، ئەوە بە شوێنکەوتوو دادەنرێت و لەو کەسانەش هەژمار

دەکرێت خوا (ﷻ) لێیان ڕازی بووە و ئەوانیش بەو بەخشش و گەورەییەی خوا پێی بەخشیوون، لە خوا (ﷻ) ڕازی بوون.

خواش (ﷻ) ئەم شوێنکەوتنەی پەیوەست کردووە بە شوێنکەوتنێکەوە بە چاکە و چاکەخوازییەوە بێت (الإحسان). واتە ڕەها نییە و هەر بە خۆدانە پاڵ ئەوان و شوێنکەوتنیان لە بابەتێکدا و سەرپێچیکردنیان لە بابەتەکانی دیکەدا وا بزانین بە شوێنکەوتوو هەژمار دەکرێین، بێگومان هەڵەین، بەڵکوو شوێنکەوتنەکە هاوڕێی چاکەخوازییە[1]. چاکەخوازیش لە شوێنکەوتندا مەرجی دەستکەوتنی ڕەزامەندی خوا و بەهەشتەکەیەتی.

خواش (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِنْ كَانُوا مِنْ قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُبِينٍ (٢) وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (٣) ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ (٤)﴾، [الجمعة: ٢-٤].

یەکەمینەکان (الأوَّلُون) ئەو کەسانەن پێغەمبەر و هاوەڵانیان دیوە. دواهەمینەکانیش (الآخرون) ئەو کەسانەن پێیان ڕانەگەیشتوون بیانبینن یان لەو سەردەمەدا نەژیاون و لە سەدەکانی دواتردا لەدایك بوون. ئەمانەش ئەو کەسانەن تا ڕۆژی دوایی لەدوای ئەوانەوە دێن و لەسەر ڕێگە و ڕێبازی ئەوانن. واتە دواکەوتن و پێڕانەگەشتن بە بینینیان تەنها لەڕووی کاتەوەیە.

---

١): لێرەدا پیتی "باء" لە ئایەتە پیرۆزەکەدا لەڕووی ڕێزمانی عەرەبییەوە (زانستی نەحو) بۆ هاوڕێیەتی و پێکەوەبوونە -المُصاحَبَة- (وَالَّذِينَ اتَّبَعُوهُمْ بِإِحْسَانٍ)، [التوبة:١٠٠].

لە ناوەڕۆکی ئایەتە پیرۆزەکەشدا واتایەکی دیکەی تێدایە، ئەویش بریتیە لە (پێنەگەشتن). واتە لەڕووی گەورەیی و پلە و پێگەیانەوە پێیان ناگەینەوە، بەڵکوو لە خوار ئەوانەوەین و هەرچەندە هەوڵ بدەین پلە و پایەمان وەک ئەوان نییە و نابێت.

ئەم دوو وتەیەش وەکوو دوو دیوی یەک دراون و پەیوەستن بە یەکەوە، واتە ئەو کەسانەی لەپاش ئەوانەوە هاتوونەتە ژیان لەڕووی کات و سەردەمەوە، لەڕووی گەورەیی و پلە و پایەشەوە ناگەنەوە بە ئەوان. هەر دوو جۆرەکەش ئەگەر بە ڕاست و دروستی و چاکەخوازییەوە شوێنکەوتەی ڕێبازەکەیان بن، بێگومان بەختەوەر و سەرفرازن.

هەرکەسێکیش ئەو ڕێباز و ڕێنماییانە وەرنەگرێت خوا (ﷻ) بە پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) ناردوویەتی، سەری پێبەرز نەکردبێتەوە، بێگومان لە کۆمەڵەی سێیەمە، ئەوانیش جوولەکەکانن کتێبی تەوراتیان وەرگرت بۆ کارپێکردن، پاشان وەکوو خۆی هەڵیان نەگرت و کاریان پێنەکرد و دەستکاریان کرد. ﴿الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا﴾، [الجمعة:٥].

پێغەمبەریش (ﷺ) سەبارەت بە بانگەوازەکەی و ئەو پەیام و ڕێنماییانەی خوا (ﷻ) پێیدا ناردووە، خەڵکی دابەش کردووە بۆ چەند کۆمەڵە و دەستەیەک و لە فەرموودەیەکیدا وەک نموونە باسی کردوون: ﴿نمونەی ئەو هیدایەت و ڕێنمایی و زانستەی خودا (ﷻ) بە منیدا نادووە وەکوو بارانێک وایە بەسەر زەویدا دەبارێت، جا هەندێک جۆری زەوی هەیە چاک و گونجاوە بۆ باران و باراناوەکە وەردەگرێت و پاراو دەبێت و سوودی لێ وەردەگرێت، پاشان لەوەڕگا و گژوگیایەکی زۆری لێ دەڕوێت.

جۆرێکی دیکەی زەوی هەیە وشك و بەردەڵان و تاوێرە، تەنها ئاو گلدەداتەوە و تیایدا کۆدەبێتەوە، بەڵام ڕووەکی تیادا سەوز نابێت، بەڵکوو سوودی ئەوەیە خەڵك بۆ ئاودێری و کشتوکاڵ بەکاریدەهێنن. جۆرێکی دیکەی زەوی هەیە لێژە و نزمترە لە ئاستی زەویەکانی دەوروبەری، ناتوانێت ئاو لە خۆیدا گلبداتەوە یان بۆ ئاودێری بەکاربهێنرێت، ڕووەك و گژوگیاشی تێدا ناڕوێت و بۆ لەوەڕگاش سوودی نییە. ئەم جۆرە زەویانە نموونەی جۆرە کەسانێکن لە ئایینی خوادا (ﷻ) شارەزایی تەواویان پەیدا کردووە، ئەو پەیامەشی خودا (ﷻ) بە منیدا ناردووە سوودیان لێوەرگرتووە. هەروەها جۆرە کەسانێکی دیکە هەن بەم ئایینەوە سەربەرز ناکەنەوە و پێی سەربەرز نابن، ئەو هیدایەت و ڕێنماییەش قبوڵ ناکەن منی پێ نێردراوە﴾.[1]

لێرەدا پێغەمبەر (ﷺ) ئەو زانست و زانیارییەی هێناویەتی بە (باران) چووانووە، چونکە هەردووکیان (باران و زانستی ئایینی) هۆکاری ژیانن. باران هۆکاری ژیانی جەستەکانە و زانستیش هۆکاری ژیانی دڵەکانە.

---

١): عَنْ أبي موسَى الأشعريِّ، قَالَ: قَالَ رسولُ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم: «إنَّ مَثَلَ ما بعثَني اللهُ به مِنَ الهدَى والعلمِ كمَثَلِ غيثٍ أصابَ أرْضًا فكانت منها طائفةٌ طيِّبةٌ، قبِلتْ الماءَ فأنْبتَتْ الكَلأَ والعُشْبَ الكثيرَ، وكان منها أجادِبُ أمسَكتِ الماءَ، فنفَعَ اللهُ بها النَّاسَ فشَربوا منها وسَقَوا وزَرَعُوا. وأصَابَ طائفة منَّا أخرَى، إنَّما هي قِيعانٌ لا تُمسك ماءً ولا تُنبِتُ كلًا. فذلك مثل مَنْ فقه في دينِ اللهِ، ونفَعه بما بعثني اللهُ به، فعَلِمَ وعَلَّم، ومثل مَنْ لم يَرفَعْ بذلك رأسًا، ولم يقبلْ هُدَى اللهِ الَّذي أُرْسِلتُ بِهِ). پێشەوا بوخاری (٧٩)، پێشەوا موسلیم (٢٢٨٢). لە فەرموودەیەکی ئەبو موسای ئەشعەرییەوە (ﷺ).

ئەو دڵانەشی زانست وەردەگرن وەک زەویەک چووانووە باران وەردەگرێت و لێی سوودمەند دەبێت.

هەر وەک چۆن خوا (ﷻ) دڵەکانی بە چەند دۆڵێک چووانووە لە ئایەتێکی قورئانە پیرۆزەکەیدا: ﴿أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا﴾، [الرعد:١٧].

سەبارەت بە وەرگرتنی بارانیش زەویەکان سێ جۆرن:

یەکەم: زەویەکی بە پیت و پاراو. باران و ڕووەکیش وەردەگرن و تێراو دەبن و بۆ چاندن دەگونجێن. ئەگەر باران بەسەریاندا ببارێت تێراو دەبن، پاشان ڕووەکی جوان و بەسوودیان لێدەڕوێت.

ئەمانە وەک دڵێکی پاک و بێگەرد و زیرەکن. بە زیرەکییەکەیان زانست وەردەگرن. پاشان بە پاک و بێگەردی خۆیان لایەنی دانایی و ئایینی ڕاستیان لێ بەرهەم دێنن. واتە بە زیرەکییەکەیان توانای زانست وەرگرتنیان هەیە. پاشان بەپێی ئەم زانستە و شارەزابوونیان لە ئایین و نهێنی و ئاماژەی دەقەکان بەرهەمی بەسوودیان دەبێت بۆ کۆمەڵگە و دەوروبەریان.

دووەم: زەویەکی ڕەق و تاوێر و بەردەڵان. ئاوی تێدەڕێت و تێیدا کۆدەبێتەوە و دەپارێزێت. ئەم جۆرە زەویانە خەڵک سوودی لێ وەردەگرن و بۆ کشتوکاڵ و ئاودانی باخ و کێڵگەکانیان بەکاریدەهێنن.

ئەم جۆرە کەسانەش وەکوو دڵێکی پارێزەری زانستن. هەرچییەک دەیبیستن ئەزبەری دەکەن، بەڵام کردار و ڕەفتاری پێ ناکەن و بنەمای ڕێسا ئایینییەکانی

لێدەرناهێنن. واتە بەرهەمدار نین، بەڵکوو تەنها ئەزبەری دەکەن. چۆنیشیان بیستووە هەر بەو شێوەیە دەیڵێنەوە بە خەڵک. ئەمانەش لەو جۆرە کەسانەن پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیانەوە دەفەرموێت: "لەوانەیە کەسێکی شارەزا لە ئایینداا زانست و زانیارییەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ کەسێکی شارەزاتر لە خۆی لە ئایینداا، لەوانەیە کەسێکی شارەزاش لە دەقە ئایینییەکاندا خۆی شارەزایی هەڵهێنجان و دۆزینەوەی ڕێسا و بنەما شەرعییەکانی نەبێت".[1]

یەکەم:وەکوو دەوڵەمەندێکی بازرگانی شارەزای شێوازەکانی ئیشکردن و بازرگانییە. بە پارەکەی هەرچییەکی بوێت دەستی دەکەوێت.

دووەم: وەکوو دەوڵەمەندێکە شارەزایی لە شێوازەکانی ئیشکردن و قازانجدا نییە، بەڵکوو تەنها پارەکەی هەڵگرتووە و دەیپارێزێت، نازانێت بەباشی هەڵسوکەوتی پێوە بکات و بۆ کار و بازرگانی بەکاریبهێنێت.

زەوی سێیەم زەویەکی تەختە، بەڵام لە ئاستێکدایە ڕووەکی تیادا ناڕوێت و ئاویش گلناداتەوە. ئەگەر بارانی لێببارێت یان نەبارێت، سوودی لێ وەرناگرێت.

ئەم جۆرە زەویانە وەک نموونەی ئەو دڵەن زانست و شارەزایی ئایینی و زانستەکانی دیکەش وەرناگرن. ئەم جۆرە دڵانە وەک زەویەکی وێرانەن، ڕووەکیان لێ

---

[1]): "فرب حامل فقه إلى من هو أفقه منه، ورب حامل فقه غير فقيه". پێشەوا ئەبو داود (٣٦٦٠)، پێشەوا ترمذي (٢٦٥٦)، لە فەرموودەیەکی زەیدی کوڕی ثابیتەوە (ﷺ)، پێشەوا ئەلبانیش فەرموودەکەی بە ڕاست داناوە.

ناڕوێت و ئاویش گلنادەنەوە. وەکوو ئەو هەژارەن پارە و سامانی نییە و ناشزانێت چۆن کار بکات و پارە پەیدا بکات.

پوختەی مەبەستیش ئەوەیە سێ دەستە و کۆمەڵە مرۆڤ هەن:

یەکەم: زانایەکی فێرکارە. واتە خۆی زانایە و خەڵکیش فێری زانستەکەی دەکات، بە زانست و دانایی تەواوەوە بانگەواز بۆ ئایینی خوا (ﷻ) دەکەن. ئەم جۆرە کەسانە میراتگری پێغەمبەرانن (علیهم السلام).

دووەم: کەسانێکن هەرچییان بیستووە ئەزبەریان کردووە و لای خۆیان پاراستوویانە. ئەمانە هەرچییەك بازرگانی پێوە بکرێت و وەبەرهێنانی تێدا بکرێت بۆ خەڵکی دیکەیان هەڵگرتووە و خۆیان سوودی لێ وەرناگرن.

سێیەم: بەتەواوی جیاوازن لە جۆری یەکەم و دووەم، بەڵکوو کەسانێکن ڕێنمایی و ئایینی خوا (ﷻ) وەرناگرن. سەریشی پێ بەرز ناکەنەوە و شانازی پێوە ناکەن.

ئەم فەرموودەیە بەشەکانی مرۆڤ و پێگەیان لە بانگەوازی پێغەمبەرایەتیدا لەخۆ دەگرێت. دەیانکات بە سێ بەشەوە، دوو بەشیان بەختەوەر و سەرفرازن، بەشێکیشیان سەرگەردان و ڕەنجەڕۆن.

*****

بەشی هەشتەم

جۆری دووەمی شوێنکەوتووانی بەختەوەران

جۆری دووەمی شوێنکەوتووی بەختەوەران نەوەی شوێنکەوتەی بڕوادارانە و لە دونیادا بڕیاری ئەرك پێسپاردنیان بەسەردا جێگیر نەبووە (حُكمُ التَّكليف)، بەڵکوو لەگەڵ باوکیاندان و بە شوێنکەوتەی ئەوان هەژمار دەکرێن. خواش (ﷻ) لەبارەی ئەمانەوە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَاتَّبَعَتْهُمْ ذُرِّيَّتُهُمْ بِإِيمَانٍ أَلْحَقْنَا بِهِمْ ذُرِّيَّتَهُمْ وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ كُلُّ امْرِئٍ بِمَا كَسَبَ رَهِينٌ (٢١)﴾، [الطور: ٢١].

خوا (ﷻ) هەواڵمان پێدەدات منداڵەکان دەگەیەنێتەوە بە باوکیان لە بەهەشتدا، هەروەها شوێنکەوتەی ئەوانیش دەبن لە باوەڕدا. لەبەرئەوەی منداڵەکان هێندە کار و کردەوەیان نییە بەهۆیەوە شایانی ئەو پلەیە بن، بەڵام خوا (ﷻ) بەهۆی ڕێزی دایك و باوکیانەوە ئەو پلەیان پێدەبەخشێت. پاشان خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿وَمَا أَلَتْنَاهُمْ مِنْ عَمَلِهِمْ مِنْ شَيْءٍ﴾، [الطور: ٢١]. ڕاناوەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی باوەڕیان هەیە. واتە: لە کار و کردەوەی دایك و باوکیان کەمناکرێتەوە بۆ منداڵەکانیان، بەڵکوو پلەی منداڵەکانیان بەرز دەکرێتەوە بۆ ئاستی پلەی دایك و باوکیان و پلە و پاداشتی کار و کردەوەکانی ئەوانیش وەك خۆی دەمێنێتەوە. لە ڕاستیشدا پێگەی ئەم منداڵانە وەك پێگەی ئەو کەسانە نییە کار و کردەوەی چاکیان هەیە و پاداشتیان لەسەر وەرگرتووە، بەڵکوو خوا (ﷻ) وەك ڕێزلێنانێك بۆ دایك و باوکیان ئەو پلەیەی پێبەخشیون و بە منداڵەکانیانی شاد کردوونەتەوە، هەرچەندە ئەم پلەیە لەسەرووی ئەو ئاستەوەیە منداڵەکان بەهۆی کار و کردەوەی خۆیانەوە شایستەی بن.

ڕاستییەکەی ئەم پێکگەیشتنەوەیەش لە پاداشت و پلەدا، گەورەیی و بەخشندەیی خوایە (ﷻ). لەوانەیە هەندێك کەس بکەوێتە گومانەوە و بڵێت پێکگەیشتنەوەی ئەم منالانە بە دایك و باوکیان بە بڕیاری دادپەروەرانەی خواوە بووە. کەواتە ئەگەر دایك و باوکیان خراپەیەکیان کردبێت، بە هەمان شێوە دەبێت ئەم منالانەش سزا بدرێن، بەڵام ڕاستییەکەی ئەم بۆچوونە دروست نییە و هەر کەسێك هەر کارێکی خراپە بکات، تەنها لە ئەستۆی خۆیدایە و هیچ پەیوەندیەکی بە کەسانی دیکەوە نییە.

ئەم پێك گەشتنەوەیەش باسمان کرد لە گەورەیی و پاداشتدایە، نەك لە دادپەروەری و سزادا. ئەم نموونە و نموونەکانی دیکەی لەم جۆرەش لە نهێنی و گەنجینەکانی قورئانن و خواش (ﷻ) تێگەیشتن و زانینی ئەم نهێنی و گەنجینانە دەبەخشێت بە کەسانێك خۆی بیەوێت.

ئەم ئایەتە پیرۆزانە هەموو بەشەکانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە، بەختەوەر و ڕەنجەڕۆ: بەختەوەرەکانیش شوێن کەسانی دیکە کەوتوون یان کەسانی دیکە شوێنیان کەوتوون. بە هەمان شێوە ڕەنجەڕۆکانیش شوێنی کەسانی دیکە کەوتوون یان کەسانی دیکە شوێنیان کەوتوون.

لەبەرئەوە لەسەر مرۆڤی ژیر و ئامۆژگاریکەری خودی خۆی پێویستە تەماشا بکات سەر بە چ بەشێکە؟ بە دابونەریت فریو نەخوات و لەسەر پوچگەرایی بەردەوام نەبێت تا مردن، بەڵکوو دەبێت پەشیمان ببێتەوە و بگەڕێتەوە سەر ڕێگای ڕاست.

ئەگەر لە کۆمەڵەی بەختەوەران بێت، دەگوازرێتەوە بۆ بەشی سەروو خۆی و هەوڵەکانی دەرئەنجامی خوازراوی دەبێت. خواش (ﷻ) ڕێبەری سەرکەوتن و سەرفرازییە.

ئەگەر لە کۆمەڵەی ڕەنجەڕۆکانیش بوو، بەپێی توانا دەکرێت لە کاتێکی گونجاودا بگوازرێتەوە بۆ کۆمەڵەی بەختەوەران پێش ئەوەی بڵێت: ﴿يَا لَيْتَنِي اتَّخَذْتُ مَعَ الرَّسُولِ سَبِيلًا (٢٧)﴾، [الفرقان: ٢٧].

*****

بەشی نۆیەم

مەزنترین هاوکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی

پوختەی مەبەست: مەزنترین هاوکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی، هاوکارییە لەسەر کۆچکردن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ). ئەم کۆچەش پێویستە بە دەست و زمان و هەموو جەستە بێت، بە یارمەتیدان و ئامۆژگاری بێت، بە فێرکردن و ڕێنمایی بێت، بە خۆشەویستی و دۆستایەتی بێت.

هەر کەسێکیش لەگەڵ بەندەکانی خوادا بەم جۆرە بێت، خواش (ﷻ) بە هەموو خێر و چاکەیەکەوە خێرا بەرەو ڕووی دێت، لە دڵی بەندەکانیدا خۆشەویستی دەکات، دەرگاکانی زانست بە ڕووی دڵیدا دەکاتەوە، لە هەموو ناخۆشی و تەنگانەیەکدا کارئاسانی بۆ دەکات. هەر کەسێکیش بەپێچەوانەوە بێت، خواش (ﷻ) بەپێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، چونکە خوا (ﷻ) بە بەڵگەی ئەم ئایەتە پیرۆزە ستەم لە کەس ناکات. ﴿وَمَا رَبُّكَ بِظَلَّامٍ لِلْعَبِيدِ(٤٦)﴾، [فُصِّلَت:٤٦].

ئەگەر دەڵێیت: باسی گەشتێکی مەزن و کارێکی گرنگت کرد، **تۆپشووی** ئەو گەشتە چیە؟ **ڕێگا و هۆکاری گواستنەوەی** چیە؟

منیش دەڵێم: **تۆپشووی گەشتەکە** ئەو زانستەیە لە دواهەمین پێغەمبەرەوە (ﷺ) بۆمان ماوەتەوە. جگە لەم تۆپشووەش هیچ تۆپشوویەکی دیکە نییە بۆ ئەم گەشتە. هەر کەسێکیش ئەم تۆپشووەی دەستنەکەوتبێت، با لە ماڵی خۆی دەرنەچێت. با لەگەڵ سەرپێچیکاراندا دابنیشێت، چونکە هاوڕێی بێئیش و لە کاروان بەجێماو زۆرن و لەوە زیاترن بتوانێت بیانژمێرێت.

ئەم جۆرە کەسانە دەبنە هاوڕێ و سەرمەشق بۆی، دەبنە پێشەنگ و ڕێنمایکاری. لە ڕۆژی غەم و پەژارەشدا، کە ڕۆژی دواییە ئەم نیگەرانی و پەشیمانییە سوودی پێ ناگەیەنێت. خواش (ﷻ) لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَلَنْ يَنْفَعَكُمُ الْيَوْمَ إِذْ ظَلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ (٣٩)﴾، [الزخرف:٣٩].

خوا (ﷻ) لەکاتی سزاداندا غەم و پەژارەیانی بۆ یەکتر نەهێشتووە، چونکە ئەگەر کۆست و غەمەکانی دونیا هەمووانی گرتەوە دەبێت بە گاڵتە و گەپ. لە ڕۆژی

دوایشدا نیگەرانیان بۆ یەکتر بێسوودە و خواش (ﷻ) رێگەی پێنەداون و تەنها لە غەمی ئازارەکانی خۆیاندان. واتە هاوخەمی لە دونیا و دواڕۆژدا جیاوازە. سەبارەت بە دونیا دەکرێت مرۆڤ هاوخەمی کەسانی دیکە بێت، هەر وەک (خەنسا) ی هۆنەر لە هۆنراوەیەکیدا ئاماژەی پێدەدات ئەگەر لەبەر زۆری ئەو کەسانە نەبوایە لە دەوروبەرین و لەڕووی برایەتییەوە دەگرین و هاوخەمین، لەبەر ناخۆشی و غەم و پەژارە خۆی دەکوشت. لەگەڵ ئەوەشدا کەس نییە وەکوو براکەی بۆی بگری، بەڵام ئەو دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە خەڵک هاوخەمین و بەشێکن لە ئارامگری کۆست کەوتوو.[1]

فلولا كثرةُ الباكينَ حَولي

على إخوانِهم لقَتَلتُ نَفسي

و ما يَبكُون مثلَ أخي و لكن

أُسَلِّي النَّفسَ عنهم بالتأسِّي[2]

---

١): دیوانی (الخنساء)، لا ٦٧-٦٨.

٢): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک دەکات و چۆن لەکاتی پرسە یان غەم و پەژارەدا هاوبەشی یەکتر دەکەن و کەسی غەمبار خەڵک و خزم و کەسوکار زۆرە لە دەوروبەری و لەگەڵیدا دەگرین و وەک برایەک هاوبەشی غەمی دەکەن، تاڕادەیەک لە غەمەکانی کەم دەکەنەوە و ئەگەر ئەم هەڵوێستە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نەبوایە، لەوانەیە مرۆڤ خۆی بکوشتایە لەتاو غەم و ئازار. لە هەمان کاتدا کەس وەک برا یان خوشک و دایک و باوک یان کەسانی نزیک بۆی ناگرین و هاوبەشی غەمەکانی نین، بەڵام دەکرێت مرۆڤی کۆست کەوتوو دڵخۆشی خۆی بداتەوە و لە ئازارەکانی کەم ببێتەوە.ناوەڕۆکی ئەم هاوبەشییەش تەنها لە دونیادایە و بۆ ڕۆژی دوایی و لێپرسینەوەی ئەو ڕۆژە سەختە هیچ سوودێکی نییە و کەس نابێتە هاوبەشی غەمی کەس لەو ڕۆژەدا.

بەڵام ئەم هەستەی لە دونیادا لە هاوخەمییەوە دەست کەوتووە، لە پۆژی دوایدا لەنێوان هاوبەشانی سزادا نییە.

پێگای گەشتەکەیش: هەوڵدانە، بەکارهێنانی هەموو وزە و توانایە لە پێناوی سەرکەوتن لەم پێگایەدا. ئەگینا نە چێژ وەردەگریت و نە دەگەیت بە ئامانج، دڵیشت ئۆقرە ناگرێت و هێور نابێتەوە، بەڵکوو وەك هۆنەر ئاماژەی پێ دەدات مرۆڤ دەبێت لە خەوی بێئاگایی هوشیار بێتەوە و لە سەرەمەرگی خۆی بەئاگا بێت و بەرەو سەرکەوتن و شکۆمەندی هەنگاو بنێت، بۆئەوەی سەربەرزی و پشتیوانییەکی بالای دەستکەوێت. ئەگینا خێر و چاکە لە کەسێکدا نییە لە شکست و مردن بترسێت، ویست و توانایەکی بەهێزیش دەستی ئەو کەسانە ناکەوێت لە لۆمەی لۆمەکاران دەترسن. واتە دەبێت دەستبەکار بین و لە قسەی خەڵك نەترسین و هەوڵی تەواو بدەین ئەم پێگایە ببڕین.

فَخُض غَمَراتِ الموتِ وَاسمُ الى العُلا

لكي تُدرِكَ العِزَّ الرَّفيعَ الدَّعائم

فلا خيرَ في نفسٍ تَخافُ من الرَّدى

و لا هِمَّةٍ تَصبوُ الى لَوم لائم[1]

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بەپێویستی و دەرئەنجامی هەوڵدان و نەترسان دەکات و پێی وایە دەبێت مرۆڤ گۆمی ترس لە سەرەمەرگ و مردن بشکێنێت و لە مردن نەترسێت، بەڵکوو بەردەوام هەوڵی شکۆمەندی و بەرزبوونەوە و سەرکەوتن بدات، بۆئەوەی سەربەرزی و ئاستی بالا و سەرفرازی بەدەست بهێنێت، چونکە خێر و چاکە لە کەسێکدا نییە لە شکست و سەرنەکەوتن بترسێت. هیچ هیمەتێکیش لە لۆمەی لۆمەکارانەوە دەست ناکەوێت و نابێت لە لۆمە و قسە و قسەڵۆکی کەسانی پڕد و لۆمەکار بترسین و لە هەوڵدان بوەستین.

تەنها دوو ڕێگەش هەیە بۆ سواربوونی کەشتی ئەم گەشتە:

یەکەم: نابێت لەژێر کاریگەری لۆمەی لۆمەکاراندا چاوپۆشی لە ڕاستییەکان بکەیت، چونکە لۆمەی لۆمەکاران سوارچاك دەگلێنێت و دەیخاتە سەر زەوی.

دووەم: پشت بە خوا (ﷻ) ببەستە و ئارام و لەسەرخۆ بە. ئەوکاتە پێشدەکەوێت و هیچ مەترسییەك نابێتە کۆسپ و ڕێگر لەبەردەمتدا، چونکە هەرکاتێك مرۆڤ ترسا دوادەکەوێت و ژیان و ئیشوکارەکانی سنووردار دەبێت، پاڵی لێدەداتەوە و لە هەوڵدان دەوەستێت.

بە ئارامگری و خۆڕاگریش نەبێت ئەم دوو کارەت بۆ ئەنجام نادرێت، چونکە هەرکەسێك تەنها کەمێك ئارام بگرێت، ئەو مەترسی و کۆسپ و تەگەرانە دەبنە شنەبای خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی و دەیگەیەنن ئامانجی خوازراوی خۆی. بەهۆی ئارامگری و خۆڕاگرییەوە ئەم کۆسپ و تەگەرانە دەبنە مەزنترین یارمەتیدەر و خزمەتکاری، هەرچەندە پێشتر لێیان دەترسا و لە ئاستیاندا دەستەوەستان بوو. ئەمەش ڕاستییەکە و هەرکەسێك لە ژیانیدا ڕووبەڕووبوونەتەوەی نایزانێت.

هۆکاری گواستنەوەش: ڕاستی پەنابردنە بۆ خوا (ﷻ). خۆیەکلاکردنەوەیە بۆ خوا (ﷻ) بە هەموو شێوەیەك. دڵنیابیت بە هەموو جۆرێك پێویستت بە خوایە (ﷻ). نزا و پاڕانەوەی بەردەوامت هەبێت. بەڕاستی پشتی پێببەستیت، بەڕاستی داوای کۆمەك و یارمەتی لێبکەیت. وەکوو دەفرێکی شکاو هیچی تیانەبێت، خۆت بخەیتە بەردەستی و چاوەڕوانی سۆز و بەزەیی ئەو بیت. وەکوو بەندەیەکی تاوانبار و هەڵەکار سەیری خاوەن و سەرپەرشتیارەکەی بکات هێز و توانای بۆ بگەڕێنێتەوە و

لێی خۆش بێت. جارێکی تر بە گەورەیی خۆی یارمەتی بدات و نهێنی و کارە هەڵەکانی بۆ داپۆشێت و لای کەس نەیدرکێنێت. بەکورتی کەسێك بیەوێت لەم گەشتەدا سەرکوتوو بێت داوا لە خوا بکات رێنمایی بکات و لێی بپارێتەوە لە گەشتەکەیدا چاوساغی بێت. داوای لێ بکات ئەو نهێنی و وێستگانەی لەرێگای ئەم کۆچەیدایە و لە کەسانی دیکە شاراوەیە، بۆی ئاشکرا بکات و رێنمایی بکات.

*****

بەشی دەیەم

بنەما و سەرمایەی ئەم کارە

بنەما و سەرمایەی ئەم کارە لای مرۆڤی باوەڕدار بەردەوامی بیرکردنەوە و تێڕامانە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە جۆرێك دەست بگرێت بەسەر بیروهۆشیدا و دڵیشی سەرقاڵ بکات. ئەگەر واتاکانی قورئان جێگای یادەوەرییەکانی دیکەی گرتەوە لە دڵیدا و زاڵ بوو بەسەر بیرکردنەوەکانیدا، بە جۆرێك بوو بە پەناگەیەك یان جێگایەکی شیاو بۆ مانەوە و سەقامگیری، ئەوکاتە باوەڕ دەتوانێت لە دڵیدا جێگیر ببێت و لەسەر کورسییەکەی دابنیشێت. لە کردار و گوفتار و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ دەداتەوە. دەبێتە فەرماندە و گوێڕایەڵیی فەرمانەکانیشی دەبێت و جێبەجێی دەکات. هەرکەسێك بەم جۆرە بوو گەشتەکەی ڕاست و دروست دەبێت. ڕێگاکەی بۆ ڕوونـاك دەبێتەوە، وا دەزانێت دانیشتووە لە جێگاکەی خۆی، بەڵام ڕکابەری و کێبەرکێ لەگەڵ ڕەشەبادا دەکات: ﴿وَتَرَى الْجِبَالَ تَحْسَبُهَا جَامِدَةً وَهِيَ تَمُرُّ مَرَّ السَّحَابِ﴾، [النمل:٨٨].

*****

بەشی یازدەیەم

چۆنیێتی تیێڕامان لە قورئان

ئەگەر دەڵێیت: ئامارەت بە ئاستێکی بەرز و پێگەیەکی مەزن کرد، کەواتە دەرگاکەیم بۆ ئاوەڵاکە، پەردەی نهێنییەکانیم بۆ لابە، چۆن لە قورئان ڕامێنم و لێی تێبگەم؟ چۆن ئەو شانازییەم پێ ببڕێت لە گەنجینە و نهێنییە سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان ئاگادار ببم و بیانزانم؟ ئەمەش چەندان شلۆقەی پێشەوایانە لە بەردەستماندا، ئایا هیچ بەڵگەیەکی دیکە هەیە جگە لەو بەڵگانەی باست کرد؟

منیش دەڵێم: چەندان نموونەت بۆ باس دەکەم پشتیان پێببەستە و بیانکە بە پێشەوا و ڕێنمایکاری خۆت لەم مەبەستەدا:

خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ (٢٤) إِذْ دَخَلُوا عَلَيْهِ فَقَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (٢٥) فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (٢٦) فَقَرَّبَهُ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (٢٧) فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ (٢٨) فَأَقْبَلَتِ امْرَأَتُهُ فِي صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ (٢٩) قَالُوا كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكِ إِنَّهُ هُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ (٣٠)﴾، [الذاريات:٢٤-٣٠].

بەڵێنت پێدەدەم ئەگەر ئەم ئایەتە پیرۆزانە بخوێنیتەوە، ئەگەر بە وردی سەیری واتاکانیان بکەیت و لێیان ڕامێنیت، تێدەگەیت ئەو کەسانە فریشتە بوون و لە شێوەی چەند میوانێکدا هاتبوون بۆ خزمەتی پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) و نانیان خواردووە، پاشان مژدەی کوڕێکی زانایان پێداوە، هاوسەرەکەشی سەری سوڕماوە لەم کارە، فریشتەکانیش پێیان وتووە خوا (ﷻ) وای فەرمووە. ئەگەر تێگەیشتن و تێڕامانیشت لەمەندە زیاتر نەبووە، ئێستا گوێ لە هەندێك لەو نهێنیانە بگرە لە ئایەتە پیرۆزەکاندا هەن.

چەندان جۆر پەسن و پیاهەڵدانی تێدایە بەسەر پێغەمبەر ئیبراهیمدا (علیه السلام)!

چۆن ڕێز و دابونەریتی میوانداری و مافی میوانی تێدا کۆکراوەتەوە؟!

چۆن ڕێز لە میوان دەگیرێت؟

چەند وەڵامی تێدایە بۆ پووچگەراکان؟ جا ئیتر فەیلەسوف بن یان کەسانی بێ ئیش و بێ کار.

چۆن نیشانەیەکی مەزن لە نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی باس دەکات؟

چۆن هەموو خەسڵەتەکانی تەواوکاری و بێ کەموکورتیبوون، کە سەرچاوەکەیان زانست و داناییە باس دەکات!

چۆن بە نەرمونیانترین شێوە و پوونترین بەڵگە ئاماژە بە ڕاستی هەبوونی ڕۆژی دوایی دەکات! پاشان بە ڕەوانبێژییەکی جوانەوە باسی ڕوودانی دەکات!

چۆن باسی دادپەروەری خوا و تۆڵەی خوا دەکات لەو نەتەوانەی بوونی خوا و ڕۆژی دواییان بە ڕاست نەدەزانی و پێغەمبەرانیان بە درۆ دەخستەوە!

باسی باوەڕبوون (الإیمان) و هاتنە سەر ئایینی ئیسلام (الإسلام) دەکات و جیاوازیش دەکات لەنێوانیاندا.

باسی مانەوەی بەڵگەکانی خوا (عزوجل) دەکات، کە ئاماژەن بە تاك و تەنهایی خوا و ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکانی (علیهم السلام) و هاتنی ڕۆژی دوایی.

باسی ئەو ڕاستییەش دەکات هەموو ئەم بنەمایانە سوود بە کەسێك ناگەیەنێت ئەگەر ترسی سزای دواڕۆژ لە دڵیدا نەبێت و باوەڕی تەواوی پێی نەبێت.

هەر کەسێکیش ترسی دواڕۆژی نەبێت و باوەڕی پێی نەبێت، سوود لەم ئایەتە پیرۆزانە وەرناگرێت.

ئێستاش باس لە هەندێك وردەکاری و ئاماژەی ئەم ڕستەیە بگرە:

خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ (٢٤)﴾، [الذاريات:٢٤].

خوا (ﷻ) چیرۆکەکەی بە شێوازی پرسیاری دەستپێکردووە، لە ڕاستیشدا مەبەستی ناوەڕۆکی پرسیار و پرسیارکردن نییە لەبارەی بابەتەکەوە، چونکە خۆی ڕاستییەکان بە باشترین شێوە دەزانێت. هەر لەبەر ئەمەشە هەندێك لە زانایانی زمانەوانی زمانی عەرەبی (نَحو) دەڵێن: وشەی پرسی ئایا (هَل) لە نموونەی ئەم ئایەتە پیرۆزانە یان لە نموونەی ئەم بابەتانەدا بە واتای (دڵنیایی) دێت و بۆ ڕاست و دروستی ڕووداوێك پێویستە و بەکاردێت.

لەکاتی گفتوگۆکردنیشدا نهێنییەکی شاراوە و واتایەکی داهێنەرانە لە نموونەی ئەم جۆرە پرسیارانەدا هەیە، چونکە ئەگەر قسەکەر ویستی بابەتێکی سەرسوڕهێنەر بە گوێگرەکەی بڵێت، پێویستە گرنگی پێبدات و تەواوی سەرنج و ئاوەزی بەرانبەرەکەی بۆ ئامادە بکات. بۆنموونە، بە ئامرازێکی ئاگادارکردنەوە قسەکردن دەست پێدەکات لەگەڵیدا و بیستن و ئاوەزی بۆ هەواڵەکە هوشیار دەکاتەوە. جارێك

بە "ئایا ... وا نییە؟" قسە دەکات و جارێك بـە "ئایـا؟" گفتوگۆی لەگەڵدا دەکـات. بۆنموونە، دەڵێت: ئایا ئەوە و ئەوەت زانیوە؟ ئایـا نـەتزانیوە ڕووداوەکـە ئـاوا و ئـاوا بووە؟ ئەم شێوازەش بۆ یادخستنەوە یان بۆ ئامۆژگاری و ترساندن بەکاردێت، یان بۆ ئاگادارکردنەوەیەتی سەبارەت بە گەورەیی و مەزنی ئەو بابەتەی باسـی دەکـات بـۆی یان بۆ بڕیاردانیەتی لەسەر گرنگی بابەتێك.

نموونەی لەم شـێوازەش زۆرن، لەوانـەش ئـەم ئایەتـە پیرۆزانەیـە خـوا (ﷻ) دەفـەرموێت: ﴿هَـلْ أَتَـاكَ حَـدِيثُ مُوسَـى (١٥)﴾، [النازعـات:١٥]، ﴿وَهَـلْ أَتَـاكَ نَبَـأُ الْخَصْمِ﴾، [ص:٢١]، ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ (١)﴾ ، [الغاشية:١]، ﴿هَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ ضَـيْفِ إِبْـرَاهِيمَ الْمُكْـرَمِينَ (٢٤)﴾، [الـذاريات:٢٤]، ... هتـد. نـاوەڕۆکی ئـەم ئایەتـە پیرۆزانە مەزنی ئەو چیرۆکانە لەخۆ دەگرێت. هوشـیارمان دەکاتـەوە لێـی ڕابمێـنین و ناوەڕۆکەکەی بزانین.

نهێنییەکی دیکەشی تیادایە: بریتیە لە ئاگادارکردنەوەی ئێمە لـە هـاتنی ئـەم ئایەتە پیرۆزانە بۆ سەر موسوڵمانان وەك نیشانەیەك لە نیشـانەکانی پێغەمبەرایـەتی، چونکە لە هێزێکی نادیارەوە هاتووە و تۆ و خزم و کەس و کاریشت نایزانێـت.[1] ئایـا جگە لە ڕاگەیاندن و پەیام و زانیاری ئێمە، هیچ بەڵگەیەکی دیکـەت بـۆ هـاتووە، یـان تەنها ئێمە بەڵگە و زانیارییەکانت پێ ڕادەگەیەنین؟

---

١): مەبەست پێغەمبەر و کەسوکاریەتی. (وەرگێڕ).

سەیری دەستپێکردنی ئەم گفتوگۆیە بکەن بە شێوازی (پرسیار)، لە مەزنی پێگەی پرسیار ڕابمێنن لە هەموو جێگەیەکی گفتوگۆکاندا. بێگومان گەواهی دەدەن زمان پاراوی و ڕەوانبێژی لەوپەڕی لوتکەی خۆیدایەتی.

ئەو ئایەتە پیرۆزەش دەفەرموێت: ﴿ضَيْفِ إِبْرَاهِيمَ الْمُكْرَمِينَ (٢٤)﴾، پەسنی هاوڕێی خۆشەویستی خۆی "إبراهيم (عليه السلام)" لەخۆ دەگرێت، چونکە لە ﴿الْمُكْرَمِينَ﴾دا دوو وتە هەیە:

یەکەم: ڕێزگرتنی پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) لە میوانەکانی. واتە پەسن و ستایشی پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام)ی تیادایە ڕێز لە میوان دەگرێت.

دووەم: میوانەکانیش ڕێز گیراون لە لای خوا (عز وجل)، بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوا (عز وجل) دەفەرموێت: ﴿بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ (٢٦)﴾، [الأنبياء:٢٦]. هەروەها پەسن و بە مەزن ڕاگرتنی ئەم هاوڕێ خۆشەویستەی خۆی تیادایە، چونکە فریشتە ڕێز لێگیراوەکانی خۆی کردووە بە میوانی.

بەم جۆرە بە هەر دوو شێوازەکە ستایشی پێغەمبەر ئیبراهیمی (عليه السلام) تێدایە.

ئەو ئایەتە پیرۆزەش خوا (عز وجل) دەفەرموێت: ﴿فَقَالُوا سَلَامًا قَالَ سَلَامٌ﴾، [الذاريات:٢٥]. دیسان ستایشێکی دیکە لەخۆ دەگرێت بۆ پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) کاتێك لە سڵاوەکەی ئەوان جوانتر وەڵامی دانەوە، چونکە سڵاوەکەی ئەوان بە ناوێکی (مَنْصُوب) بوو، ڕستەیەکی کاری (الجملة فعلية)ی تیادایە، ناوەڕۆکی واتاکەشی سڵاوکردنێکە ئاشتی و ئارامی و دڵنیایی لەو میوانانە لەخۆ دەگرێت. ﴿واتە مرۆڤ لە

فریشتەکان دڵنیایە، نەک لە هەموو دروستکراوەکانی دیکەی وەکوو مرۆڤ و گیانەوەرانی دیکە. هەروەها دەکرێت ئاشتی و دڵنیایی مرۆڤ بەردەوام و جێگیر نەبێت و نابێت دڵنیا بێت بۆ هەتاهەتایە ناکەوێتە مەترسییەوە. (وەرگێڕ-). وەڵامدانەوەی پێغەمبەر ئیبراهیمیش (عليه السلام) بە ناوێکی (مرفوع) هاتووە و ڕستەیەکی ناوی (الجملة إسمية)ی تیادایە. ناوەڕۆکی واتاکەشی ئاشتییەکی جێگیر و بەردەوام یان نەبڕاوە و چەسپاو لەخۆ دەگرێت لەسەر فریشتەکان. بێگومان ڕستەی ناویش جێگیری و پێویستی دەخوازێت، بەڵام ڕستەی کاری ڕووداو و نوێبوونەوەی بەردەوام دەخوازێت. لەبەرئەوە سڵاوەکەی پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) تەواوتر و جوانترە.

پاشان خوا (عز وجل) دەفەرموێت: ﴿قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (٢٥)﴾، [الذاريات:٢٥]. لەم ئایەتە پیرۆزەشدا لە گفتوگۆی جوان لەگەڵ میوان و ڕەخنەلێگرتنیدا دوو ڕووی ستایش لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: بەشی نیهادی ڕستەکەی سڕیوەتەوە. ئەمەش واتای ئەوەیە: ئێوە دان بە ڕاستییەکاندا نانێن و بێاوەڕن. بەم جۆرە ڕەخنەی لێگرتن، نەک بە جۆرێک گفتوگۆ لەگەڵ میواندا بکات بە شەڕ و پەلاماردان ڕووبەڕوویان ببێتەوە. بەڵکوو فەرمووی: ﴿قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (٢٥)﴾، [الذاريات:٢٥]. بێگومان سڕینەوەی بەشی نیهادی ڕستەکەش لێرەدا لە شێوازە جوانەکانی گفتوگۆکردنە لەگەڵ کەسانی بەرانبەردا. پێغەمبەریش (ﷺ) ڕووبەڕووی کەس نەبووەتەوە بە جۆرێک گفتوگۆی لەگەڵدا بکات پێی ناخۆش بێت و هەستی بریندار بکات، بەڵکوو دەیفەرموو: ﴿حاڵی ئەو کەسانە چۆنە قسەیەک دەکەن، بەڵام کارێکی پێچەوانەی قسەکەیان دەکەن؟﴾

دووەم: دەفەرموێت: ﴿قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (٢٥)﴾، [الذاريات:٢٥]. لێرەدا بکەری دان پیادا نەنانەکەی سڕیوەتەوە و خۆیان بە بێباوەڕ نیشان دەدا. هەروەك چۆن خوا (ﷻ) لە ئایەتێکی پێرۆزی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿نَكِرَهُمْ﴾، [هود:٧٠]. بێگومان وتنی: ﴿قَوْمٌ مُنْكَرُونَ (٢٥)﴾، [الذاريات:٢٥]. نەرمونیانترە وەك لە وتنی: ﴿أَنكَرتُم﴾ یان وتنی ئێوە بێباوەڕن و ڕاستییەکان ڕەت دەکەنەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (٢٦) فَقَرَّبَهُ إِلَيْهِمْ قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (٢٧)﴾، [الذاريات:٢٦-٢٧]. ئەم دوو ئایەتە پێرۆزە چەندان شێوازی ستایشکردن و ئەتەکێتی میوانداری و ڕێزگرتنی میوان لەخۆ دەگرن. بۆ نموونە، خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿فَرَاغَ إِلَى أَهْلِهِ﴾، باسی ڕۆشتن دەکات بۆ لای خێزانەکەی. ئەم جۆرە ڕۆشتنە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت "الرَّوَغان"، بە واتای ڕۆشتنێك دێت بەخێرایی و بەنهێنی بێت و خۆی لەبەر چاوان بشارێتەوە. لێرەدا ناوەڕۆکی ڕۆشتنەکە مەبەستە و ڕۆشتنێکە دەستپێشخەری تێدایە بۆ ڕێزگرتنی میوان و خۆشاردنەوەشی تێدایە تاکو خۆشی و میوانەکانیش هەست بە شەرمەزاری و لەڕوودامان نەکەن. بێگومان ئەمەش بەپێچەوانەی کەسێکە گیانی لەبەر میوان قورسە و سارد و سڕە لە پێشوازی و خزمەتکردنی میوانەکانیدا. پاشان لەبەرچاوی ئەوان سنگ دەردەپەڕێنێت و دەست دەکات بە گیرفانیدا یان باسی سفرە و خوانەکەی دەکات، چەندی تێچووە! چی کردووە! ... هتد. میواندارییەکەیان لەسەر قورس و گران دەکات. لەدوایشدا بە بەرچاوی میوانەکانەوە و بە خۆهەڵکێشانەوە خواردنەکان دەخوات، یان هەر جۆرە کارێك بکات ببێتە هۆی شەرمەزاری میوانەکانی. بەم جۆرە واژەی (راغ) ئەم جۆرە کارە شەرم ئامێزانە دەسڕێتەوە و نایانهێڵێت.

لە وتەی "الی أَهْلِهِ" دیسان ستایشێکی دیکەی تیادایە. هەست دەکەین ڕێز و شکۆی میوان تایبەتمەندی خۆی هەیە و لای خێزانەکەشی بە هەمان شێوەیە، پێویستیش ناکات قەرز بکات لای دراوسێکانی، کاتێکیش میوان سەردانی کردن ناڕوات بۆ لای کەسانی بێگانە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی میواندارێ.

ئەو ئایەتە پیرۆزەش دەفەرموێت: ﴿فَجَاءَ بِعِجْلٍ سَمِينٍ (٢٦)﴾، [الذاريات:٢٦]. سێ جۆر ستایش لەخۆ دەگرێت:

یەکەم: خۆی خزمەتی میوانەکانی دەکات، کەسی دیکەی نەنارد، بەڵکوو خۆی هات بۆ پێشوازییان.

دووەم: ئاژەڵێکی تەواوی بۆ هێنان، نەک بەشێکی یان لاڕانی ئاژەڵێک. بۆئەوەی چ بەشێکی گۆشتەکەیان ویست، بە ئارەزووی خۆیان هەڵیبژێرن.

سێیەم: ئاژەڵەکەش قەڵەو بوو، نەک لەڕ و لاواز. بێگومان ئاژەڵی قەڵەویش لە سەرمایە بەنرخەکانی مرۆڤە (گوێرەکەیەکی قەڵەو). بوو بە جێی سەرسوڕمانی میوانەکان، چونکە لە بەخشندەیی و دڵفراوانی خۆی بوو سەربڕین و ئامادەکردنی ئەم گوێرەکە قەڵەوەیە ئاسان بوو لە لای و بە زیانی نەدەزانی.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿إِلَيْهِمْ﴾، [الذاريات:٢٧]. دیسان ڕێز و ستایشێکی دیکەی تێدایە، ئەویش ئامادەکردنی خواردنەکە و هێنانیەتی بۆ بەردەستی میوانەکان. بەپێچەوانەی ئەو کەسانەوە سفرە و خوان لە شوێنێك یان لە

ژوورێك ئامادە دەكەن، پاشان میوانەكانیان هەڵدەسێنن و دەیبەن بۆ لای سفرە و خوانەكە.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەكەش دەفەرموێت: ﴿قَالَ أَلَا تَأْكُلُونَ (٢٧)﴾، [الذاريات: ٢٧]. ڕێز و ستایشێكی دیكەی تێدایە. خواردنی بۆ پێشنیاركردن و پێی وتن: (أَلَا تَأْكُلُونَ)؟ ئایا خواردن ناخۆن یان ئایا نافەرموون؟ ئەم شێوازی دەربڕینەش خستنەڕووی مۆڵەتدانە بەوپەڕی نەرم و نیانییەوە، بەپێچەوانەی ئەو كەسانەوە لەم كاتانەدا دەڵێن: دەستبكەن بە خواردن، دەی بخۆن، وەرنە پێشەوە، بیخۆن، ... هتد. یان هەر دەربڕینێكی دیكەی لەم جۆرە.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەكەش دەفەرموێت: ﴿فَأَوْجَسَ مِنْهُمْ خِيفَةً﴾، [الذاريات: ٢٨]. "هەستی بە ترس كرد لێیان"، لەبەرئەوەیە كاتێك میوانەكانی بینی لە خواردنەكەی ناخۆن، لێیان ترسا و ئەم ترسەشی لێیان شاردەوە و گومانی دەكرد نیازێكی خراپیان هەبێت، چونكە ئەگەر میوان لە خواردنی خاوەن مااڵی خوارد، خاوەن ماڵ لێی دڵنیا دەبێت و ترسی لێی نابێت، كاتێكیش ئەوان بەم هەستەیان زانی و تێگەشتن دەترسێت، فەرموویان: ﴿قَالُوا لَا تَخَفْ وَبَشَّرُوهُ بِغُلَامٍ عَلِيمٍ (٢٨)﴾، [الذاريات: ٢٨]. وتیان مەترسە، پاشان مژدەیان پێدا خوا (ﷻ) كوڕێكی زانایان پێدەبەخشێت. ئەم كوڕەش (ئیسحاق) بوو، نەك (ئیسماعیل) (عليه السلام)، چونكە هاوسەرەكەی سەری لەم كار و هەواڵە سوڕما و وتی: پیرەژنێكی نەزۆكی وەك من منااڵی نابێت، چۆن من بەم تەمەنەوە و بە نەزۆكیش منااڵم دەبێت؟! بەاڵم (ئیسماعیل- عليه السلام) لەو خێزانەی دیكەی بوو ناوی (هاجەر) بوو. نۆبەرە و یەكەم

کوڕی بوو. خواش (ﷻ) لە سورەتی هوددا بە ئایەتێکی پیرۆز ئەم ڕاستییەی ڕوون کردووەتەوە و دەفەرموێت: ﴿فَبَشَّرْنَاهَا بِإِسْحَاقَ وَمِنْ وَرَاءِ إِسْحَاقَ يَعْقُوبَ (٧١)﴾، [هود:٧١]. ئەم بابەتەش هەمان چیرۆکە.

ئەو بەشەی ئایە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿فَأَقْبَلَتِ امْرَأَتُهُ فِي صَرَّةٍ فَصَكَّتْ وَجْهَهَا﴾، [الذاريات: ٢٩]. (خێزانەکەشی لە سەرسوڕماندا بە قیژان و بانگکردن و هاوارکردنەوە هات و دای بە ڕووی خۆیدا). ڕوونکردنەوە و باسکردنی لاوازی ئاوەزی ژن و ناجێگیری ئاوەزی ژنی تێدایە، چونکە لەکاتی بیستنی ئەم هەواڵەدا دەستیکرد بە گریان و هاوار و لە ڕوومەتی خۆدان.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿وَقَالَتْ عَجُوزٌ عَقِيمٌ (٢٩)﴾، [الذاريات: ٢٩]. جوانی ڕێز و ئەدەبی ژنی تیادایە لەکاتی گفتوگۆکردن لەگەڵ پیاودا و کورتکردنەوەی قسەکانی بە جۆرێك ئەوەندەی پێویست بێت دەدوێت و درێژەی پێنادات، چونکە لێرەدا بەشی نیهادی ڕستەکەی سڕیوەتەوە و نالێت: من ژنە بەتەمەنێکی نەزۆکم، بەڵکوو قسەکەی کورت کردووەتەوە تەنها لە باسکردنی هۆکاری منداڵ نەبوونەکە، ئیتر هیچی دیکەی باس نەکردووە، بەڵام لە سورەتی (هود)دا هۆکاری منداڵنەبوونی لە خۆی و لە پێغەمبەر ئیبراهیم (عليه السلام) باس کردووە و سەرسوڕمانی خۆشی دەربڕیوە.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿قَالُوا كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكِ﴾، [الذاريات: ٣٠]. پێیان وت: بەڵێ، ڕاستییەکەی بەم شێوازەیە و خواش (ﷻ) وای فەرموە. ڕاستی و دروستی ئەو هەواڵەی تێدایە پێیان وتووە.

ئەو بەشەی ئایەتە پیرۆزەکەش دەفەرموێت: ﴿إِنَّهُ هُوَ الْحَكِيمُ الْعَلِيمُ (٣٠)﴾، [الذاريات:٣٠]. سەلماندنی خەسڵەتەکانی دانایی و زانستی تێدایە، کە دوو سەرچاوەی ئافراندن و دەسەڵاتن (خلق و الامر)، چونکە هەموو دروستکراوەکانی لە زانست و دانایی خۆیەوە (ﷻ) دروست کراون، هەروەها سەرچاوەی دەسەڵات و یاساکانیشی زانست و دانایی خۆیەتی.

بێگومان زانست و دانایش هەموو خەسڵەتەکانی تەواوی و بێکەموکورتی بوون لەخۆ دەگرێت: چونکە زانست ژیان و پێداویستییە تەواوکارییەکانی لە نموونەی نەمری، توانا، مانەوە، بیستن، بینین و هەموو ئەو خەسڵەتانەی دیکەشی زانستێکی تەواو و بێ کەموکورتی پێویستییەتی لەخۆدەگرێت.

دانایش هەموو ویست و خواستی مرۆڤ لەخۆ دەگرێت وەکوو: دادپەروەری و دانایی، چاکەخوازی، بەخشندەیی، کاری چاکە، دانانی شتەکان لە شوێنی خۆیان بە باشترین شێوە. هەروەها ناردنی پێغەمبەران و دانانی پاداشت و سزاش لەخۆدەگرێت.

هەموو ئەم ڕاستییانەش لە ناوەڕۆکی ناوی "دانا" (الحكيم)، کە یەکێکە لە ناوە جوانەکانی خوای گەورە دەزانرێت و پێمان گەشتووە، هەر وەك چۆن ڕێگای قورئانە لە ئاماژەدان و سەلماندنی ئەو داخوازییە مەزنانە بە خەسڵەتی دانایی و ڕەتدانەوە و وەڵامدانەوەی ئەو کەسانەشە دەڵێن دنیا و گەردوون هەر لەخۆوە دروست بووە یان پوچ و بێ بنەمایە و هیچ سوود و بەهایەکی نییە.

ناوەڕۆکی دانایی خوا (ﷻ) یاسادانان و بڕیاردان و پاداشت و سزا لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوە ڕاستترین بۆچون زانین و دڵنیابوونە لە هاتن و هەبوونی

ڕۆژی دوایی بەپێی لۆژیک و ئاوەزی مرۆڤ. ئەو ڕاستییانەشی دەیبیستین و بە دوورودرێژی بۆمان باس دەکەن بابەتگەلێکن ئاوەزی مرۆڤ دەتوانێت بیانسەلمێنێت.

هەرکەسێکیش لە ڕێگای قورئان ڕابمێنێت ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت. خواش (ﷻ) چەندان نموونەی پەسەندیان بۆ دێنێتەوە ئاماژە بە ڕووداوێك دەکەن و باسی ڕووداوێك دەکەن، خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بە ئەگەری ڕوودانی و بەڵگەی ئاوەز و دانایش وا دەخوازێت ڕووبدات.

هەرکەسێکیش لە بەڵگەکانی ڕۆژی دوایی ڕابمێنێت لە قورئانی پیرۆزدا تێدەگات ڕاستییەکان بەم جۆرەیە و خواش (ﷻ) پێویستی بە کەس نییە و دەبێت سوپاسیشی بکەین لەسەر ئەم بەڵگانە، چونکە چاکەی لەگەڵ بەندەکانیدا کردووە. ئەم بەڵگانەش لە ئاستی پێویستدان و ڕاستییەکان دەسەلمێنن و بەخێرایی دەمانگەیەنن بە مەبەستەکە، لەبەرئەوەی وەڵامی تەواوی تێدایە سەبارەت بە گومان و نکوڵییەکانی زۆربەی خەڵك.

ئەگەر خواش (ﷻ) یارمەتیم بدات کتێبێکی گەورەم لەم بارەیەوە دەنووسی و ئاماژەم بەو بەڵگانە دەدا قورئانی پیرۆز وەك ڕێنیشاندەرێك ڕێنماییمان دەکات بۆیان و نموونەی سارێژی برین و ڕێنمایکار و خێرایی گەشتن بە ئامانج و جوانی باسکردن و ئاگادارکردنەوەی ئەو بابەتەن جێی گومان و دوودڵین و بەجۆرێك وەڵامیان دەداتەوە دڵ پێی ئارام ببێتەوە و خۆری دڵنیایی و بێگومانی لەگەڵیدا هەڵبێت. بەپێچەوانەی بەڵگەکانی دیکەوە ، چونکە بەڵگەکانی دیکە وەك بەڵگەکانی قورئان نین

و مرۆڤ ناگەیەنن ئاستی دڵنیایی تەواو، بەڵام ئەم نووسینە شوێنی درێژەدان بەو بابەتە نییە.

مەبەست: سەرچاوەی شتەکان لەڕووی ئافراندن و فەرمانبەرداریەوە بەپێی زانست و دانایی پەروەردگارە.

ئەم چیرۆکەی پێشتریش باسمان کرد تایبەتە بە سەلماندنی واتای ئەم دوو ناوە، چونکە ناوەڕۆکی ئەم دوو ناوە لە چیرۆکەکەدا وا دەخوازێت. بۆئەوەی خەڵک سەریان سوڕبمێنێت لە لەدایکبوونی منالێک لە دایک و باوکێک هەرگیز منالّی وایان نەبووە و زانستیش ئەم منالّبوونە بە ناوازە دادەنێت و جێی باوەڕی زانایان نییە. دانایش وا دەخوازێت ئەم منالّبوونە بەپێی بارودۆخی ئاسایی و باوی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا نەڕوات. لەبەرئەوە لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ناوی زانست و دانایی باسکراوە و ناوەڕۆکی ئایەتە پیرۆزەکەش زانستی خوا (ﷻ) لەخۆدەگرێت بەهۆی ئەم ئافراندنە و مەبەست لەم ئافراندنە. لە هەمان کاتدا دانایی خواش (ﷻ) لەخۆدەگرێت لە دانانی شتەکان و ڕووداوەکان لە شوێن و کاتی خۆیدا بەبێ ئەوەی هیچ کەموکورتی و ناتەواوییەک دروست بکات بەپێی پێوەر و بنەماکانی دانایی.

پاشان خوا (ﷻ) چیرۆکی ئەو فریشتانە باس دەکات ناردوونی بۆ لەناوبردنی نەتەوەی (لوط) و بەردبارانکردنیان بە جۆرێک هەر بەردێک ناوی ئەو کەسەی لەسەر نووسرا بوو دەکێشێت بەسەریدا. بێگومان ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزەش بە ڕاست دانانی پێغەمبەرانی خوا و لەناوبردنی ئەو گەل و نەتەوانەی تێدایە ئەم پێغەمبەرانەیان بە ڕاست نەزانیوە و شوێنیان نەکەوتوون. هەروەها ئاماژەشە بە ڕۆژی دوایی و بوونی

پاداشت و سزا، ئاماژەشە بە ڕوودانی ڕۆژی دوایی و نەمانی ژیان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەم جیهانەدا. بێگومان ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە و ئاماژە بە ڕاستگۆیی پێغەمبەرانی خوا و ڕاستی ئەو بابەتانە دەدات لەبارەی خواوە باسیان کردووە.

پاشان دەفەرموێت: ﴿فَأَخْرَجْنَا مَنْ كَانَ فِيهَا مِنَ الْمُؤْمِنِينَ (٣٥) فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٦)﴾، [الذاريات:٣٥-٣٦]. دەبینین لێرەدا جیاوازی کردووە لەنێوان (ئیسلام) و (باوەڕ)دا لەبەر ئەو نهێنی و تایبەتمەندییانەی قسەکردن دەیخوازێت، چونکە لێرەدا دەرکردن بریتیە لە ڕزگاربوون، واتە دەرکردن ڕزگاربوونە لە سزا. بێگومان ئەمەش تایبەتە بەو باوەڕدارانەی بە ئاشکرا یان بە نهێنی شوێنکەوتەی پێغەمبەرانن (علیهم السلام).

فَمَا وَجَدْنَا فِيهَا غَيْرَ بَيْتٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ (٣٦)﴾، [الذاريات:٣٦]. ئەم ئایەتە پیرۆزەش ئاماژەیە بەو کەسانەی دەرکراون و ناوی ئیسلامیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت، چونکە هاوسەرەکەی (لوط) لە ئەندامانی ئەو خێزانە بوو، لە ماڵەکەشدا بوو، بە ڕوخسار و هەڵسوکەوتیش خۆی بە موسوڵمان نیشان دەدا، هەرچەندە لە ئامادەبوونی ماڵەکەش بوو، بەڵام لە ڕزگاربووان نەبوو. خواش (ﷻ) باسی ناپاکی هاوسەرەکەی (لوط)ی بۆ کردووین. ناپاکییەکەش ڕێنمایکردنی خزم و کەسوکاری و میواندارێ لێ کردنیان بوو، لە کاتێکدا دڵی لە لایان بوو، نەک ناپاکی داوێن پیسی کردبێت. بەم جۆرە لە ئەندامان و ئامادەبوونی ماڵەکە بوو، بە ڕوخسار و هەڵسوکەوتیش موسوڵمان بوو، بەڵام لەو باوەڕدارانە نەبوو ڕزگاریان بوو.

هەرکەسێکیش لە شێوازی دانانی ئاماژە و زاراوەکانی قورئان بکۆڵێتەوە، ئەو نهێنی و داناییانەی بۆ دەردەکەوێت ئاوەزی مرۆڤ لە ئاستیاندا دەستەوەستانە. لەگەڵیشیدا بۆیەردەکەوێت لەلایەن دانایەکی سوپاسکراوەوە دابەزێنراوە.

بەمەش وەڵامی ئەو پرسیارە باوە دەدرێتەوە، کە بریتییە لە "ئیسلام گشتگیرترە لە باوەڕ". هەر وەک چۆن ناوازە گشتگیرترە لە تایبەت، جیاکراوەتەوە و بە ڕێزپەڕ دانراوە. لەکاتێکدا ڕێسای هەڵاوێردن پێچەوانەی ئەم بنەمایە دەخوازێت.

لە ناوەڕۆکی دەقەکەوە بۆمان دەردەکەوێت موسوڵمانان جیاکراونەتەوە لە جێبەجێکردنی ڕێساکە بەسەریاندا، بەڵام باوەڕداران هەڵاوێر نەکراون، بەڵکوو هەموویان دەرچوون و ڕزگاریان بووە.

ئەو ئایەتە پیرۆزەش دەفەرموێت: ﴿وَتَرَكْنَا فِيهَا آيَةً لِّلَّذِينَ يَخَافُونَ الْعَذَابَ الْأَلِيمَ (٣٧)﴾، [الذاريات:٣٧]. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەسەر ئاماژەکانی بوونی خوا و ئەو کارە سەرسوڕهێنەرانەی لەم جیهانەدا کردوویەتی و دەیکات و شوێنەواری دەمێنێتەوە و بەڵگەن لەسەر بوونی خوا و ڕاستگۆیی پێغەمبەرەکانی (علیهم السلام). بەڵام ئەم بەڵگانە تەنها ئەو کەسانە لێی سوودمەند دەبن باوەڕیان بە ڕۆژی دوایی هەیە و لە سزای خوا دەترسن. هەر وەک چۆن خوا (ﷻ) لە ئایەتێکی پیرۆزی دیکەدا دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَةً لِّمَنْ خَافَ عَذَابَ الْآخِرَةِ﴾، [هود:١٠٣]. هەروەها دەفەرموێت: ﴿سَيَذَّكَّرُ مَنْ يَخْشَى (١٠)﴾، [الأعلى:١٠].

کەسێکیش باوەڕی بە ڕۆژی دوایی نەبێت لە چوارچێوەی ئەم مەبەستەدا جێگەی دەبێتەوە و پێی دەڵێن: ئەمانە کەسانێکن ڕۆژگار لەناوی بردوون، هەروەک چۆن کەسانی دیکەشی لەناوبرد. بەردەوام تا ڕۆژی دوایش ڕۆژگار هەم بەختەوەری و هەم مالوێرانیشی تێدایە، بەڵام کەسێك باوەڕی بە ڕۆژی دوایی هەبێت و میهرەبانی لێوەڕیگرێت، بێگومان ئەو کەسەیە سوود لە بەڵگە و ئامۆژگارییەکان وەردەگرێت.

مەبەستیش لەم ڕاستییە نواندن و ئاگاداربوونە لە جیاوازی تێگەیشتن لە زانست و زانیاری قورئان و هەڵهێنجانی نهێنییەکانی و کردنەوەی دەرگای گەنجینەکانی. بەم دەرئەنجامەش کەسانی دیکە و گەلانی دیکەش پەند و ئامۆژگاری لێوەردەگرن. بێگومان سەرکەوتنیش بە دەست خوایە و دەیبەخشێت بە هەر کەسێك خۆی بیەوێت.

*****

بەشی دوازدەیەم

نامۆیی ڕێبوواری ڕێی خوا (ﷺ)

مەبەست: کاتێك دڵ بۆ ئەم گەشتە یەکلا بووەوە، خوازیاری دڵسۆزێك بوو لەم گەشتەیدا هاوڕێی بێت و دڵ و ئاوەزی لەگەڵیدا ئاسوودە بێت، بەڵام تەنها نەیاران و ڕاجیایانی بینییەوە، یان سەرزەنشتکارانی دەبینییەوە و بەڕاشکاوی نەیاری ڕێبازەکەی بوون. یان بێکار و دەستبەتاڵانی دەبینییەوە و ڕێبواری ئەم ڕێگایە نەبوون و ڕەتیشیان دەکردەوە. ڕاستییەکەی خۆزگە هەموو کەسیش وابوایە، چونکە بەدڵنیاییەوە کەسێك واز لە خۆت و ڕێبازەکەت بێنێت و گیرۆدەی کێشە و کۆسپ و تەگەرەت نەکات، بێگومان کارێکی باشی لەگەڵدا کردووێت. هەر وەك هۆنەر دەڵێت:

إنَّا لفي زَمَنٍ تَركُ القبيح به

مِن أكثر الناسِ إحسانٌ و إجمالُ[1]

ئەگەر وازهێنان لە شەڕ و خراپەکاری لەناو خەڵکیدا چاکەخوازی بێت. کەواتە لەم سەردەمەدا وا دەخوازین هاوکارمان بن لەم گەشتەدا تەنها بە دروستنەکردنی کێشە و کۆسپ و تەگەرە و وازهێنان لە سەرزەنشتکردن و بەرپەرچدانەوە و نەیاریکردن، هەڵبەت جگە لە چەند ڕەوشێکی دەگمەن، کە ڕاستییەکەی دەستکەوتێکی زۆر کەم و بێبەهایە.

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە سروشتی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات و زۆرجار خەڵکی ڕژد و ناحەز دەبنە کۆسپ لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ و گەشتنە ئامانجیدا. بۆیە بە ڕای هۆنەر کەوتوینەتە سەردەمێکەوە هەر ئەوەندە خەڵك وازت لێبێنن و خراپەت لەگەڵ نەکەن، خۆی لەخۆیدا چاکە و پیاوەتیت لەگەڵدا دەکەن. واتە زۆر کەس لەم سەردەمەدا خراپەت لەگەڵدا دەکەن، هەرکە خراپەشیان لەگەڵدا نەکردیت بە چاکە بۆیان هەژمار بکە و هەرئەوەندە بەسە نەبنە کێشە بۆت.

پێویستە لەسەر مرۆڤیش لەم گەشتەیدا نەوەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە کەمانە، بەڵکوو بەردەوام بێت لەسەر ڕۆشتن ئەگەر تەنها و نامۆش بێت، چونکە تەنیایی مرۆڤ لەسەر ڕێگای بەدەستهێنانی ئامانج و داخوازییەکانی بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆیی خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو ڕێباز و ئامانجەی.

بە تێڕامانیش لەم وشانەی ئەم نامیلکەیە لەخۆی گرتووە، دەزانین لە گرنگترین ئەو دەستکەوتانەیە بەهۆی هاوکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی و گەشتی کۆچکردن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەستمان دەکەوێت. هەر ئەمەشە مەبەستی نووسەرەکەی و کردووشیەتی بە دیارییەکی بەپەلەی پێشوەخت بۆ هاوڕێ و هاوپیشەکانی لە فێرخوازانی زانست و زانیاری. ﴿منیش شایەتی دەدەم بە خوا (ﷻ) خواش بەسە گەواهیدەر بێت﴾.

ئەگەر بخرێتە بەردەستی هەر یەکێکیشان، بێگومان پەسەندی دەکات و دەستپێشخەری دەکات لە تێگەیشتن و تێڕامانی و بە باشترین دیاریشی دادەنێت هاوڕێ پێشکەشی هاوڕێکەی کردبێت، چونکە جگە لەم دیاریە هەر دیارییەکی دیکە بە ڕووداوی ناو هەواڵەکان دەچێت. ئەگەر مرۆڤ بەوردی لێی بڕوانێت دەزانێت سوودەکانی کەمن، لەبەر زۆری گوێگرانیشی لەوپەڕی هەرزانی و کەم نرخیدان. کەواتە دیاری بەسوود وشەیەکە پڕ لە لۆژیک و دانایی مرۆڤ پێشکەشی برا موسوڵمانەکەی بکات.

هەر کەسێکیش ئەم گەشتەی ویست، پێویستە لەسەری هاوڕێیەتی ئەو مردووانە بکات لە جیهانی زیندووواندان، چونکە بە هاوڕێیەتی ئەوان دەگات بە

ئامانجەکەی. لە هەمان کاتدا دەبێت ئاگاداری هاوڕێیەتی ئەو زیندووانە بێت لەناو خەڵکیدان و زیندوون، بەڵام بە مردوو هەژمار دەکرێن، چونکە ئەم جۆرە کەسانە ڕێگاکەی لێ دەبڕن و دەبنە کۆسپ و تەگەرە لەسەر ئەم ڕێگای کۆچکردنەیدا. کەواتە بەسوودترین هاوڕێ بۆ ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە هاوڕێیەتی ئەو مردووانەیە لە جیهانی زیندووواندا نموونەی چاکە و خۆپارێزی و سەرکەوتنن لەم ڕێبازەدا وەکوو پێغەمبەران و هاوەڵان و ڕاستگۆیان و پیاوچاکان و ... هتد. لە هەمان کاتدا سەرکەوتووترین هەڵسوکەوتیش لەناو کۆمەڵگادا دوورکەوتنەوەیە لەو کەسانەی دەبنە ڕێگر لەسەر ڕێگای کۆچکردن بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ)، وەکوو گەندەڵکاران و گوناهکاران و لەڕێ لادەران و ... هتد. لەم بارەیەوە هەندێك لە پێشینانی چاکەکار (السَّلف الصالِح) ڕاستییان فەرموە دەڵێن: "دوو جۆر مرۆڤ هەن لەناو خەڵکیدا زۆر لە یەکتر جیاوازن: مردووانێك بە یادکردنەوەیان دڵ زیندوو دەبێتەوە و دەبوژێتەوە، زیندووانێك بە هاوەڵێتی و تێکەڵییان دڵ دەمرێت و لەناودەچێت".

کەواتە هیچ شتێك بۆ مرۆڤ لە هاوڕێ و ئەو کەسانەی تێکەڵیان دەکات زیانمەندتر نییە، چونکە ئەگەر بەپێی تێڕوانینی ئەوان سەیر بکات، بینایی کورت دەکات و ویست و خواستی دەوەستێتە سەر خۆچواندن بە ئەوان و خۆهەڵکێشان لای ئەوان و شانازیکردن بە ئەوانەوە، نەك بە ڕێبازی ڕاست و دروستەوە و ڕەفتارکردن بەپێی ڕەفتار و گوفتاری ئەوان. تەنانەت ئەگەر ئەم هاوڕێیانەی بچنە کونی مارمێلکەشەوە، حەز دەکات لەگەڵیاندا بڕوات.

هـەر کـاتێکیش ویسـت و خواسـتی لـە هاوڕێیـەتیکردنی ئـەم کەسـانەوە بـۆ کەسانی بـاش و خۆپـارێز زیـادی کـرد و پـەیڕەوی لایەنـە بـاش و ڕەفتـار و گوفتـارە جوانەکانی کردن لە جیهانی بینراوەدا، ویست و خواستێکی دیکە و کردارێکی دیکەی بۆ زیاد دەبێت و قۆناغێکی نوێ لە ژیانیدا دێتە کایەوە، لەنێوان خەڵکیـدا نـامۆ دەبێـت، هەرچەندە لەناویانـدا بـەناوبانگ و بەڕەچـەڵەکیش بێـت، بـەڵام کەسـێکی نامۆیـە لای زۆرینەی خەڵک و خۆشەویستە لای کەسانی هاوڕێبازی خۆی. ڕاستی و دروستی کردار و ڕەفتارەکانی خەڵک دەبینێت، بەڵام خەڵک ڕاستی و دروسـتی کـردار و ڕەفتارەکـانی ئـەو نـابینن. بـەپێی توانـا پۆزشـیان بـۆ دێنێتـەوە، بـەپێی هـەوڵ و توانـای خـۆی ئامۆژگارییان دەکات. بەپێی دوو جۆر تێڕوانین لێیان دەڕوانێت:

یەکەم: تێڕوانینێك لەسەر بنەمای ﴿فەرمان بـە چـاکە و ڕێگـری لـە خراپـە﴾. بەپێی ئەم تێڕوانینە فەرمانیان پێدەکات بە کاری چاکە و ڕێگرییان لێدەکات لە کاری خراپـە. پشـتگیرییان دەکـات یـان لـەدژیان دەوەسـتێتەوە. مافـەکانی خۆیانیـان بـۆ دەگەڕێنێتەوە و داوای مافی خۆشی دەکات لێیان.

دووەم: تێڕوانینێك لەسـەر بنـەمای "قـەزا و قـەدەر". بـەپێی ئـەم تێڕوانینـە بەزەیی پێیاندا دێتەوە و نزایان بۆ دەکات و داوای لێخۆشبوونیان بۆ دەکات لە خوای بەخشندە و میهرەبان. چەندان پۆزش و پاساویشیان بۆ دێنێتەوە بـە جۆرێـك نەبێتـە هـۆی فەرماننـەکردن بـە چـاکە و ڕێگـری لـە خراپـە و نەبێتـە هـۆی هەڵوەشـانەوە و پەیڕەونەکردنی بنەما شەرعییەکانی ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام. بەخشـندەیی و سـۆز و بەزەیی خۆی بەرانبەریان فراوان دەکات، نەرموونیانی و لێبوردنی خۆی لـە ئاسـتیاندا

چەند هێندە دەکات. پەیڕەوی ئەو ئایەتە پیرۆزەی خوای باڵادەست دەکات دەفەرموێت: ﴿خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ (١٩٩)﴾، [الأعراف:١٩٩]. لە ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕادەمێنێت و پەیڕەوی فەرمانەکانی دەکات، بۆنموونە، ئاکار و هەڵسوکەوتی جوان لەگەڵ خەڵکیدا، جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خوا (ﷻ) لەناو خەڵکیدا، چۆنیەتی خۆپاراستن و دڵنیایی لە شەڕ و کێشەی خەڵک. ڕاستییەکەی ئەگەر هەموو خەڵک پەیڕەوی ناوەڕۆکی ئەم ئایەتە پیرۆزەیان بکردایە بەسیان بوو، هیچ کێشەیەکیان نەبوو لەگەڵ یەکتردا، چونکە لێبوردن لێبوردنە لە هەڵە و کەموکوڕی کردار و گوفتاریان. لێبوردنە لە سروشتی خەڵک لە هەڵسوکەوتیاندا. چاوتێنەبڕینە لەماڵ و سەروەت و سامان و پیرۆزییەکانیان. ئەمەیە ناوەڕۆکی ئاکاری جوان بەرانبەر خەڵک.

ئەو ئەرکانەشی لەسەریەتی بەرانبەر بە خەڵک، فەرمان پێکردنیانە بە چاکە و پەیڕەوکردنی دابونەریتی جوان و گونجاوە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا. مرۆڤی ژیریش گەواهی بۆ ئەم دابونەریتە جوانانە دەدات و هەموو لایەنە باشەکانی دەزانێت. هەر ئەمەشە خوا (ﷻ) فەرمانی پێدەکات.

پاشان دەبێت خۆی بپارێزێت لە زیان و ئازار و کێشەی کەسانی نەزانی ناو کۆمەڵگا. کردار و گوفتاری نەشیاویان ڕەت بکاتەوە و پەیڕەویان نەکات. ئەگەر زیانێکیشیان پێگەیاند هەوڵ نەدات بۆ خودی خۆی تۆڵەیان لێبکاتەوە و زاڵ ببێت بەسەریاندا. بەڵکوو هەر کاردانەوەیەکی هەبێت بۆ خوا بێت و پەیڕەوی فەرمانەکانی بکات.

لەدوای جێبەجێکردنی ئەم کارانەوە، چ ناتەواوی و کەموکورتییەک لە مرۆڤدا هەیە؟ چ پەیوەندی و بەرنامەیەک لە جیهاندا جوانترە لەم پەیوەندی و بەرنامەیە؟!

ئەگەر مرۆڤ بیربکاتەوە لە هەموو شەڕ و ناخۆشییەک لەم جیهانەدا یەخەی دەگرێت -مەبەستم ئەو شەڕە ڕاستەقینانەیە پلە و پایەی لە لای خوا (ﷻ) بەرز ناکاتەوە و لە خوای نزیک ناخاتەوە- دەبینێت هۆکارەکەی پابەند نەبوونە بەم سێ بنەمایەوە یان لایەنی کەم پابەند نەبوونە بە هەندێکیانەوە. بەپێچەوانەوە، ئەگەر پابەند بین بەم بنەمایانەوە، هەرچییەک ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە (بەتایبەتی لەناو خەڵکیدا)، بێگومان خێر و چاکەی تیادایە، هەرچەندە بە ڕووکەش شەڕ و خراپە دەربکەوێت، چونکە لە ئەنجامی پەیڕەوکردنی فەرمان بە چاکەوە هاتووەتە دی. بێگومان پەیڕەوکردنی فەرمان بە چاکەش تەنها خێر و چاکەی لێوە بەرهەم دێت، با لە ڕەوشێکی خراپ و نالەباریشدا بێت. هەر وەک چۆن خوا (ﷻ) دەفەرموێت: ﴿إِنَّ الَّذِينَ جَاءُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَكُمْ بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَكُمْ﴾، [النور:١١]. هەروەها خوای پایەبەرز بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ﴾، [آل عمران: ١٥٩].

بێگومان ئەم وشانە ڕەچاوی مافی خوا و مافی خەڵکی لەخۆ گرتووە، چونکە یان خراپەیان بەرانبەر مافی خوا کردووە یان بەرانبەر پێغەمبەرەکەی (ﷺ). لێرەدا خوا (ﷻ) بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرموێت ئەگەر خراپەیان بەرانبەر بە تۆ کرد، لێیان خۆشبە و هەوڵی تۆڵەکردنەوە مەدە. ئەگەر هەر خراپەشیان بەرانبەر من کرد، داوام لێبکە لێیان خۆش ببم و دڵیان ڕابکێشم و بە ڕاوێژ هەر ڕا و بۆچوونێکی جوانیان

هەیە دەربیبهێنم. بێگومان ئەگەر ئەمە گونجاوتر بوو لە مل پێکەچکردن و ئامۆژگاریکردنیان. ئەگەر خۆشت بڕیارتدا و یەکلا بوویتەوە لە هەر بابەتێکدا، دوای ئەوە ڕاوێژپێکردن نییە، بەڵکوو پشت بە خوا ببەستە و بەردەوام بە لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکەت، چونکە خوا (ﷻ) ئەو کەسانەی خۆش دەوێت پشتی پێدەبەستن.

ئەمە و چەندان نموونەی دیکەی لەم جۆرە مشتێکن لە خەرواری ئەو ئاکارانەی خوا (ﷻ) پێغەمبەرەکەی (ﷺ) پێ پەروەردە کردووە. لەم بارەشەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ (٤)﴾، [القلم:٤]. هەروەها دایکی باوەڕداران عائیشە (ﷺ) فەرموویەتی: قورئان ئاکاری پێغەمبەر بوو (ﷺ). "كَانَ خُلُقُهُ القُرآن".[1]

بێگومان ئەم ئاکارە جوانانەش بە سێ کردار و گوفتار نەبێت تەواو نابێت:

یەکەم: دەبێت نەرم و نیان بێت. ئەگەر سروشتێکی وشک و تووڕە و ڕەقی هەبێت، هەڵسوکەوت لەگەڵیدا ناخۆش و ناڕەحەت دەبێت. جا ئیتر لەڕووی زانست و زانیارییەوە بێت یان لەڕووی ویست و خواست و کردار و گوفتارەوە. واتە بەپێچەوانەی سروشتی پێشەواوە دەبێت، چونکە پێشەوا پێویستە نەرم و نیان و ژیر و دانا بێت، بزانێت چۆن پێشەوایەتی شوێنکەوتووانی دەکات، چونکە خۆی ئامادە کردووە و دەیەوێت زەویەک بچێنێت و بەرهەمێک دروێنە بکات.

---

١): پێشەوا ئەحمەد (٩١/٦)، (٢٤٦٤٥)، پێشەوا ئەلبانیش بە ڕاست (صحیح)ی داناوە لە (صحیح الجامع)دا (٨٩٤٢).

دووەم: دەبێت دەروونێکی بەهێزی هەبێت و هەمیشە بالادەست بێت و زاڵ بێت بەسەر دەوروبەر و هۆکارەکانی بێکاری و گوناهە و تاوان و گومڕایی و ئارەزووبازیدا، چونکە ئەم هۆکارانە دوژمنی پێگەشتن و کاملبوونی مرۆڤن. لەبەرئەوەی ئەگەر دەروون بەهێز نەبێت بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم هۆکارانەدا، تێکدەشکێت و هۆکارەکان زاڵ دەبن بەسەریدا.

سێیەم: دەبێت زانست و زانیاری پێویستی هەبێت لەبارەی ڕاستی و دروستی بابەتەکانی ژیان و دەوروبەر و کۆمەڵگا. هەموو کاروبارەکانیش بە دروستی لە کات و شوێنی خۆیدا ئەنجام بدات. دەبێت بەهۆی ئەم زانست و زانیارییەوە بتوانێت ڕاست و هەڵە و گەوهەری بە بەها و ساختە لێکتر جیابکاتەوە.

ئەگەر هەر کەسێک ئەم سێ خەسڵەتەی تێدا کۆ ببێتەوە و خوایش (ﷻ) یارمەتیدەری بێت بۆ سەرکەوتن، ئەوا لە کۆمەڵەی چاکەکاران هەژمار دەکرێت و خوا لێیان ڕازی بووە و چاودێریی خوایان بۆ مسۆگەر بووە.

بێگومان ئەم کەسانەش لە بەشی یەکەمی ئەو کەسانەن پێغەمبەر (ﷺ) باسیکردوون: "مثل ما بعثني الله به من الهدى و العلم". فەرموودەیەکی ڕاست و دروستە و پێشتریش ئاماژەمان پێداوە.[1]

*****

١): پێشتر لە بەشی حەوتەم (حوکمی شوێنکەوتنی بەختەوەران)دا ئاماژەی پێ دراوە.

بەشی سیازدەیەم

تویژووی ڕێبواری ڕێی خوا (ﷺ)

پاشان پێشەوا ئیبن قەییم (رحمەالله) هەواڵی ڕێبوارانی ئەم گەشتە و کاروبارەکان باس دەکات و دەفەرموێت:

سەرەتا و کۆتایی بابەتەکە بریتییە لە: مامەڵەکردن تەنها لەگەڵ خوادا (ﷻ). بەتەواوی خۆت بۆ خوا یەکلا کردبێتەوە و بەردەوام وا بزانیت تەنها پێویستت بە خوایە (ﷻ).

ئەگەر مرۆڤ بەتەواوی و بێ کەموکورتی مافی ئەم پلە و پایەیە بدات و پابەند بێت بە بنەماکانی ئەم بوارەوە، بەهۆی گەورەیی و چاکە و بەزەیی خواوە و بەرگریکردنی خوا لەم مرۆڤە لە هەموو بارودۆخێکدا، هەروەها بەهۆی پەسەندکردنی دڵ و دەروونی بەندەکانی و جێگیربوونی سۆز و بەزەیی خوا (ﷻ) لە دڵیاندا، کاری لە ڕادەبەدەر سەرسوڕهێنەر دەبینێت، بەڵام ئێمە دەڵێین: پەروەردگارا، ئێمە ڕۆدی و نەزانی و ستەم و ناپەسەندی خۆمان بە خراپترین شێوە بەسەرماندا زاڵ بووە. ئێستاش دان بە زیادەڕەوی و کەمتەرخەمی خۆماندا دەنێین. هەرکەسێکیشمان لەلای تۆ بانگەشەی ناسراوی و گەورەیی خۆی دەکات، جگە لە کەسێکی ناپەسەند و شکستخواردووش هیچی دیکە نییە. لەبەرئەوە پەروەردگارا، ئەگەر بماندەیتە دەست خۆمان و بە خۆمانمان بسپێریت، بە تیاچوون و سەرگەردانی و بێتوانایی و گوناهـ و هەڵە و تاوانت سپاردووین. ئاخ لەو غەم و پەژارەیە! ئاخ لەو داخ و پەرۆشی و نیگەرانییە بۆ ڕەزامەندی تۆ! ئەگەر هەموو کەسم لێ تورە بێت، جگە لە تۆ، بەسمە. پەروەردگارا، یارمەتیم بدە گوێڕایەڵی و خۆشەویستی تۆ لە سەرووی گوێڕایەڵی و خۆشەویستی کەسانی دیکەوە دابنێم، یارمەتیم بدە لە پەیوەندی و مامەڵەم لەگەڵ تۆدا ڕاستگۆ بم.

فليتَكَ تَحلُو و الحياةُ مَرِيرةٌ

و ليتَكَ تَرضى و الأنامُ غِضابُ

و ليتَ الذي بيني و بينَك عامرٌ

و بيني و بين العالمين خَرابُ

إذا صَحَّ منكَ الوُدُّ فالكلُّ هَيِّنٌ

و كلُّ الذي فوقَ التراب ترابُ[1]

هەندێك لە پێشینی چاکەکار درێژەی ئەم بابەتەیان بە سێ پستەی کورت و پوخت بۆ یەکتر دەنووسی و هێندە درێژە پێدانی پێویست نەبوو لەلایان. ئەگەر مرۆڤ لەسەر تەختی دڵی ئەم پستانەی هەڵگۆڵیایە و بەپێی ژمارەی هەناسەکانی بیخوێندایەتەوە، هێشتا بەتەواوی مافی خۆی پێ نەدابوو. ئەو پستانەش بریتی بوون لە: "هەر کەسێك کارە نهێنییەکانی خۆی چاك بکات، خواش (ﷻ) کارە ئاشکراکانی بۆ چاك دەکات. هەر کەسێك پەیوەندی نێوان خۆی و خوا (ﷻ) چاك بکات، خواش

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە پێویستی هەبوونی پەیوەندییەکی پاستگۆیانە دەدات لەنێوان مرۆڤ و خوادا (ﷻ). پای وایە ئەم پەیوەندییە لە سەرووی هەموو پەیوەندی و بنەمایەکی دیکەوەیە و خۆزگە دەخوازێت پەیوەندی نێوان خۆی و خوا (ﷻ) باش بێت، ئیتر هەموو ژیانی تاڵ و ناخۆشیش بێت بە ئاسایی وەریدەگرێت. ئەگەر خوای لێ ڕازی بێت، ئیتر هەموو خەڵکی لێ تورە و ناڕازی بن هەر بە ئاسایی وەریدەگرێت. خۆزگە دەخوازێت پەیوەندی نێوان خۆی و خوا (ﷻ) ئاوەدان بێت، ئیتر پەیوەندی لەگەڵ هەموو جیهانیشدا خراپ بێت، بەلایەوە ئاساییە. چونکە هۆنەر پێی وایە ئەگەر بەڕاستی سۆزوبەزەیی و خۆشەویستی خوای دەستبکەوێت، ئیتر هەموو کاروبارێکی دیکە ئاسانە و هەر کۆتایی دێت، لەبەرئەوەی هۆنەر لە دواچارەنووسی مرۆڤ دەڕوانێت و گەشتووەتە ئەو ڕاستییەی هەرچی بوونەوەر لەسەر ڕووی زەوییە بە مرۆڤیشەوە لە کۆتایدا لەناو دەچن و دەبن بە گڵ. بێگومان مردن و چوونە ژێر خاکیش دواچارەنووسی مرۆڤە و تەنها خوا (ﷻ) دەمێنێتەوە. کەواتە پێویستە کار بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا بکەین و هەر ئەو دەمێنێتەوە، ئەگینا سەرجەم مرۆڤ و هەڵوێستەکانیشیان لەناودەچن و کۆتاییان پێدێت. (چەند دێڕە شیعرێکی ئەبی فیراسی حەمدانییە لە دیوانەکەیدا، لا ٤٦).

پەیوەندی نێوان ئەو کەسە و خەڵك چاك دەکات. هەر کەسێك کار بۆ دواڕۆژی بکات (قیامەت)، خواش (ﷻ) بژێوی و کاروباری دنیای بۆ دەستەبەر دەکات.[١]

بەڵگەی ڕاستیی ئەم ڕستانەش لە واقیعدا هەن، شێوە نموونەی ناوەڕۆکی ئەم بابەتەش لە ژیانی مرۆڤدا هەیە و سەلمێنراوە. سەرکەوتنیش بە دەستی خوایە (ﷻ)، هیچ خوایەکیش نییە جگە لە ئەو، هیچ پەروەردەگارێکیش نییە ڕێنیشاندەری مرۆڤ بێ جگە لە ئەو.

پاشان پێشەوا ئیبن قەییم (رحمەالله) دەفەرموێت: با دۆستان خۆیان لەم ڕستانە نەبوێرن، چونکە سوێند بە خوا سنگ فراوان دەکات و کەسانی تووڕە هێور دەکاتەوە.

أُقَلِّبُ طَرفِي لا أرى مَن أُحِبُّه

و في الحَيِّ ممَّن لا أُحِبُّ كثيرُ[٢]

هەناسەی کەسانێکە ناخی پڕ غەم و پەژارە بێت. نیهاد و گوزارەی تەمەنە، گۆرانی و ئاوازی ژیانە.

ما في الخِيامِ أخو وَجدٍ يُطارِحُهُ

حَديثَ ليلى و لا صَبٌّ يُجارِيه[٣]

---

١): ئیبن ئەبی دونیا گێڕاویەتییەوە لە "الأخلاص و النیة"، ل (٥٤)، (٢٥) لە مەعقەلی کوڕی عوبەیدوڵڵای جەزەرییەوە (رحمەالله).

٢): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە دەرئەنجام و کاریگەری پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا دەکات و لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕەنگ دەداتەوە، کاتێکیش لەناو خەڵکدایە و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکات هێندە گرنگی نادات بە بەدەستهێنانی خۆشەویستی و ڕەزامەندی ئەوان و خۆشەویستی و ڕەزامەندی خوا (ﷻ) فەرامۆش بکات. تەنانەت لەبەر ڕەزامەندی خوای پەروەردگار زۆربەشیانی خۆش ناوێت.

٣): لێرەدا هۆنەر خەمی ناخی خۆی دەردەبڕێت و باسی قەرەبالغی و ئاپۆرەی خەڵك دەکات. ئاماژەش بەو هەستەی دەروونی خۆی دەکات و پێی وایە لەناو ئەو خەڵکەدا کەسێکی تێدا نییە وەك برایەکی خۆشەویست بێت بۆی و دڵی پێی شاد بێت، گفتوگۆی لەگەڵدا بکات و ئاوێك بڕێژێت بەسەر ناخی گرگرتوویدا و لە مەبەستی تێبگات.

دۆستانتان خۆش بوێت و ڕێزی نامۆیان و گۆڕغەرِیبان بگرن. هەر وەك وتراوە:

يا ثاوياً بين الجَوانحِ و الحَشا
مِنّي و إن بَعُدَت عَليَّ دِيارُه
عَطفاً على قلبٍ يُحِبُّكَ هائِم
إن لم تَصِله تَقَطَّت أعشارُه
وارحَم كَئيباً فيكَ يَقضِي نَحبَهُ
أسَفاً عليكَ وما انقَضَت أوطارُه
لا يَستفِقُ من الغَرامِ و كلَّما
نَحَّوكَ عنهُ تَهتَّكَت أستارُه[1]

هەموو غەمبارێك بەم جۆرە لە غەمەکانی کەم دەبێتەوە، هەندێك ئاسوودەیی دێت بە ناخی کۆست کەوتووەوە، دڵیان کەمێك ئۆقرە دەگرێت. کات بەسەرچووە و ناگەڕێتەوە، دڵ ئۆقرە ناگرێت تاکو لە شوێنی خۆی جێگیر نەکرێت. ئۆقرە ناگرێت

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە سۆز و خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و جێگیر دەکات لای مرۆڤ و پێی وایە ئەو خۆشەویستییە لەسەر دڵ و دەروون و جەستەش جێگیرە و ڕەنگدانەوەی هەیە. هەرچەندە دووریش بین لێیەوە و بە چاویش نەیبینین، لە ناخی دڵەوە خۆشەویستییەکی بێپایانی تێدایە و ئەگەر گەرموگوڕی ئەم خۆشەویستییە نەگاتە بەرامبەر و مەبەستی خۆی، لە ناڕەحەتیدا جەستەی مرۆڤ تێکدەشکێنێت. هەروەها هۆنەر وەك موناجاتێك لەگەڵ خوادا (ﷻ) دەدوێت و دەپارێتەوە و داوای سۆز و بەزەیی دەکات بۆ کەسێکی غەمبار، کە خۆیەتی و بە کوڵ دەگری و ڕەزامەندی و لێخۆشبوونی خوای مەبەستە. بە داخە بە پەیوەندی لەگەڵ خوادا (ﷻ)، کە هەموو پێداویستییەکانی بۆ دابین کردووە و خەمی دەرئەنجام و ڕۆژی دواییەتی. هەروەها باسی دونیا ویستی مرۆڤ دەکات و پێی وایە لە خەوی غەفڵەت و خۆشەویستی دونیا بەئاگا نایەنەوە، هەرچەندە مرۆڤ هەتاکو لە ڕێبازی خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دووربکەوێتەوە، نەێنی و سەربەرزی و شکۆمەندی پێشێل دەکرێت و پێگەی لە کۆمەڵگادا دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

تاکو لە جێگەی ڕاستەقینەی خۆی سەقامگیر نەبێت، ئەو جێگەیەی جگە لەوێ هیچ جێگەیەکی دیکەی نییە. هەر وەك وتراوە:

إذا ما وَضَعتَ القلبَ في غيرِ موضعِ

بغير إناءٍ فهو قَلبٌ مُضَيَّعُ[1]

لە ناوەڕۆکی ئەم دێڕە هۆنراوەدا واتایەکی زۆر جوان و پڕ شکۆی تێدایە. پێشتر لە نامیلکەیەکدا باسمکردووە.[2] خواش زاناترە.

---

١): لێرەدا هۆنەر ئاماژە بە جێگە و پێگەی ڕاستەقینەی دڵ دەکات و ڕای وایە ئەگەر دڵ لە کاری نابەجێ و شوێنی ناپەسەنددا دابنرێت، لە جێگەی تایبەتی خۆیدا دانەنرێت و سەرقاڵ نەکرێت بە کاری دروستەوە، فەرامۆش بکرێت و گرنگی بە ڕۆڵی بێوێنەی نەدرێت لە پێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا و سەرفرازی دونیا و دواڕۆژدا، بێگومان ئەو دڵە دڵێکی ونبوو و لەدەستچووە.

٢): شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە سەبارەت بە واتای ئەم دێڕە هۆنراوەیە فەرموویەتی: واتای ئەم ڕستانە –خوداش زاناترە– ئەوەیە دەڵێت: ئەگەر دڵت لە جێگای تایبەتی خۆیدا دانەنا، سەرقاڵ دەبێت بە کاری ناڕەوا و ناپەسەندەوە و هیچ بوارێکت نابێت کردار و گوفتاری ڕەوا و پەسەندی تیادا بەرجەستە بکەیت، هیچ بوارێکت نابێت ئەو یادی خوا و زانستەی مافی دڵە لە دڵدا جێگیر بکەیت، چونکە ئەگەر دڵت تیاچوو، لە دوو ڕووەوە تیاچووە، هەرچەندە بە ڕووکەش وەك یەك بن، بەڵام لە لایەکەوە تۆ لە جێگەی تایبەتی خۆیدا داتنەناوە، لە لایەکی دیکەشەوە هیچ بوارێکت بۆ خۆت نەهێشتووەتەوە ببێتە ئەو جێگەیەی پێویستە کردار و گوفتاری ڕەوا و پەسەندی تیادا بەرجەستە بکەیت. بۆنموونە، ئەگەر سەرۆکی وڵاتێك بەردەوام سەرقاڵی ڕابواردنی خۆی و گەندەڵی بێت، بڵێن : تۆ هەمیشە سەرقاڵی ژیانی خۆتی و وڵاتت فەرامۆش کردووە، کەسیش لە وڵاتدا نییە بەپێی پێویست کاروبارەکان بەڕێوە بەرێت و سەرۆکایەتی بکات. لەم کاتەدا ئەم سەرۆکە سەرۆکێکی لەدەستچوو و فەوتاوە، بەڵام لەم نموونەیەدا ئەو بوارەی پێویستە کردار و ڕەفتاری ڕەوا و پەسەندی تیادا بەرجەستە بکرێت، دڵیەتی، چونکە هەر کەسێك خۆی بەرپرسە لە دڵی خۆی و کەسی دیکە نوێنەرایەتی ناکات و ناتوانێت لێپرسراوێتی کردار و گوفتارەکانی لەئەستۆ بگرێت. ﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ﴾، [الانعام:١٦٤]. (مجموع الفتاوى): (٩/٣١٦-٣١٧).

ئەمە دواهەمین وتەیە پێشەوا ئیبن قەییم (رحمەالله) لەم بەشەدا باسی کردووە.

سوپاس و ستایش تەنها بۆ خوا (ﷻ). درود و سڵاویش بۆ سەر سەروەرمان (محمد) و هەموو خێزان و یار و یاوەرانی.

تەواو بوو.

پێڕست

بابەت **ناوەڕۆك**

پێشەکی ناوەندی چاپ و بڵاوکەرەوە ٥

پێشەکی ٩

ژیاننامەی پێشەوا ئیبن تەیمیە (رحمەاللّه)() ١١

بەشی یەکەم: سەبارەت بە واتای چاکە و خۆپارێزی (البرِّ و التَّقوی) ١٧

بەشی دووەم: سەبارەت بە واتای خۆپارێزی (التَّقوی)..... ٣١

بەشی سێیەم: سەبارەت بە کۆچ بۆ لای خوا و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ٣٥

بەشی چوارەم: هۆکاری بەهێزی و لاوازی کۆچ ٤٣

بەشی پێنجەم: کۆچ بۆ لای پێغەمبەر(ﷺ) ٤٧

بەشی شەشەم: حوکمی شوێنکەوتنی گومڕایان و سەرلێشێواوان ٩٥

بەشی هەشتەم: جۆری دووەمی شوێنکەوتووانی بەختەوەران ١١٣

بەشی نۆیەم: مەزنترین هاوکاری لەسەر چاکە و خۆپارێزی.... ١١٩

بەشی دەیەم: بنەما و سەرمایەی ئەم کارە ١٢٧

بەشی یازدەیەم: چۆنیەتی تێڕامان لە قورئان ١٣١

بەشی دوازدەیەم: ناموّیی ڕێبوواری ڕێی خوا (ﷺ) ١٤٩

بەشی سیازدەیەم: تویّشووی ڕێبواری ڕێی خوا (ﷺ) ١٥٩

پێڕست ١٦٧